# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

www.kurdistanmedia.com

ژمارە ٨٣٦ ▪ سێشەممە ١٥ی سەرماوەزی ١٤٠١ _ ٦ی دێسامبری ٢٠٢٢

دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا


## «تاران ببتە کوردستان، ئێران بۆتە گوڵستان»



یەکێک لەو دروشمانەی شەوانە لە پێتەختی ئێران بە بەردەوامی بەرز دەکرێتەوە، ئەوەیە: «تاران ببتە کوردستان، ئێران بۆتە گوڵستان». ئەمە بە ڕێکەوت نییە، چونکی لە ئێستادا هەموو ئێران چاوی لەسەر کوردستانە و هەر ئەوەش زراوی کۆماری ئیسلامیی بردووە.

نەریتی خەباتگێڕیی خەڵکی کوردستان، ڕەگداکوتانی کاری ڕێکخراوەیی و پتر لە چوار دەیە نافەرمانیی مەدەنی و پێداگری و مکوڕبوون لەسەر هەڵوێستە سیاسییەکان و «نا»گوتن بەو ڕێژیمە، «کوردستان»ی کردووە بە سەرچەشن بۆ خەباتێکی سەرانسەری. بۆیەشە کۆماری ئیسلامی بە خولقاندنی هەموو جینایەتێک دەیەوێ لەو سەرچەشنە عیبرەتێک بۆ ناوچەکانی دیکەی ئێران دروست بکات، هەوڵێکی نەزۆک کە بە درێژایی تەمەنی خۆی بۆ بەلاڕێدابردنی پرسی کورد لە ئێران داویەتی.

## کوردستان دوای ٨٠ ڕۆژ ڕاپەڕین و خوێندان:

# سەرمان بەرز و قەڵای هیوامان هەر بەپێوەیە




## زستانێکی تووش لە بەردەم کۆماری ئیسلامیدا


**عەلی بداغی**

بەدوای دەسپێکی شەڕی ڕووسیە دژی ئۆکراین لە ساڵی ڕابردوودا بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بە گەورەکردنەوەی کێشەی ڕۆژئاوا لەمەڕ دابینکردنی وزە و سووتەمەنیی هاوردە لە ڕووسیەوە؛ پێشبینیی زستانێکی ئەوپەڕی ساردیان بۆ ئورووپا دەکرد، زستانێکی سارد کە ئورووپا بەچۆک دادێنی و بەوە بەرەی ڕووسیە-ئێران لە هاوکێشە ناوچەیی و جیهانییەکاندا بەهێز دەبێت و گرەوەکە دەباتەوە. بەڵام «شۆڕشی ژینا» هەر لە هاوینەوە ئەو تووش و بەستەڵەکەی تووشی کۆماری ئیسلامیی ئێران کردوە.

نیزیک بە سێ مانگ دوای دەسپێکی شۆڕشی ژینا ڕەنگبێ باشترین بەڵگە بۆ دەسکەوتەکانی ئەو شۆڕشە، نهێنییە درکاوەکان لە دانیشتنی ناوەندە نیزامی و ئەمنیەتییەکان، بەتایبەت بۆڵتەنی تایبەتی بۆ فەرماندەی سپای پاسداران بێت کە لەودا بەئاشکرا ددان بەوە دانراوە ئەگەرچی ڕێژیم پتر لە نارەزایەتییەکانی خەزەڵوەری ٩٨ خەڵکی کوشتووە، بەڵام ئەو کوشتارە پاشەکشەی بە ڕاپەڕین و نارەزایەتییەکان نەکردووە. ئەوە کە ڕێکخراوی بەسیج هلۆڵ بووە و توانای ڕێکخستنی لایەنگرانی ڕێژیمی

....... ٢

## دەسبەسەرکردنی لانیکەم ١٣٠ منداڵ لە کوردستان




لە ماوەی نزیک بە ٨٠ ڕۆژی ڕابردوودا لە شارەکانی کوردستان زیاتر لە ٣٠٠ قوتابی لەلایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە دەسبەسەرکراون کە تا ئێستا بە ناو و ناسناوی ١٣٠ کەس لەوان زانـدراوە. لەو ١٣٠ کەسەی شوناسیان ئاشکرا کراوە، ٢٧ کەسیان کچ و ١٠٣ کەسیشیان کوڕ بوون.

بەپێی ئامار و زانیارییەکانی «هەنگاو» زیاترین کەس لەو منداڵانە لە شاری سنە گیراون کە ژمارەیان ١٧ کەس بووە و، زۆرترین منداڵە دەسبەسەرکراوەکانی دیکە لە شارەکانی جوانڕۆ (١٥ کەس) و سەقز (١٤ کەس) بوون. لە زۆربەی حاڵەتەکانیشدا جیا لە هەڕەشە، ئەشکەنجەش کراون و هیچ کام لە مافە یاساییەکانی منداڵانیان بۆ لەبەرچاو نەگیراوە.

## کۆنگرەی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست:

### دەبێ ڕێوشوێنی کاریگەرتری نێونەتەوەیی دژی ئێران بگرینە بەر

لە ڕۆژی سێهەم و کۆتایی بیست و شەشەمین کۆنگرەی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیستدا کە لە مادرید، پێتەختی وڵاتی ئیسپانیادا بەڕێوە چوو، بڕیارنامەیەک لەپێوەندی لەگەڵ بارودۆخی ئێراندا پەسند کرا. لە ڕەوتی پەسندکرانی ئەو بڕیارنامەیەدا کە ئەمڕۆ یەکشەممە، ٦ی سەرماوەز (٢٧ی نۆڤامبر) تاوتوێ کرا، سەرەتا مەولوود سوارە، ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بەرپرسی کاروباری حیزب لە ڕێکخراوی ئەنترناسیۆنال سۆسیالیستدا شیکارییەکی دۆخی کورد لە ئێران و ڕاپەڕینی سەرانسەریی ئێستای لەو وڵاتە کرد و دواتر بڕیارنامەکە بە تێکڕای دەنگی بەشدارانی کۆنگرە پەسند کرا.

دەقی بەیاننامەکە لە لاپەڕەی ٣ دا بخوێننەوە.

## کوژرانی ١١٣ کەس لە ڕاپەڕینی کوردستان

لە ماوەی ٨٠ ڕۆژ نارەزایەتییەکان کە لەلایەن ڕێژیمەوە بەتوندی سەرکوت کراون، دەیان کەس بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی ڕێژیم کوژراون کە تا ئێستا بە ناو و شوناسی ١١٣ کەس لەوان زاندراوە.

بەپێی زانیارییەکانی «کوردپا» لەو ١١٣ کەسە لانیکەم ١١ کەسیان تەمەنیان خوار ١٨ ساڵە و ٥ کەو لەوان ژنن. هەر لە ئاکامی دەستڕێژی هێزەکانی ڕێژیمدا زیاتر لە ٣٠٠٠ کەس بە ساچمە و فیشەک بریندار بوون کە ناوی زیاتر لە ٦٠٠ کەس لەوان ئاشکرا بووە کە بەهۆی سەختیی برینەکانیان ناچار بە سەردانکردنی نەخۆشخانەکان بوون.

بەپێی ئامارەکان لەو زیاتر لە ٥ هەزار کەسەش کە لە کوردستان دەسبەسەر کراون، ناوی زیاتر لە ١٠٠٠ کەس لەوان ئاشکرا کراوە کە دەیان کەس لەوان ژنن.



مستەفا هیجری:

# جووڵانەوە بۆ گۆڕینی ڕێژیم لە ئێران دەبێ پابەند بێ بە ئازادی، یەکسانیی ڕەگەزی، سێکۆلاریزم و دێموکراسی




## (دەقی قسەکانی مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکرات لە بیست و شەشەمین کۆنگرەی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیستدا)

**بەڕێزان!**

ئێمە بە چەند هۆ شاهیدی سەرهەڵدانێکی بێوێنە لە ئێرانین.

یەکەم، خۆپیشاندانی ئاشتیخوازانە لە پتر لە ٣١ پارێزگای وڵات بەڕێوە چوون. لە کاتێکدا کە بە میلیۆنان خەڵک بەشداری خۆپیشاندانەکانی ٢٠٠٩ (١٣٨٨ی هەتاوی) بوون، بەڵام ئەوان بە شارە گەورەکانەوە بەسترابوونەوە. ڕێبەرانی جووڵانەوەی سەوز وەفادار بە ڕێژیم بوون و داوای ئاڵوگۆڕی بنەڕەتییان نەدەکرد، چ بگات بە گۆڕینی ڕێژیم. لەبەر ئەو هۆیە، جووڵانەوەی سەوز مەحکوم بە شکست بوو، و قەت نەبوو بە جووڵانەوەی زۆرینەی خەڵک لە ئێران.

دووهەم، و گرینگتر، خۆپیشاندەران ئێستا داوای گۆڕینی ڕێژیم دەکەن. بۆیە سەرهەڵدانی ئەو دواییانە جیاواز و جێگای دڵخۆشییە. سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگە، بەبێ لەبەرچاو گرتنی ئەتنیک، ئایین، تەمەن و زایەند، چالاکانە بەشداری سەرهەڵدانەکەن. ژنان، لاوان و کەمینە نەتەوەییەکانیش پێشڕەوی سەرهەڵدانەکە بوون.

سێهەم، ڕزگاریی ژنان، ژیانی شکۆمەندانە و ئازادی لە جیات هەر دوورەدیدێکی ئایدیۆلۆژیکی نەریتیی ئێرانییەکانی لە هەوڵ بۆ گۆڕینی ڕێژیم یەک خستووە. ئەو سەرهەڵدانە پێشکەوتنخوازانەیە و ئامانجەکانی لە بایەخەکانی دێموکراسییەکانی ڕۆژاوایی و جاڕنامەی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکاندایە.

چوارەم، یەکگرتوویییەکی سەرەتایی لەنێو کەمینە ئەتنیکییەکانی ئێران سەری هەڵداوە، سەرەڕای سیاسەتی دەیان ساڵەی ڕێژیمی ئیسلامی بۆ نانەوەی دوژمنایەتی لەنێوان فارس، کورد، عەرەب، تورک و بەلووچاندا. بە تایبەتی، ئێمە شاهیدی دەربڕینی هاوپشتی دەگەڵ گەلی کورد و خەباتەکەی بۆ ئازادی لە ناوچە ناوەندییەکانی وڵاتین.

پێویست بە وەبیر هێنانەوەیە، کە ئەو سەرهەڵدانە لە کوردستانی ئێران، دوای کوژرانی کچەکورد، ژینا (مەهسا) ئەمینی دەستی پێ کرد. مەرگی کارەساتباری ژینا بەجوانی یەکتربڕینی نێوان سەرکوتی ژنان و کەمینە نەتەوەکانی ئێرانی ئاشکرا کرد.

حیزبی ئێمە و حیزبە سیاسییە کوردییەکانی دیکە دەوری سەرکییان لە ڕێکخستنی خۆپیشاندانەکان لە شارەکانی کوردستاندا گێڕا، کە دواتر بۆ ناوچەکانی دیکەی ئێران پەرەیان ئەستاند.

**بەڕێزان!**

ئەو سەرهەڵدانە وێدەچێ دەستپێکی شۆڕشێکی دیکە، لە شێوەی شۆڕشی ١٩٧٩ (١٣٥٧ی هەتاوی) بێت.

ئێمە، حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران، ماوەیەکی دوورودرێژە چاوەڕوانی ڕووخانی کۆماری ئیسلامیمان کردووە. ئێستا ئێمە زۆرتر لە پێشوو دڵنیاین کە ڕێژیمی ئیسلامی بە شێوەیەک لە شێوەکان تێک دەڕووخێت. بەکورتی، من دەمهەوێ سەرنجی ئێوە بۆ ئەو فاکتەرانەی خوارەوە ڕاکێشم تا شیی بکەمەوە بۆچی خەڵکی ئێران داوای گۆڕانی ڕێژیم دەکەن:

یەکەم، ڕێژیمی ئیسلامی لەگەڵ تێپەڕینی کات بۆتە هەڵاواردنکار و سەرکوتکار. تەنانەت وەفادارانی ڕێژیم پەراوێز دەخرێن. لە نێوەڕاستەکانی نەوەدەکانی زایینییەوە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ئێران لە هەڵبژاردنە ساختەکانی ڕێژیمدا بەشدار دەبوون و بە هیوای ئاڵوگۆڕ لەنێو ڕێژیمدا دەنگیان بە بەناو ڕیفۆرمخوازەکان دەدا. بەڵام، بەناو ڕیفۆرمخوازەکان وەفادارانی ڕێژیم بوون کە لەجیاتی ئاڵوگۆڕ لە کۆماری ئیسلامی خوازیاری پاراستنی ڕێژیم بوون. ئێمە لە نەوەدەکانی زایینییەوە لەو بارەوە هۆشداریمان داوە. وردە وردە، خەڵک لەناوخۆی ئێران تێگەیشتن کە ئەو ڕێژیمە بۆ چاکسازیی نابێ.

دووهەم، سیاسەتی تێکدەرانەی ناوخۆیی و دەرەوەی ڕێژیم بووە هۆی قووڵتر بوونەوەی قەیرانە سیاسی، ئابووری و ژینگەییەکان کە وڵات بەرەوڕوویان بۆوە. لە کاتێکدا کە هەژاریی و بێکاری پەرەی ئەستاندووە، گەندەڵی بۆتە پەتایەک لە کۆماری ئیسلامیدا، پشتیوانیی دارایی ڕێژیم لە میلیشیا جۆراجۆرەکان و تاقمە تێرۆریستییەکانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، لە نێویاندا ڕێژیمی مرۆڤکوژی بەشار ئەسەد، بۆتە هۆی ناڕەزایەتیی جەماوەری. هاوکات بەرنامەکانی ناوکی و هاژەکیی ڕێژیم و هەروەها پشتیوانیی لە تێرۆریزم بوونە هۆی گەمارۆی ناونەتەوەیی.

سێهەم، لەگەڵ وشیار بوونەوەی خەڵکی ئێران لەو ڕاستییە کە کۆماری ئیسلامی نەتەنیا خۆشبژیویی و ئاسایشی ئەوان پاشگوێ دەخات، بەڵکو بەکردەوە بۆتە هەڕەشە بۆ سەر خۆشبژیویی و ئاسایشیان، ئەوان لە هێنانە گۆڕی داواکارییەکانیاندا لیبراوانەتر بوون و بێتاقەتیی ئەوان لەمەڕ دۆخی هەنووکەیی پەرەی ئەستاند. ئەگەرچی ڕێژیم وەبەرهێنانی بەرچاوی لە مێشکشۆردنەوەی جیلەکانی دوای شۆڕش بە بۆچوونەکانی ئیسلامیی کردووە، ئەوان بە کردەوە بوونە دژی ئیسلامی. ژنان و کەمینە نەتەوەییەکان لە ئێران بە شێوەی سیستماتیک سەرکوت دەکرێن. ڕاشکاوانە بدوێم، جیلی لاو لە ڕێژیم وەڕەز بووە و دەیهەوێ ژیانی خۆی بۆ گەیشتن بە ئازادیی لەمەترسی هاوێ. بەکورتی، لە هەر ڕوانگەیەکەوە، ڕێژیمی ئیسلامی شکستی خواردووە و ئاسەواری ئەو سیاسەتە وێرانکەرانە لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی ئێراندا هەستی پێ دەکرێت. لەبەر ئەو هۆیە، ئێمە نابێ لە داوای خەڵکی ئێران بۆ گۆڕینی ڕێژیم سەرمان سوڕ بمێنێ.

ئێمە هیواداریـن تێکڕمانی ڕێژیـم هێمنانە بێ. ئێمە کەتوارگەراین و پێمانوایە ئەو ڕێژیمە تا کۆتایی کەڵک لە توندوتیژی وەر دەگرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە بەشێک لە ئەندامانی هێزە چەکدارەکان سەرپێچی لە بەکارهێنانی هێزی کوشندە دژی خۆپیشاندەرانی ئاشتیخواز دەکەن. ئێمە هیواداریـن هێزە چەکدارەکان لە کۆتاییدا واز لە ڕێژیمی ئیسلامی بێنن و تێکەڵی خەڵک بن.

بۆ پێشگرتن بە دووپات بوونەوەی هەڵەکانی پێشوو، ئێمە لەسەر ئەو بڕوایەین کە سەرهەڵدانی جووڵانەوە بۆ گۆڕینی ڕێژیم لە ئێران دەبێ پابەند بێ بە ئازادیی، یەکسانیی ڕەگەزی، سێکولاریزم و دێموکڕاسی. بێ ئەرکداریی بەرانبەر بە دێموکڕاسی و دامەزراندنی ئۆپۆزیسیۆنێکی گشتگیر، بە داخەوە مێژووی سیاسی ئێران فێرمان دەکات کە مەترسی بە بارمتەگیرانی شۆڕش بۆ ئازادی دەتوانێ لە لایەن هێزە دژە دێموکڕاتیکەکان بە بارمتە بگیرێت. ئەوە شتێک بوو کە لە ١٩٧٩(١٣٥٧ی هەتاوی)، کاتێک ئیسلامییەکان دیکتاتۆریی ئیسلامییان بە سەر ئێراندا سەپاند، قەوما.

ئەوە لە پێش هەموو شتێکدا ئەرکی ئێمە ئێرانییەکانە کە دڵنیا بین شۆڕشی داهاتوو پارێزەری ئازادی و دێموکڕاسی بێ. لەگەڵ ئەوەشدا، ئێمە پێویستیمان بە پشتگیریی سیاسیی دێموکراسییە ڕۆژاواییەکانە بۆ گەیشتن بەو ئامانجە پێشکەوتنخوازانە.

**بەڕێزان!**

ڕێگام بدەن، وەک ڕێبەری حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران، بە ئاگاداریی ئێوە بگەیەنم کە حیزبی ئێمە لە ١٩٤٥ (١٣٢٤ی هەتاوی) بەو لاوە بۆ دێموکراسی لە ئێران و خۆبەڕێوەبەریی گەلی کورد خەباتی کردووە. ئێمە، بە پێچەوانەی تەبلیغاتی کۆماری ئیسلامی، بە تەمای دابەش کردنی ئێران نین.

دیدی دووری ئێمە بۆ داهاتووی ئێران دێموکڕاسییەکی سێکولار، دێموکڕاتیک و فێدڕاڵە کە لەویدا سەروەریی یاسا جێبەجێ دەکرێت و کەمینە نەتەوەییەکانی ئێران، کە بە یەکەوە نیوەی حەشیمەت پێک دێنن، لە ناوچەکانی خۆیاندا خۆیان بەڕێوە دەبەن. لە ڕوانگەی سیاسەتی دەرەوە، ئێمە لەسەر ئەو بڕوایەین کە ئێران دەبێ لەگەڵ دراوسێکانی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە ئاشتی بژی و پەیوەندیی بنیاتنەری دەگەڵ دێموکڕاسییەکانی سەانسەری دنیا هەبێ، بە تایبەتی دێموکڕاسییەکانی ڕۆژاوایی. بۆ وەدیهاتنی دیدێکی دووری ئەوتۆ، پێویستە ئێران دەگەڵ خۆی بە ئاشتی بژی. بێ ئازادی، سێکۆلاریزم، دێموکڕاسی و سیستەمێکی فێدڕاڵ کە ڕەنگدانەوەی فرەڕەنگیی ئێران بێ، گەیشتن بە ئاشتی لە نێوخۆ و لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست مومکین نییە، چ بگا بە پەیوەندیی بونیاتنەرانە دەگەڵ دنیای ڕۆژاوا.

ئێمە داوا لە وڵاتە دێموکڕاتیکەکان دەکەین تا هەنگاوی بە کردەوە بۆ پشتیوانیی لە سەرهەڵدانی خەڵکی ئێران هەڵگرن. ئەوان دەبێ ئۆپۆزیسیۆن لێک نزیک بکەنەوە. ئەوان دەبێ دەست بە دیالۆگ لەگەڵ هێزە دێموکڕاتیکە کوردییەکان بکەن و یارمەتییان بدەن.

وڵاتانی دێموکڕاتیک دەبێ دەستبەجێ هەنگاوی پێویست بۆ جێبەجێ کردنی دەستڕاگەیشتنی جێگای متمانەی خەڵکی ئێران بە ئینتەرنێت هەڵێنن. گەمارۆی ئامانجدار دژی ڕێژیم دەبێ بەردەوام بن و پەرەیان پێ بدرێ.

ڕێککەوتنی ناوکی کە خەریکە دەگەڵ کۆماری ئیسلامی وتوویژی لەسەر دەکرێ تەنیا بە قازانجی ڕێژیمی ئیسلامییە، هەر وەک چۆن دیتمان کاتێک زلهێزە ڕۆژاواییەکان لە ٢٠١٥ (١٣٩٤) دەگەڵ ئێران گەیشتنە ڕێککەوتن، سوودە ئابوورییەکانی ڕێککەوتنی ناوکی پێشوو بۆ گەشە پێدانی بەرنامە سەربازییەکان کەڵکی لێ وەر گیرا، وەک بەرنامەی هاژەکی و بەهێزتر کردنی سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی و لایەنەکانی دیکە کە خەڵکی ئێران سەرکوت دەکەن، هەروەها بۆ پشتیوانی دارایی لە تاقمە تێرۆریستییەکانی دیکە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست.

لەبەر ئەو هۆیە ئێمە داوای ئاڵوگۆڕ لە سیاسەتی ڕۆژاوا بەرانبەر بە ئێران دەکەین. لە جیاتی پێشتریەتیدان بە پرسی ناوکی، دێموکڕاسییەکانی ڕۆژاوا دەبێ پشتیوانی لە خەباتی خەڵکی ئێران بۆ ئازادی و دێموکڕاسی بکەن. ئەوە تەنیا بە گۆڕانی ڕێژیمە کە ڕێگاچارەیەکی ئاشتییانە و بەردەوام بۆ پرسی ناوکی دابین دەبێ. ئێران تەنیا ئەو کاتە کۆتایی بە ناسەقامگیر کردنی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دێنێ کە خاوەنی دێموکڕاسی بێ.

**بەڕێزان!**

پشتیوانی لە دێموکڕاسی لە ئێران نەتەنیا لە ڕوانگەی ئەخلاقییەوە ڕەوایە؛ بەڵکو سیاسەتێکی وشیارانەشە!

سوپاس بۆ سەرنجدانتان.

---

... درێژەی لاپەڕی ١

# زستانێکی تووش لە بەردەم کۆماری ئیسلامیدا

نەماوە و، ئەوەش کە بەپێی لێکدانەوەی دەزگا هەواڵگرییەکانی ڕۆژئاوا و ڕووسیەش وڵات لە دۆخی ڕاپەڕیندایە.

چەند ئامار و زانیارییەکی دیکەی ئەو بۆڵتەنە نێوخۆییە بۆ ئاکامگیری لەو باسە گرینگن: لەگەڵ ئەوەدا کە مێدیای ڕەسمی ئەژماری خەڵکی ناڕازیی سەرشەقامی بە کەمتر لە ٤٠ هەزار کەس دادەنا، بەڵام لەو بۆڵتەنەدا گوتراوە حەشیمەتی ناڕازیی سەرشەقام پتر لە ٦٠٠ هەزار کەسن، ناڕەزایەتییەکان ٢٢ پارێزگای وڵاتیان گرتۆتەوە و جیا لە مانگرتنی بەردەوام لە بەشێکی زۆر لە کوردستان زیاتر لە هەزار کۆبوونەوەی مانگرتن و ناڕەزایەتی لە زانکۆکان بەڕێوە چوون. ئەوە کە ناڕەزایەتییەکان سەرانسەرین و تەنانەت بەشێکی زۆری دەسبەسەرکراوان لە بنەماڵەی کوژراوەکانی شەڕی ٨ ساڵەی ئێران و عێراق و لە کارمەند و مووچەخۆرانی دەوڵەتن، و ئەوەش کە سەتا ٨٤ی خەڵک ناڕەزایەتیی سەرشەقام بە چارەسەری کێشە و قەیرانەکانی کۆمەڵگە دەزانن و سەتا ٧٠ی خەڵکی ئێران هیچ مەیلێکیان بۆ پشتیوانی لە ڕێژیم نییە، واتە شەرعییەت و ڕەواییەتی کۆماری ئیسلامی بە یەکجاری هەرەسی هێناوە. گرینگتر لە هەموو ئەوانەش ئەوە کە ترسی خەڵک لە هێزە چەکدارەکان و ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم شکاوە.


عەلی بداغی

بابەتی گرینگی دیکە لەو بۆڵتەنەدا دانان بە ئاستی تەمەنیی بەشدارانە کە گوتراوە لەو ٣٠ هەزار کەسەی هەتا سەرەتای مانگی سەرماوەز بە تاوانی بەشداری لە خۆپێشاندانەکاندا گیراون ٢٥٠٠ کەسیان قوتابین و پتر لە سەتا ٤٠یان خوار تەمەن ٢٠ ساڵن، هەروەها سەتا ٩٣ی دەسبەسەرکراوەکان هیچ پێشینەیەکی گرتن و تاوانکارییان نەبووە. ئەمەش دوو دەرهاویشتەی هەیە: یەکەم مایەپووچبوونی ڕێژیم لە پەروەردەکردنی نەوەیەکی لایەنگری نیزام سەرەڕای تەرخانکردنی هەموو ئیمکاناتێکی ماددی و مێدیایی بە درێژایی چوار دەیەی ڕابردوو. دووهەم، وەدرۆکەوتنەوەی دەزگای پڕوپاگەندەی ڕێژیم کە گوایا دەسبەسەرکراوان هەموو بەکرێگیراوی بیانییەکان و کەسانی لاپرەسەن و لاتولووتەکانی کۆمەڵگە بوون! بۆیە وەک بۆخۆیان دانی پێدا دەنێن ڕاپەڕین هەموو کەلێن و قوژبنی وڵاتی تەنیوە و ئەوە هێزەکانی ڕێژیم کەوتوونەتە تەنگانەوە، بۆیەشە خامنەیی لەلایەک بە چەندقاتکردنی مز و مووچەیان و لەلایەکی دییشەوە بە هەڕەشە و ترساندن بۆ خۆڕاگری لەهەمبەر شۆڕشی خەڵک هانیان دەدات.

ڕاپەڕینی "ژن، ژیان، ئازادی" هەتا ئێستا توانیویەتی کۆمەڵگەی ئێران لە ئاستی سەرانسەریدا بۆ خەباتێکی بەردەوام لەدژی دەسەڵات ڕێک بخات، ترسی لاوان و ژنان لە بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ هێزە ئەمنیەتییەکاندا نەهێڵی و لەپێناو ئامانجێکی هاوبەشی چارەنووسسازدا هاوپێوەندیی نێوان چین و توێژ و نەتەوە بەرهەڵستکارەکانی ڕێژیم لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات بەرینتر و بێوێنە بکات؛ بە جۆرێک کە هیچ کام لە سیاسەت و بەرنامە کردەیی و سەرکوتکارییەکانی ڕێژیم نەیتوانیوە درز بخاتە نێوان ئەو یەکڕیزی و هاوپێوەندییە. هەروەها ڕوون و ئاشکراشە پێچەوانەی ئەوەی ئیدیعا دەکەن کە هەتا ئێستا هەوڵیان داوە بە نەرمینواندن کۆتایی بە ناڕەزایەتییەکان بێنن، ئەو قسانە نیشانەی دەستەوەستانی و بێتواناییانە، ئەگینا هەموو هەوڵی هێزە سەربازی و ئەمنییەتییەکان زووتر بنەبڕکردنی ڕاپەڕینەکەیە، بۆیە تەنانەت تاقم و هێزە بیانییەکانی سەر بە "بەرەی مقاومەت"یشیان بە خرێی لە سەرکوتی خەڵکدا بەشدار کردووە، یا ئەو ڕادەیەش کە ڕێگەیان پێ بدەن بۆ قەڵتوبڕی خەڵکی بێدیفاعی کوردستان کە بە دەستی بەتاڵ لەسەر شەقامەکانن، چەکی نیوەقورسی دۆشکا بەکار بێنن.

لافاوی ڕاماڵینی کۆماری ئیسلامی وەڕێ کەوتووە. کورد و نەتەوە بێمافەکانی دیکەی وەک بەلووچ کە لەمێژساڵە بانگی ئازادیخوازییان لە پێچەڵپێچەکانی دەزگای چەواشەی ڕێژیمدا بە جیاییخوازی لێک دەدرایەوە و دەرخواردی بیروڕای گشتی دەدرا، ئێستا نەک دەنگیان وەک خۆی دەبیسترێ، بەڵکوو بوونەتە پێشەنگ و ئیلهامدەر و هاودەنگی و هاوپشتیی هەموو جۆراوجۆرییەکانی ئێرانیان ڕەگەڵ خۆیان خستووە. ناڕەزایەتییەکانی سەرشەقام و هاواری خوێندکاران و مانگرتنی بازاڕ، ئاوێتەی مانگرتنی کرێکاران، سەنعەتکاران، بارهەڵگران و زۆربەی جومگە ئابوورییەکان بووە و هەر لەو سۆنگەیەوە لە ئێستاوە بۆرسەی وڵات دارماوە.

سەرهەڵدانی ئەمجارەی ئێران بارودۆخی وڵاتی بە شێوەی بنەڕەتی گۆڕیوە و گەیوەتە خاڵی بێگەڕانەوە. ئەم ڕاپەڕینە هەم کەڵەکەبووی ناڕەزایەتییەکانی چوار دەیەی ڕابردوو، و هەم لێکگرێدانی ناڕەزایەتییەکان بۆ مافی نەتەوایەتی، ئازادیی سیاسی، یەکسانیی ڕەگەزی، باشبوونی دۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتییە کە ڕیزی پیاوان و ژنان، قوتابییان و مامۆستایان، کرێکاران و وەرزێڕان، هونەرمەندان و وەرزشکارانی خەباتکاری یەک خستووە و کردوونی بە ئۆپۆزیسیۆنێکی یەکگر لەدژی کۆماری ئیسلامی.

کۆماری ئیسلامی لە کوێرەکۆڵانی ئێستای دۆخەکەیدا چەقیوە. ناڕەزایەتییەکان نەک بە ڕێزکردنی هەموو ناوەندەکانی سەرکوت و بە زەبری چەک و زەبروزەنگ و سەپاندنی سزای ئێعدام بەسەر دەسبەسەرکراوەکاندا دانەمرکاون، بەڵکوو قەیرانە ئابوورییەکان لە مانگەکانی داهاتوودا هێندەی دیکە بڵێسەدارتری دەکەن. ڕێژیمیش کە نەک دەرفەتی هیچ پاشەکشە و چاکسازییەکی بۆخۆی نەهێشتۆتەوە، بەڵکوو هەر لە جێدا زەرفییەتی بادانەوە و لاکردنەوە لە خواستەکانی خەڵکی نییە، چونکی خۆیشی دەزانێت کە ئەو دۆمینۆیە یەکسەر بەرەو هەڵدێری نەمانی نەبات. لە ئاستی نێونەتەوەییشدا گوازرانەوەی پرسی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە بابەتێکی مێدیایی ڕا بۆ "پێکهێنانی لیژنەی دەرخستنی زانیارییەکان" وەک بەرگژەیەکی نێودەوڵەتی بۆ کۆماری ئیسلامی لە تەنیشت وەلانرانی "بەرجام" و قەیرانی هاوبەشیی ڕێژیم لە شەڕی ئۆکراینیدا دۆخەکەی بۆ تەواوەتیی کۆماری ئیسلامی تەواو شپرز کردووە.

زستانێکی سارد و تووش چاوەڕوانیی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەکات.

# کۆنگرەی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست:

## پشتیوانی لە هەنگاوەکان و داواکان بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێنی کاریگەرتری نێونەتەوەیی دژی ئێران دەکەین

**ئاماژە: لە ڕۆژی سێهەم و کۆتایی بیست و شەشەمین کۆنگرەی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیستدا کە لە مادرید، پێتەختی وڵاتی ئیسپانیادا بەڕێوە چوو، بڕیارنامەیەک لەپێوەندی لەگەڵ بارودۆخی ئێراندا پەسند کرا. لە ڕەوتی پەسندکرانی ئەو بڕیارنامەیەدا کە ئەمڕۆ یەکشەممە، ٦ی سەرماوەز (٢٧ی نۆڤامبر) تاوتوێ کرا، سەرەتا مەولوود سوارە، ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بەرپرسی کاروباری حیزب لە ڕێکخراوی ئەنترناسیۆنال سۆسیالیستدا شیکارییەکی دۆخی کورد لە ئێران و ڕاپەڕینی سەرانسەریی ئێستای لەو وڵاتە کرد و دواتر بڕیارنامەکە بە تێکڕای دەنگی بەشدارانی کۆنگرە پەسند کرا.**




### بڕیارنامە لەسەر بارودۆخی کوردی ئێران

**کۆنگرەی بیست و شەشەمی ئینترناسیۆنال سۆسیالیست**
**مادرید، ئیسپانیا، ٢٥-٢٦-٢٧ی نۆڤەمبەر، ٢٠٢٢**

ئینترناسیۆنال سۆسیالیست توندوتیژیی دەوڵەتی ئێران مەحکووم دەکات و هاوپشتیی خۆی لەگەڵ خۆپیشاندەران دەردەبڕێ

پتر لە دوو مانگە خۆپیشاندانی جەماوەری لە ئێران بەڕێوە دەچن. جووڵانەوەکە بە کوژرانی کیژێکی لاوی کورد، ژینا (مەهسا) ئەمینی، بە هۆی لێدانی گەشتی ئیرشاد لە تاران، دەستی پێ کرد. خۆپیشاندانەکان بە سەرانسەری وڵاتدا بڵاو بوونەوە و زۆربەی لایەنەکانی کۆمەڵگەی ئێرانی، لەنێوخۆ و دەرەوە، لە ڕاپسکانێکی بێوێنەی هاوپشتیدا، تێکەڵاوی جووڵانەوەکە بوون.

ڕێژیمی ئێران لەجیاتی بەڕێوەبردنی لێکۆڵینەوەی شیاو و لێپێچینەوە لە بکوژانی ژینا ئەمینی، پەنای بۆ سەرکوتی خۆپیشاندەران بردووە. بەو هۆیەوەش سەدان خۆپیشاندەر لەلایەن هێزە ئەمنیەتییەکانەوە کوژراون و هەزاران کەسی دیکەش بریندار یان دەستبەسەر کراون. سەرکوت لە ناوچەکانی جێی نیشتەجێبوونی نەتەوە و کەمینەکان، وەک کوردستان و بەلووچستان، تەنانەت توندتریش بووە. بێجگە لەوە، بۆ بەلاڕێدابردنی سەرنجی ڕای گشتی لە ڕووداوەکانی نێوخۆی ئێران و تێکدانی یەکیەتیی نێوان ئێرانییەکان، کۆماری ئیسلامی دەستی داوەتە کەمپەینێکی بۆمبارانی بنکەکانی حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران لە هەرێمی کوردستانی عێراق. لەبەر ئەوە کە ئەو هێرشانە کەمپی پەنابەرانی سیاسیی کوردی ئێران و قوتابخانەکانیانی کردوونە ئامانج، لە نێو کوژراو و بریندارەکاندا ڕێژەیەکی زۆر ژن و منداڵ دەبیندرێن. لەگەڵ ئەوەشدا، حیزبە کوردییەکانی ئێران، ئەگەرچی پشتگیری لە خۆپیشاندانی هێمنانەی جەماوەر دەکەن، لەو ماوەیەدا بیریان لە هیچ چالاکییەکی سەربازی دژی کۆماری ئیسلامی نەکردۆتەوە.

لە کاتێکدا هۆی دەستپێکی جووڵانەوەکە دربڕینی ناڕەزایەتی دژی سنووردارییەکانی سەپێندراو لەلایەن ڕێژیمەوە بەسەر ژنانەوە بووە و ژنان هێشتا پێشڕەوی جووڵانەوەی ناڕەزایەتین، داواکارییەکانی خۆپیشاندەران گەلێک گشتگیرتر و ڕادیکاڵترن. ئەوان بۆ مافەکانی مرۆڤی خۆیان و ئازادییە بنەڕەتییەکان خەبات دەکەن. لە ڕووبەڕووبوونەوە دەگەڵ حاشا و سەرکوتی ڕێژیم، ئێرانییەکان داوای گۆڕانی ڕێژیم و هاتنەسەرکاری ڕێژیمێکی دێموکڕاتیک دەکەن، کە نوێنەری هەمووان بێ و ڕێز لە مافە ڕەواکانی هەموو خەڵکەکە بگرێ.

لە ماوەی دوو مانگی ڕابردوودا، بوێریی ئێرانییەکان و خۆڕاگرییان لە خەباتی یەککگرتووانە بۆ ئازادی و دێموکڕاسیدا بۆتە هۆی پەرەگرتنی ستایش و هاوپشتیی نێونەتەوەیی بێوێنە، کە بۆتە هۆی هێندێک هەنگاوی کردەیی بە مەبەستی زەخت خستنەسەر ڕێژیمی ئێران و پشتیوانی لە خەباتی ڕەوای ئێرانییەکان.

ئینترناسیۆنال سوسیالیست پشتیوانی لە هەنگاوەکان و داواکان بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێنی کاریگەرتری نێونەتەوەیی دەکات.

بە دووپاتکردنەوەی هەڵوێستمان لە لێدوانی پێشوودا، ئینترناسیۆنال سۆسیالیست کردەوە توندوتیژانەکانی بەڕێوەچوو لەلایەن هێزەکانی ئێران، لە نێویاندا دژی کوردانی ئێران مەحکووم دەکات و، هاوپشتیی خۆی لەگەڵ خۆپیشاندەرە ئاشتیخوازەکان کە خەبات بۆ ئازادی و دێموکراسی دەکەن ڕادەگەیەنێت. بە تایبەتی، ئینترناسیۆنال سۆسیالیست پشتیوانی تەواوی خۆی لە دوو حیزبی سەرەکیی کوردی ئێران کە ئەندامی بنەماڵەی ئینترناسیۆنال سۆسیالیستن، واتە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات لە خەباتی بەرپرسیارانەیاندا بۆ گەیشتن بە مافە ڕەواکانی گەلی کورد لە ئێران و هێنانە کایەی چوارچێوەیەکی دێموکڕاتیکی سیاسی لە ئێران، ڕادەگەیەنێت.

## مەولوود سوارە:

# ڕاپەڕینی ژینا و دروشم و بایەخەکانی لە کۆنگرەی SI دا ڕەنگیان دابۆوە

**ئاماژە: بیست و شەشەمین کۆنگرەی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست لە ڕۆژانی هەینی هەتا یەکشەممە، (٤-٦ی سەرماوەز) لە مادریدی ئیسپانیا بەڕێوە چوو. شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وەک ئەندامی ئەسڵیی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست بە سەرپەرستیی کاک مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزب لە کۆنگرەکەدا بەشدار بوو. کاک مستەفا هیجری لە دووهەمین ڕۆژی کاری کۆنگرەدا وتارێکی پێشکێش کرد و بڕیارنامەیەکیش لەپێوەندی لەگەڵ دۆخی ئێران و ڕاپەڕینی ژینادا پەسند کرا. هەروەها لە کۆنگرەی ئینترناسیۆناڵ سوسیالیستدا بۆ ڕێزگرتن لە خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات لەپێناو ئاشتی، ئازادی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، سپاسنامەیەک پێشکەش بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کرا. "کوردستان" بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر کاروباری کۆنگرە و باس و دەرەنجامەکانی وتووێژێکی لەگەڵ مەلوود سوارە، ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و نوێنەری حیزب بۆ کاروباری ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست پێکهێناوە:**



**کاک مەولوود بەپێی دەستووری کاری کۆنگرەی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست، گرینگترین باس و خواستەکانی ئەم کۆنگرەیە چ بوون؟**

ئەم کۆنگرەیەش وەک هەموو کۆنگرەکانی دیکە باسەکان زۆرتر لەسەر پرسە گرینگەکانی ژینگە و سیاسەت و باس و خواسەکانی ئەندامانی ئەسڵی لەسەر ڕەوشی وڵاتەکانی خۆیان بوو. بەڵام لە هەمووی ئەوانە گرینگتر هەندێک گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە کاروباری ڕێکخراوەیی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست کران. بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠٠٦وە کە جۆرج پاپاندرێو سەرۆکی ڕێکخراوەکە هەتا کۆنگرە بوو، هەروەها لە ساڵی ١٩٨٩ی زایینیەوە کە لویس ئەیالا سکرتێری ئێس ئای بوو؛ لە کۆنگرەدا بەرپرسایەتییەکان گۆڕدران. بەمجۆرە پێدرۆ سانچێز، سەرۆک وەزیرانی ئیسپانیا بوو بە سەرۆکی ئینترناسیۆنال سۆسیالیست و هەروەها خاتوو بێنێدیکتا لاسی بوو بە سکرتێری ئێس ئای کە ئەم گۆرانکاریە بە خاڵوەرچەرخانێک لە چارتی ڕێکخراوەیی ئینترناسیۆنال سۆسیالیستدا دادەنرێت.

**گرینگترین بڕیارەکانی کۆنگرە چ بوون؟**

جگە لە گۆڕانکارییەکان لە چارتی ڕێکخراوەیی و گۆڕینی بەرپرسایەتییەکان کە لە وەڵامی پرسیاری پێشوودا باسم کرد، پەسەندکردنی بڕیارنامەکانی کۆنگرە کە یەک لەوان بڕیارنامانە لەسەر دۆخی ئێران و کوردستانی ئێران بوو، دەتوانین بە گرینگترین بڕیارەکانی کۆنگرە دابنێین کە لە دڵی باس و خواسە سیاسییەکانەوە دەرکەوتبوون..

ئەگەر ئیجازەم بدەن کەمێک زیاتر ئەم باسە بکەمەوە، دوای کۆنگرەی بیست و سێ (٢٠١٢ - ئەفریقای جنوبی- کەیپ تاون) کێشە کەوتە نێو ئینترناسیۆنال سۆسیالیست لەمەر هەڵبژاردنەوەی دووبارەی لویس ئەیالا. ئەم کێشەیە کە لەم کۆنگرەدا سەری هەڵدا، لە کۆبوونەوەی شورای IS لە لێزبۆنی پۆرتۆغال (٣ی فێبریویری ٢٠١٣) تەقییەوە و بەشێکی بەرچاو لە وڵاتانی ئیسکاندیناوی و ئورووپا ڕۆژی ٢٢ی مەی ٢٠١٣ کۆمەڵگرووپ یا ڕێکخراوێکیان بە ناوی پرۆگرێسیف ئەلاینس (هاوپەیمانی پێشڕەو) ڕاگەیاند و کۆنگرەی یەکەمی خۆشیان لە ڕۆژانی ١١و ١٢ی مارسی ٢٠١٧ لە ئالمان- بێرلین گرت.

دیارە ئەو لایەنانە جیا لە حیزبی سۆسیال دێموکراتی سوئید کە کشانەوەی یەکجاریی خۆی لە ئێس ئای ڕاگەیاند باقی حیزبەکانی دیکە هەر لە "ئێس ئای"دا مابوونەوە، بەڵام بەشداری کۆبوونەوەکان نەدەبوون. بۆیە بەو ئاڵوگۆڕانەی کە لە بیستوشەشەمین کۆنگرەی ئینترناسیۆنال سۆسیالیستدا لە مادرید کرا، پێم وایە هەموو ئەو لایەنانەی دیکەش جارێکی دی دەگەڕێنەوە نێو ئێس ئای. هەر لەوێش نوێنەری حیزبی کرێکاری بریتانیا لۆید ڕاسڵ مۆیل کە ئەندامی پارلمانی بریتانیاشە، لە وتارەکەیدا داوای ئەندامەتیی حیزبەکەی کردەوە و ئەوە دەسپێکێکە بۆ گەڕانەوەی هەموو حیزبەکانی دی.

**وتاری شاندی حیزبی دێموکرات لەلایەن بەشدارانی کۆنگرەوە چۆن وەرگیرا؟**

خەباتی دێموکراسیخوازی کورد لە ئێران و پێگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕێکخراوی ئینترناسیۆنال سۆسیالیست ئەو ستاتویەی بە حیزبی دیموکرات بەخشیوە کە باس و بابەتەکانی بەبایەخی زۆرەوە وەرگیرێن. ئەوە جیا لەوەی لە ئێستا ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران و ناوی ژینا و دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" و ئامانجی ڕاپەڕینەکە سنووری ئێرانی بەزاندووە و هەموو ئەوانەش کاکڵ و جەوهەری پەیامەکەی بەڕێز کاک مستەفا هیجرییان پێ دێنا. بۆیە وتارەکەی بەڕێز بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەری گشتی زۆر بە ئەرێنی وەرگیرا. تەنانەت دەتوانم بڵێم کە دوای ئەویش ئەو بەها و بایەخ و باسانەی لە وتارەکەی کاک مستەفادا هاتبوون، لە وتاری جێگر و سەرۆک و بەرپرسانی یەکەمی حیزبەکانی دیکەشدا ڕەنگی دایەوە.

**شاندی حیزبی دێموکرات لە کۆنگرەدا دیدار و کار و چالاکییەکانی چۆن بوو؟**

خۆتان دەزانن لەم کۆبونەوە و کۆنگرە و کۆبونەوەکانی ئێس ئای دا دیدارو چاوپێکەوتنەکان دووبارە دەبنەوە، بەڵام جیاوازیی دیدارەکانی ئەم جارە لەگەڵ کۆبوونەوەکانی پێشوو ئەوە بوو کە یەکەم حیزبی دێموکرات یەکی گرتۆتەوە و ئەوە قورسایی پتری بە پێگەی حیزبی دێموکرات لای ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە نێونەتەوەییە بەخشیبوو، دووهەم ئەوە کە بەڕێز کاک مستەفا هیجری بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک کەسی یەکەم لەم کۆنگرەیەدا بەشدار بوو کە ئەوەش گرینگیی پتری بە دیدار و چاوپێکەوتنەکانی شاندی حیزب لەگەڵ لایەنەکانی دیکە دابوو.

هەروەە لە هەواڵەکانیشدا بەوەخت بڵاو بۆوە، کاک مستەفا هیجری کە سەرپەرستیی شاندی حیزبی لە کۆنگرەی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست دەکرد، لە ڕۆژی دووهەمی کاری کۆنگرەدا و لە چەند دیدارێکدا دۆخی سیاسیی ئێران و کوردستان و دواگۆڕانکارییەکانی ڕاپەڕینی نوێی خەڵکی ئەم وڵاتەی لەگەڵ چەند کاربەدەستێکی سیاسیی وڵاتان هێنایە بەر باس. شاندی حیزب لەو دیدارانەدا بەجیا لەگەڵ "پیا لۆکاتێللی"، نوێنەری پارلەمانی ئورووپا، "لۆید ڕاسڵ مۆیل"، ئەندامی پارلەمانی بەریتانیا لە حیزبی کار و "تەمیرلان سولتانبەکۆڤ"، سەرۆکی پارتی سۆسیال دێموکراتی قرقیزستان کۆ بۆوە. لەو چاوپێکەوتنانەدا وێڕای ئاڵوگۆڕی بیرورا لەسەر پرسە هەستیارەکانی ئێستای جیهان، کاک مستەفا سپاسی هەڵوێستی ئەوانی بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران کرد.

هەروەها بۆ ئەم کۆنگرەیە نامیلکەیەک بە زمانی ئینگلیزی لە ٥٠ لاپەڕەدا ئامادە لەسەر بابەتی موشەکبارانی بنکە و بارەگا مەدەنییەکانی حیزبی دێموکرات بەهۆی هێرشەکانی کۆماری ئیسلامییەوە ئامادە کرابوو، لەگەڵ کۆمەڵێک بەڵگەنامەی تایبەت بە دۆخی کوردستانی ئێران و ڕاپەڕینە سەرانسەرییەکە کە لە هەموو دیدار و چاوپێکەوتنەکاندا بەڕێز کاک مستەفا ئەو نامیلکەیەی پێشکەش دەکردن. بۆیە ئەمن پێموایە شاندی حیزبیمان هەم زۆر باش وەرگیرا و هەم توانی هەیئەتێکی سەرکەوتوو بێت لە ڕاپەڕاندنی کاروباری کۆنگرەکەدا و گەیاندنی پەیام و قسەی خەڵک و شۆڕشی ئێستای ئێران بەو ڕێکخراوە گرینگە نێونەتەوەییە.

**لە کۆنگرەدا ڕێز لە خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات گیرا، لەو بارەیەوە ئەگەر ڕوونکردنەوەی زیاترمان بدەیتێ.**

حیزبی ئێمە مێژوویەکی دووروودرێژی لەگەڵ ئینترناسیونال سۆسیالیستدا هەیە و دوکتور قاسملوو و دوکتور سەعید هەردووک سکرتێری حیزبمان دوای کۆبوونەوەکانی ئێس ئای بەداخەوە شەهید بوون. کەواتە حیزبی ئێمە لەو ڕێگەیەدا بەهای یەکجار زۆر گەورەی داوە. لەلایەکی دیکەشەوە حیزبی دێموکرات بۆ ئامانجەکانی ئێس ئای کە دادپەروەری و یەکسانی و ئازادی و دێموکڕاسی و مافەی مرۆڤە، هەم خەباتێکی دووروودرێژی کردووە، هەم تەوەری سەرەکیی خەباتی حیزبەشمان ئەو بەها و بایەخانەن کە قوربانیی زۆرمان بۆ داون و وەک ئەندامی ئەسلی ڕێکخراوەکەش هەمیشە پابەندیان بووین. کۆی هەمووی ئەوانە وای کرد کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران شانازیی ئەوەی بدرێتێ کە لەو شوێنە گرینگەدا ڕێزی لێ بگیردرێ. دیارە هەر بۆ زانیاریی خوێنەرانی "کوردستان" بەڕێز کاک مستەفا ڕێزنامەکەی لە دەست پێدرۆ سانچێز و خاتوو بێنێدیکتا لاسی، سەرۆک و سکرتێری هەڵبژێردراوی ئێس ئای و هەروەها جۆرج پاپاندرێو و لویس ئەیالا، سەرۆک و سکرتێری پێشووی ڕێکخراوەکە وەرگرت.

**هەر لە پرسیاری یەکەمدا باسی پەسندکرانی بڕیارنامەیەکی پێوەندیدار بە دۆخی کورد لە ئێران لە کۆنگرەکەدا کرد، بەڵام ئەم بڕیارنامەیە چەندە و چۆن دەتوانێ کاریگەریی لەسەر بڕیاری وڵاتان هەبێت؟**

لەپێشدا دەمەوێ بڵێم بەخۆشییەوە ئەو بڕیارنامەیە کە لەسەر داوای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە پێشکێش بە کۆنگرە کرا و دواتر لەلایەن منەوە لە تریبوونی کۆنگرەوە شیکردنەوەی پتری لەسەر درا، بە تێکڕای دەنگی ئەندامانی کۆنگرە پەسند بوو؛ کە ئەمە خۆی دەسکەوتێکە.

سروشتییشە کە ئەم بڕیارنامانە بێ تەئسیر نابن، بەهۆی ئەوەی بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی ئێس ئای لە وڵاتەکانی خۆیاندا یا لەنێو حکوومەتدان و یا لایەنی دووهەمن لە حکوومەتدا.

**لە کۆنگرەی ژنانی ئەو ڕێکخراوەیەشدا کە چەند ڕۆژ پێشتر گیرابوو، خاتوو گوڵاڵە شەرەفکەندی، کادری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی حیزب بە جێگری سکرتێری ڕێکخراوەکە هەڵبژێردرا، گرینگی و بایەخی ئەو ستاتویە لە چیدا دەبینن؟**

کاتی خۆی دوکتور قاسملوو جیا لەوەی کە بیرو باوەڕێکی قووڵی بە سۆسیالیسم هەبوو و لەم پێوەندییەشدا حیزبەکەمان خەسارەتی زۆر گەورەی بۆ دا بەڵام چوونی دوکتور قاسملوو بۆ ئێس ئای جیا لە بیروباوەڕێک کە پێی بوو، من پێم وایە دوکتۆر قاسملوو پێویستی بە تریبونێک بوو بۆ زیاتر ناساندنی دەنگ و ڕەنگی کورد و گرینگیی ئەم سەکۆیە، جا بۆیە من پێم وایە دوکتور توانی هەم لەم سەکۆیە کەڵک وەربگرێت و هەم ڕایەڵەیەکی بەهێز دروست بکات. هەڵبژاردنی هاوڕێی بەڕێزمان گوڵاڵە شەرەفکەندیش دەبێ لەم ڕاستایەدا هەڵسەنگێن کە بێ شک دەتوانی هەم لە ستاتوی خۆی و هەم لەم سەکۆیەدا زیاتر لە جاران بە بەرپرسایەتییەکی کە کەوتۆتە سەرشانی کەڵک وەربگرێت بۆ زیاتر ناساندنی کێشەی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بەتایبەت کوردستان.

**وەک دواپرسیار، ئەگەر بفەرموون بەشدارانی کوردی دیکە لە کۆنگرە چ لایەنێک بوون؟**

ئەو حیزب و لایەنانەی کە وێڕای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەشدار بوون، بریتی بوون لە: یەکیەتیی نیشتیمانی کوردستان، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و پارتی یەکیەتیی دێموکراتی سووریە.

**سپاس بۆ بەشداریتان لەو دیمانەیەدا**

سپاس بۆ ئێوەش.

# جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە شەقامەکانی ئێراندا کۆمەڵکوژین


عومەر باڵەکی

ماوەی نزیک بە سێ مانگە خەڵکی وەزاڵەهاتوو لە نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێران هاتوونەتە سەر شەقام و ڕاپەرینێکی سەرانسەریی پێکهاتوو لە هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان بەدژی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی کەوتۆتە سەر پێ و لە ئەنجامی دژکردەوەی توندی هێزە نیزامی و ئەمنییەتییەکانی ئەو نیزامە، خەڵک هەموو خەتە سوورەکانی نیزامیان تێپەڕاندووە و خوازیاری نەمامی ئەو نیزامەن. توندوتیژی و دژکردەوەی هێزە ئەمنی و نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە بەرانبەر خەڵکی وەزاڵەهاتوو و لە هەمان کاتدا دەستبەتاڵ بە ڕادەیەک توند بووە کە لە هێندێک ناوچەی وەک کوردستان و بەلووچستان بەپێی پێناسەی کۆنڤانسیۆن و پەیمانە نێونەتەوەییەکان، دەچێتە خانەی کوشتاری بەکۆمەڵ و لەنێوبردنی نەتەوەیەک. کاتێک باس لە کوشتاری بەکۆمەڵ دەکرێ بابەتەکە پێوەندیی بە ڕادەی کوژراو بریندارەوە نییە، بەڵکوو نییەتی کرداری بابەتەکەیە دەبێتە هۆکاری ئەسڵیی خوڵقاندنی ئەو جینایەتە. ڕەنگە سەلماندنی ئەو نییەتە کارێکی ئاسان نەبێ، بەڵام کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردوودا دەرحەق بە گەلانی ئێران بەتایبەتی گەلی کورد و بەلووچ خۆی سەلمێنەری جینایەتی کوشتاری بەکۆمەڵن. بە تێڕوانینێکی خێرا لە جۆری دژکردەوەی هێزە سەرکوتکارەکانی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی نزیک بە سێ مانگی ڕابردوو دەرحەق بە گەلانی ڕاپەریوی ئێران بەگشتی و گەلی کورد و بەلووچ بەتایبەتی دەتوانرێ باشترین بەڵگە بۆ سەلماندنی کوشتاری بەکۆمەڵی ئەو دوو گەلە کە تەنیا تاوانیان ئەوەیە داوای مافە سەرەتاییەکانی خۆیان دەکەن، و لەو شێوە سەرکوتکردنە دەتوانین ئەو نییەتە بخوێنینەوە کە دەسەڵاتدارانی ئەو نیزامە هەر لە سەرەتاوە بە کردەوە دژەئینسانییەکانی خۆیان دوژمنایەتییان لەگەڵ گەلانی ئێران بەتایبەتی گەلی چەوساوەی کورد و بەلووچ بە ئاشکرا سەلماندووە.

لە ماوەی سێ مانگی ڕابردوودا خەڵکی ناڕازی لە چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەی ئێران بەدژی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی هاتوونەتە سەر شەقام و دەنگی نارەزایەتییان بە شوعاری "ژن، ژیان، ئازادی" گەیاندۆتە گوێی هەموو ئازدیخوازانی دنیا، بەڵام بەرپرسانی نیزام خۆیان لە ئاستی ئەو دەنگە بەرزە ئازادیخوازییە کەڕ کردووە و کەوتوونەتە پاکانە و دیفاع لە کردەوە دژەئینسانییەکانی هێزەکانیان. لەو پێوەندییەدا قسە و پاساوی ئەوەندە نامرۆڤانە و نایاساییان بۆ کرداری هێزە نیزامییەکانی خۆیان هێناوەتەوە کە لە هەر دادگایەکی دادپەروەر و جێگای باوەڕدا، دەتوانن بەڵگەیەکی قورس و قایم بن بۆ مەحکوومکردنی دەسەڵاتدارانی تاران. بۆ مینماک دەتوانین ئاماژە بە بەشیک لە قسەکانی علی بەهادوریی جەهرۆمی، وتەبێژی دەوڵەت بکەین کە لە بەرچاوی ڕاگەیەندکارەکاندا سەبارەت بە سەرکوتی نارەزایەتیەکان دەڵێ: "بۆ دەوڵەت وەک ئاوخواردنەوە بوو کە لە یەکەم ڕۆژەکانی نارەزایەتییەکاندا بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ خەڵکی ناڕازیی سەرشەقام و زانکۆ و بازاڕ ئیزن بە هێزە ئەمنییەتی و نیزامییەکان بدا لە فیشەکی جەنگی کەڵک وەربگرن وهەرکەس بە نارەزایەتی هاتبایە سەرشەقام بە فیشەکی جەنگی لێیان درابا و هەر زوو دەنگی ئەو نارەزایەتییانەمان کپ دەکرد... ." کاتێک ئەو شێوە قسەکردن و دەربڕینانە لە وتەبێژی دەوڵەت دەبیستین، ناخی ئەو دەوڵەت و نیزامە بەتەواوی خۆی دەردەخا کە چەند دژی گەلانی ئێرانن و بەڕوونی دەردەکەوێ کە ئەو نیزامە چەندە خۆسەپێن و ستەمکارە و دوور لە شەرعییەتی خەڵکە بەگشتی، چونکە هیچ دەوڵەتێک لە زمانی هیچ کاربەدەستێکەوە تەنانەت لە ڕەدەی خوارەوەی دەسەڵاتیشدا بێ ئیزن بە خۆی نادا بڵێ دەمانتوانی هێزە ئەمنییەتییەکان ئیزن بدەین ڕوو بە خەڵکی ناڕازیی سەرشەقام لە فیشەکی جەنگی کەڵک وەربگرن و شانازی بە دەسەڵاتداریی خۆیان بکەن کە ئەو ئیزنەیان نەداوە و لەسەر خەڵکیش بیکەن بە منەت و بڵێ دەمانتوانی بیکەین بەڵام نەمانکردووە.

لەنێو پەندی پێشینیانی کوردەواریدا پەندیەک هەیە کە دەڵێ "مەودای درۆ بەری کورتە"، "یا درۆزن زەینی کوێرە". وتەبێژی دەوڵەت لە کۆماری ئیسلامی وادیارە درۆزنێکی زەینکوێرە، چونکە درۆیەکەی بەپێی کردەوەکانی هێزەکانیان لە بەربەرەکانێ لەگەڵ خەڵکی ناڕازیی سەرشەقام مەودای ئەوەندە کورتە کە بە هیچ پاساوێک بۆیان ڕاست نابێتەوە، ئاماری شەهید و بریندارەکانی ڕاپەرینی ئەوجارە بە پێچەوانەی قسەکانی وتەبێژی دەوڵەت شتێکی دیکە دەسەلمێنن؛ هەر بە قسەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئاماری گیان لێئەستێندراوەکان لە ماوەی نزیک بە سێ مانگی ڕابردوو خۆی لە ٣٠٠ کەس داوە کە ئاماری ڕێکخراوەکانی پاراستنی مافی مرۆڤ بە پێچەوانەی ئامارەی حکوومەت باس لە ٥٠٠ کەس شەهیدی بێتاوان دەکەن کە لەنێو ئەو شەهیدانەدا بە ڕادەیەکی بەرچاو مێرمنداڵ دەبیندرێن، ئەوە بێجگە لە بریندابوونی سەدان کەس و دەستبەسەرکردنی هەزاران کەسە. لە بۆڵتەنە لەقاودراوەکەی سپای پاسدارانیشدا باس لەوە کراوە کە ژمارەی کوژراوەکانی ڕاپەڕینی ئەمجارە پتر لە ئاخێزەکەی خەزەڵوەری ٩٨ی هەتاوییە کە ئەوکات باس لەوە کرا پتر لە ١٤٠٠ کەس لە ماوەی چەند ڕۆژێکی ئەو مانگەدا گیانیان لێ ئەستێندرا.

ئەوەی لێرەدا جێگای سەرنجە لەو کوشتارەی هێزە سەرکوتکارەکانی کۆماری ئیسلامی کردوویانە بەشی شێری وەبەر کوردستان و بەلووچستان کەوتووە و ئەوە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی نییەتی بەکۆمەڵ کوشتنی خەڵکی کورد و بەلووچیان هەیە و ئەو دژکردەوەیەی دەسەڵاتدارانی تاران دژی خۆپیشاندەران بەپێی قانوونە نێونەتەوەییەکان بەتایبەتی کۆنڤانسیۆنی مەنعی کۆمەڵکوژی دەچێتە خانەی جینایەتی دژی مرۆڤایەتی. ماددەی دووی کۆنڤانسیۆنی مەنعی کۆمەڵکوژی دەڵێ:" لەو کۆنڤانسیۆنەدا، پێناسەی کوشتاری بەکۆمەڵ بەو مانایەیە، کوشتاری بەکۆمەڵ بە هەریەک لەو کردارانە دەگوترێ کە بە مەبەستی لەنێوبردنی بەشێک یا هەمووی گرووپێکی نەتەوەیی، قەومی، یا مەزهەبی بەڕێوە بچێ، دەگوترێ". لە ماددەی سێهەمیشدا ئەو کردەوانەی دەستنیشان کردوون کە ئەگەر ئەنجام بدرێن سزایان لەسەرە.

لە سەردەمی ئێستادا کە ئێران وەک وڵاتێک ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە بەپێی یاساوڕیسا نێونەتەوەییەکان دەبێ پابەند بێ بە هەموو پەیماننامە و کۆنڤانسیۆنەکانی پەسندکراوی ئەو ڕێکخراوەیە. بەڵام بەئاشکرا و لەپێش چاوی کۆمەڵگەی جیهانییەوە دەبینین کە ماوەی ٤٣ ساڵە دەسەڵاتدارانی تاران نەک پابەند نەبوون بەو یاساوڕێسایانە بەڵکوو بوونەتە سەرئێشەیەکی گەورەش بۆ نەزمی جیهانی، بە چەشنێک لە هەر جێگایەکی ئەو جیهانە پان وبەرینە کردەوەیەکی تێرۆریستی و تێکدەرانە ڕوو بدا حەتمەن پەنجەی تاوان بۆ لای کۆماری ئیسلامی ڕادەکێشرێ.

لەو پێوەندییەدا دەتوانین ئاماژە بە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ هەتا سنووری کوشتاری بەکۆمەڵ لە سەرکوتی ڕاپەرینەکانی ئەو سێ مانگەی ڕابردوو بکەین کە لە هەمان کاتدا ئەو شێوازە سەرکوتەی نارەزایەتییەکان پێشێلکردنی کۆنوانسیۆنی مەنعی کوشتاری بەکۆمەڵە کە لەسەرەوە باس کرا ئەو کۆنوانسیۆنە لە ٩ی دێسامبر ١٩٤٨ لە کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پەسند کراوە و کوشتاری بەکۆمەڵی بەپێی یاسای نێونەتەوەیی خستۆتە ڕیزی جینایەتی گەورە و ئێران بێ هیچ قەید و شەرتێک ژێر ئەو کۆنڤانسیۆنەی لە ساڵی ١٩٤٩دا ئیمزا کردووە و ئەو کۆنڤانسیۆنە وەک هەموو یاساوڕێساکانی نیونەتەوەیی بە گۆڕین و لاچوونی حکوومەتەکان لەنێو ناچێ و هەر دەوڵەتێک جێگای دەوڵەتی پێشوو بگرێتەوە ناچار بە پابەندبوونی بڕگە و ماددەکانی ئەو کۆنڤانسیۆنەیە، بۆیە کۆماری ئیسلامییش وەک نیزامی دەسەڵاتدار لە ئێران بەپێی قانوونە نێونەتەوەیی و نێودەوڵەتییەکان لەسەریەتی پابەندی پاراستنی نێوەرۆکی ئەو کۆنڤانسیۆنە بێ. بوونی ئەو کۆنڤانسیۆنە و ئەندامبوونی کۆماری ئیسلامی لەو کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەییەدا لە هەلومەرجی ئێستادا دەتوانێ بۆ ڕێکخراوەکانی پاراستنی مافی مرۆڤ و حیزب و سازمانە سیاسییەکانی دژبەری ئێران و بەتایبەتی بنەماڵەی شەهیدانی دەستی تاوانی کۆماری ئیسلامی ڕێگاخۆشکەر بێ بۆ ڕووکێشکردنی دەسەڵاتدارانی ئەو نیزامە بۆ دادگا نێونەتەوەیەکان بەتایبەتی کە لەو ماوەدا شوڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێکارێکی تایبەتیان بۆ لێکۆڵینەوە لە شێوازی بەرەنگاربوونەوەی هێزەکانی کۆماری



# بەرەی گشتگیری هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک پێویستییەکی مێژوویی

## (ئەرکی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەم پێناوەدا)


د. کامران ئەمین‌ئاوە

دوای گیابەختکردنی ژینا [مەهسا] ئەمینی و دەستپێکردنی شۆڕشی"ژن، ژیان، ئازادی"، ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی و، ئێران بە گشتی بۆتە گۆڕەپانی خەباتی جەماوەریی خەڵک. کوردستان لە ڕەوتی گەشەکردن و پەرەسەندنی ئەم شۆڕشە لە ئاست ئێراندا ڕۆڵی تایبەت دەگێڕێ و بۆتە جێی سەرنجی گشت ئێرانییە ئازادیخوازەکانی نێوەوە و دەرەوەی وڵات. بوێری و قارەمانیی خەڵکی کورد و بەشداریی تەواوی توێژ و چینەکانی کوردستان لەم بزووتنەویەدا، دیاردەیەکی بێهاوتایە لە ئاستی تەواوی ئێراندا.

خەڵکی کورد وێڕای هێرشی دڕندانەی هێزی سەرکوتکەر و، گیانبەختکردنی ڕۆژانەی ڕۆڵەکانی، بەردەوامە لە خەباتی خۆی و، ڕۆژ نییە حەماسەیەکی گەورە نەخوڵقێنێ. بەخۆشییەوە حیزبە کوردستانییەکانیش هەتا ئێستا ژیرانە و لەوپەڕی بەرپرسیایەتییەوە لەگەڵ ئەم ڕاپەڕینە هەڵسوکەوتیان کردووە و، وێڕای پیلانگێڕانی بەردەوامی کۆماری ئیسلامی وەکو مووشەکبارانی بنکەکانیان لە باشوری کوردستان، نەکەوتوونەتە نێو ئەو داوەی کە هێزی سەرکوتکەری ئێران بە ئاواتیەتی. بەڵام هاوکات، ڕۆڵەکانی کورد بە شێوازی جۆراوجۆر لەسەر شەقامەکانی کوردستان بەرەنگاری هێزی تا ددان چەکداری ئیسلامی بوونەتەوە کە تەنانەت بەزەییان بە ژنی دووگیان و منداڵیشدا نایە و کات و ناکات دڕندانە خەڵکەکە و ماڵ و دووکانیان گوللەباران دەکات.

لەم سات و کاتە هەستیارەدا کە کورد سەرنجی بیروڕای گشتیی لە ئاستی ئێران و جیهان بەرەوخۆی ڕاکێشاوە، ئەرکی بێ ئەملا و ئەولای هێزە کوردستانیەکان، ڕێکخستنی بەرەیەکی گشتگیر لە تەواوی هێز و کەسایەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ کاریگەرییەکی بەهێزتر لە نێوخۆی وڵات و، نوێنەرایەتیی ئەم خەڵکە بەلانیکەم لە دەرەوەی ڕۆژهەلاتی کوردستان و ئێرانە.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەتوانێ بەردی بناغەی ئەم بەرەیە بێ و، ناتوانێ و نابێ تەنیا لە دۆخی ئێستایدا قەتیس بمێنێتەوە. لەم دواییانەدا، کۆبوونەوەی شاندی ناوەند و کۆمەڵەی کۆمۆنیست، بۆتە جێ خۆشحاڵیی، بەلام بەس نییە و پێویستە ئەم ڕەوتە هێزەکانی دیکەش بگرێتەوە. لەم پێناوەدا، یەکگرتنەوەی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان و کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمتکێشانی کوردستانی ئێران لە ٢٠ی خەزەلوەری ئەمساڵدا، بێگومان ڕۆڵێکی بەرچاو لە بەهێزترکردنی ناوەند و بزووتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵات دەگێڕێ. ئێستا ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەپێی یەکگرتنەوەی دوو لایەنی دێموکرات و دوو لایەنی کۆمەڵە و، بە بوونی دوو دەنگی بەهێز بە جێگای چوار دەنگی جیا، دەتوانێ بە قورساییەکی زۆرتر هەوڵ بۆ دانوستان لەگەڵ هێزەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبە سەرتاسەرییەکانی ئێران بدات.

یەکێک لە خاڵە لاوازەکانی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەبوونی نوێنەرایەتیی ناوەندی هاوکاری لە دەرەوەی وڵات بۆ پێوەندیگرتن لەگەڵ دەوڵەت، پەرلەمان، ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنییەکانی بیانی و تەنانەت دیاسپۆرای کوردی ڕۆژهەڵات و هێزە سەرتاسەرییەکانی ئێرانە.

ناوەند بۆ ئەوەی بتوانێ ڕۆڵی خۆی لە دەرەوەی وڵات بگێڕێ، پێویستە ئەندامانی لە پێوەندیی لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوە سیاسیی و مەدەنییەکانی ئێران و جیهان نەک وەک نوێنەری تەنیا حیزبێک، بەڵکوو وەک نوێنەری ناوەند کار و چالاکیی سیاسی بکەن و، لەم ڕەوتەدا بەستێنێک بۆ نزیککردنەوەی کوردەکانی دەرەوی وڵات و ناوەند پێک بێنن کە بەشێکی بەرچاویان بە هۆی جۆراوجۆر لە حیزبە چەپە سەرتاسەرییەکان یان لە ڕێکخراوە کوردستانییەکان دابڕاون، بەڵام بەهەڵویستن و دڵیان بۆ چارەنووس و داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لێ دەدات. بەشێکی بەرچاوی کوردەکانی تاراوگە، خاوەن ئەزموونی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و زانستین و لە ئەگەری پێکهێنانی سازوکارێکی باش بۆ هاوکاری، بەشداریی چالاکانەی ئەوان دەتوانێ نەک بۆ ئێستا، بەڵکوو بۆ داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بە قازانج بێ.

خاڵێکی گرینگی دیکە کە دەتوانێ پیشاندەری چالاکی و هاوکاریی کردەوەیی ناوەند و وانەیەک بۆ بەرەیەکی یەکگرتوو لە داهاتوودا بێ، ڕێکخستنی هێزی یەکگرتووی پێشمەرگە لە ژێر ڕێبەرییەکی هاوبەشدایە. ئەم کارە لە درێژخایەن و لە کاتی ئاڵوگۆڕێکی چاوەڕواننەکراو لە ئێران و کوردستان و بە تایبەت ڕووخانی کۆماری ئیسلامیدا دەتوانی بناخەیەک بێ بۆ پێکهێنانی سپای میللی کوردستان و تێپەڕبوونی هێزە کوردستانییەکان لە ئاستی هێزێکی سیاسی–نیزامی بۆ ڕێکخراوەیەکی سیاسی–مەدەنی و دووپاتنەبوونەوەی ئەزموونی تاڵی باشووری کوردستان کە ئێستاش پاش چەندین دەیە، ئاکامە نەرێنییەکانی نەبوونی هێزی یەکگرتووی پێشمەرگە لەژێر کۆنترۆڵی وەزارتی پێشمەرگەدا، داوێنی بەرنەداون و وەک یەکێک لە خاڵە هەرە لاوازەکانی هەرێمی کوردستان ماوەتەوە.

چارەنووسی داهاتووی کوردستان پێوەندیی بە یەکگرتن و هاوکاریی هێزە کوردستانییەکانی ڕۆژهەڵاتەوە هەیە. لە کوردستانی ئازادکراوی داهاتوودا، بوونی سپایەکی میللی یەکگرتوو بە دوور لە کاریگەریی حیزب و ڕێکخراوەکان و، چالاکیی سیاسی و مەدەنیی حیزبە کوردستانییەکان ڕێگای سەرهەڵدانی شەری نێوخۆیی بەربەست دەکات و، ڕێگا بۆ چارەسەرکردنی ئاشتیخوازانە و ئەمرۆیانەی کێشە نیوخۆیی و سەرانسەرییەکان لە ڕێگای وتوویژ و دانوستانەوە دەکاتەوە. بۆ گەیشتن بەو قۆناغە، کورد دەبێ بەر لە هەموو شتێک، هەر لە ئێستاوە ماڵی خۆی بەهێزتر بکات و بە هەبوونی بەرنامەیەکی درێژخایەن، بە وشیارییەوە بەرەوڕووی ڕووداوەکانی داهاتوو بێتەوە.

**بەکورتی:**

١. وتووێژی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لەگەڵ ڕێکخراوە و کەسایەتییە سیاسی و مەدەنییەکانی کوردستان بۆ پێکهێنان و ڕێکخستنی بەرەیەکی گشتگیر،

٢. پێکهێنانی ناوەندێکی هاوبەش لە دەرەوەی وڵات بۆ لۆبیگەری و نوێنەرایەتیی بزووتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵات،

٣. دارشتن و گەڵاڵەکردنی ویستە مێژووییەکانی گەلی کوردی ڕۆژهەڵات بەپێی بارودۆخی عەینی و زەینی، هاوسەنگیی هێزەکانی نێو ئێران و ئەگەری جێبەجێبوونی داخوازییەکان،

٤. ڕێکخستنی هێزی یەکگرتووی پێشمەرگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان،

٥. هاوپەیمانی و هاوکاری لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی ئێران و ئەو هێزە پێشکەوتنخوازە سەرتاسەرییانە کە بڕوایان بە مافی چارەی خونووسینی نەتەوەکان هەیە، لە پێویستییەکانی مێژوویی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

ڕەوتی ڕووداوەکان چاوەڕێی بێهەڵوێستیی و ئەم دەست و ئەو دەستکردنی ئەوانە نامێنێتەوە کە خۆیان بە نوێنەری بزووتنەویەک دەزانن. ناتەبایی و یەکنەگرتوویی هێز و کەسایەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە زیانی ئێستا و داهاتووی شۆڕشی کورد تەواو دەبێ.

شارۆخ حەسەنزادە:

# ئەو ڕاپەڕینە بە درێژەدان و مانەوە لە شەقام سەر دەکەوێ



ئاماژە: زۆرترین سەرکوت و زەبروزەنگەکان بۆ دامرکاندنی "شۆڕشی ژینا" لە ئێران لە ناوچەکانی کوردستان و بەلووچستان کرا. بەنیسبەت حەشیمەت، ئاماری کوژراو و بریندارەکان، گیراوان و دەسبەسەرکراوان و هەروەها توندوتیژییەکان لە کوردستان زۆر زیاتر بوون و میلیتاریزەکردنی کوردستانیش دۆخێکی تایبەتیی دروست کردوە.
ئامارەکان و جۆرەکانی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە کوردستان لەلایەن کۆماری ئیسلامی، کاریگەریی بڕیاری شوڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانانی کۆمیتەی گەڕان بەدوای ڕاستییەکان لەسەر ڕەوشی مافی مرۆڤ لە ئێران و دوورەدیمەنی ڕاپەڕینی ژینا تەوەرە سەرەکییەکانی ئەم هەڤپەیڤینەی "کوردستان" لەگەڵ شارۆخ حەسەنزادە، بەرپرسی ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان (چاونیوز)ن.

هەڤپەیڤین: کوردستان

**کاک شارۆخ با باسەکەمان بە تازەترین ئامارەکانی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە نزیک ٨٠ ڕۆژ ڕاپەڕینی کوردستان دەست پێ بکەین، لە کوردستان چ باسە؟**

بەڵێ، لە ماوەی ئەو ٨٠ ڕۆژەدا هەتا ئەمڕۆ (١٥ی سەرماوەزی ١٤٠١) ١١٤ هاونیشتمانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن هێزە سەرکوتکەرەکانەوە گیانیان لێ ئەستێندراوە کە ١٤ کەس لەوان تەمەنیان ژێر ١٨ ساڵ بووە، ٥ کەسیان ژنن و کەسێکیش تەمەنی ٧٠ ساڵەیە، هەروەها لەو ئامارەی باسم کرد چوار کەسیان بەهۆی ئەشکەنجە و لێدان و کوتان گیانیان لەدەست داوە و ٤ کەسیشیان دوای ئەوەی بە برینداری گیرابوون، لە نەخۆشخانەکان کۆتایی بە ژیانیان هاتووە. شیمانەی ئەوەش دەکرێ لەبەر زۆربوونی ڕادەی بریندارەکان کە هەتا ئێستا زیاتر لە ٤٠٠٠ کەس لە کوردستان بە تەقەی چەکی جۆراوجۆر وەک چەکی ساچمەیی، دەمانچە، کەلاشینکۆف، قنناسە پێکراون، ژمارەی کوژراوەکان زیاتریش بن.

بەپێی زانیارییەکان بەشی هەرە زۆری ئەو کەسانەی بریندار بوون لە ترسی ئەوەیکە نەناسرێنەوە و نەگیرێن، خۆیان لە چوون بۆ نەخۆشخانەکان بواردووە و لە ماڵەکان دەرمان دەکرێن کە ئەمەش ئاستەنگی جددی بۆ ڕەوشی تەندرووستیی ئەوان درووست کردووە لە بواری داودەرمان و پێڕاگەیشتن و بابەتی پزشکی و... . هەروەها مەزندە دەکەین هەتا ئێستا ٥٠٠٠ کەس دەسبەسەر کرابن کە ئێمە لە ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان"چاونیوز" توانیومانە هەتا ئێستا ناوی زیاتر لە ١٣٥٠ کەس لەوان لای خۆمان تۆمار بکەین، لەو ئامارەش زیاتر لە ٢٠٠ کەسییان ژنن، نزیک ٢٥٠ کەسیان تەمەنیان ژێر ١٨ ساڵ و قوتابین؛ هەروەها ٣٠ کەسییان مامۆستای قوتابخانەن و بەشێکی دیکە لە دەسبەسەرکراوان بریتین لە لە چالاکانی مەدەنی، کولتووری، زمانی، ئەدەبی، ژینگەپارێزی، هونەرمەند، وەرزشقان و... .

**زۆرێک لە ڕێکخراوەکانی دیکەی مافی مرۆڤی لە ئاستی ئێران و کوردستان ئاماری جۆراوجۆریان هەیە و لێنزیک هاوشێوەن بەتایبەت لە کوردستان، ئایا هەر ئەوەندە پێشێلکارییانە کراون و ئێوە هەر لەو سێ بوارەدا ئامارگیری دەکەن؟**

ئەم سێ بوارە واتە کوشتن، بریندارکردن و گرتن لە بەشە زۆربەرچاو و ئاشکراکانی پێشێلکارییەکانە. کە دەڵێم پێشێلکاری ڕێک بەپێی ئەو بڕگە و ماددانە دەدوێم کە لە جاڕنامە و کۆنڤانسیۆنە جۆراوجۆرەکانی جیهانیی مافی مرۆڤدا باسیان کراوە. واتە حکوومەتەکان نابێ لە کەرەسەیەک یان چەکێک کەڵک وەربگرن کە گیانی ناڕازییان و خۆپیشاندەران بخاتە مەترسییەوە، یان دەبێ حکوومەتەکان ڕێگا بە ئازادیی ڕادەربڕین و خۆپێشاندانەکان بدەن و نابێ کەسێک لەسۆنگەی بیروڕای جیاوازیەوە دەسبەسەر بکرێ و بگیرێ، کەواتە ئەمە لایەنی هەرە زۆر و دیاری ئەو پێشێلکارییانەیە، بەڵام لەم نێوەدا لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و دەستوپێوەندییەکانی لە کوردستان کارەسات بەدژی مرۆڤایەتی خوڵقاوە. بەتایبەت لە مانگی ڕەزبەر و سەرەتای مانگی سەرماوەز لە شارەکانی وەک پیرانشار، مەهاباد، بۆکان، جوانڕۆ و سنە هێزە سەرکوتکەرەکان بە شێوازی یەکجار زۆر بێبەزەییانە و نامرۆڤانە کە پێچەوانەی هەموو یاسا و پرەنسیپەکانی نێودەوڵەتین هێرشیان کردووەتە سەر ماڵ و حاڵی خەڵک، دەرگا و پەنجەرەیان شکاندووە و بەبێ ئیزن چوونەتە سەر ماڵان و وێڕای سووکایەتی و بێڕێزی بە ژن و پیاو و منداڵ، خەڵکیان دەسبەسەر کردووە، کوڕ و باوک و دایکیان گرتووە و بردووە، تاڵان و دزییان کردووە و ژیانی خەڵکیان تێک داوە. یان بەشێک لەو لاوانەی کچ و کوڕ لە گرتنگەکان ئەشکەنجە کراون و سووکایەتییان پێ کراوە. ئەمانە هەمووی پێشێلکاریی بەرچاو و ئاشکرای مافی مرۆڤە و ئێمە لە ناوەندەکەی خۆمان بەردەوام لە پێوەندیندا‌ین کە هەموو ئەو بابەتانە بەڵگەمەند بکەین و بڵاویان بکەینەوە.

**حەوتووی ڕابردوو لە شوڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیارێک بەدژی ئێران دەرچوو، هەروەها بڕیاری ئەوەش درا کە کۆمیتەیەکی بە ناوی کۆمیتەی لێکۆڵینەوە و دۆزینەوەی ڕاستییەکان دابمەزرێ و بە زۆرینەی دەنگ، پەسند کرا. ئەم کۆمیتەیە دەتوانێ چ بکا و ڕێکارەکانی چۆنن؟**

لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردووی کۆماری ئیسلامیدا دووجار نەبێ ئەگینا هەموو ساڵێک کۆمیسیۆن و شوڕاکانی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان بە بڕیارنامەیەک پیشێلکارییەکانی مافی مرۆڤیی لە ئێران مەحکوم کردووە، بەڵام ئەمجارە جیاوازییەکەی لەوەدا بوو کە بۆ یەکەم جار بوو ٢٥ وڵاتی جیهان دەنگ بەو بڕیارنامەیە بدەن و هەروەها کۆمیتەیەک بۆ دۆزینەوەی ڕاستییەکانی ئەم ڕاپەڕینە دابمەزرێنن. کاری سەرەکیی ئەم کۆمیتەیەش ئەوەیە کە بەبێ هاوکاری ڕێژیمیش کە چاوەڕوان دەکرا و هەرواش دەرچوو کە بڵێ هیچ هاوکارییەکی ئەو کۆمیتە جیهانیە ناکات، ناوی سەرجەم ئەو کەسانەی لەلایەن ڕێژیمەوە کوژراون، بریندار کراون، گیراون یان لەلایەن دەزگای قەزاییەوە حوکم دەدرێن و بە هەر شێوازێکی توندوتیژی و نایاسایی بە پێوەرەکانی نێودەوڵەتی بەرەوڕوویان دەبنەوە تۆمار بکرێن و بناسێندرێن. دەتوانم بڵێم سەرەکیترین کاری ئەو کۆمیتەیە ئەوەیە بە ناساندنی ئەو هەمووە بارستاییەی سەرکوت و توندووتیژی ڕێژیم دەرحەق بە خەڵک کردوویەتی، ڕێژیم ڕیسوا بکرێ و هەروەها هەموو ئەو بەڵگانە دەبنە سەرچاوەیەکی بەڵگەمەند و حقوقی بۆ لێپرسینەوە و دادگایی کردنی بەرپرسانی یەکەمی کۆماری ئیسلامی.

**لەو ماوەیەدا باس لەوە دەکرێ ئەوەی لە کوردستان و ناوچەکانی دیکەی ئێران وەک بەلووچستان کراوە جینایەت بە دژی مرۆڤایەتی بووە؟ ئێوە لەو بارەیەوە دەڵێن چی؟**

جینایەت بەدژی مرۆڤایەتی بەپێی پێناسە جیهانی و نێودەوڵەتییەکان کردەوەی دیار و ئاشکرا کە لەلایەن وڵاتێک بە شێوەی ڕێکخراو و بەربڵاو بەڕێوە بچێ کە زۆرتر بەدژی خەڵکی ئاسایی و لە سەردەمی شەڕ یان ئاشتی ڕووی دابێ؛ وەک کوشتن، کۆمەڵکوژی، ژینۆساید، پاکتاوی ڕەگەزی، کۆچی زۆرەملێ، کەڵکوەرگرتن لە چەکی قەدەغەکراو، تێرۆریزمی دەوڵەتی یان پشتیوانی لە تیرۆریزم، بێسەروشوێن کردنی بەزۆری، زیندانیکردنی نادادپەروەرانە، ئێعدام، ئەشکەنجە، دەستدرێژیی سێکسی، سەرکوتی سیاسی، هەڵاواردنی ڕەگەزی، ئازاری ئۆلی و ئایینی و...، هەموو ئەوانەی باسم کرد بەشێ هەرە زۆری لە دەسەلاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا بەدژی نەتەوەکانی ئێران کراوە و بەتایبەت لەلایەن ڕێژیمەوە بەسەر کورد هاتووە. هەر لەم دواییانەدا دادگای خەڵکیی "آبان" ناوی ١٦٠ تاوانبار کە بریتی بوون لە بەرپرسانی باڵای ڕێژیم لەوانە خامنەیی و وەزیری نێوخۆ و زۆرێک لە فەرماندەرانی سپای بە جینایەتکاران بەدژی مرۆڤایەتی ناساند. کاتێک هەموو ئەو بەڵگانە و دادگاییانە کەڵەکە دەبنە سەر یەک و بەردەوام بەڵگە و شاهید و تاوانەکانی ئێران زیاد دەبن، باوەڕم وایە ڕۆژێک کە ڕەنگبێ زۆر نزیک بێ نەک هەر لێپرسینەوەی جددی بەڵکوو بەگژ هەموو بێ پرەنسیپییانەیدا بێن و تەمەنی ئەو ڕێژیمە کە دژی بەها مرۆڤایەتییەکانە کۆتایی پێ بێ. چوونکە هەر بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان حکومەتێک خەڵکی وڵاتی خۆی بکوژێ یان ئەوەی پێی دەگوترێ جینایەت بەدژی مرۆڤایەتی بکات، ئەرکی وڵاتانی ئەندام لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەتایبەت شوڕای ئەمنییەت کە ئەو حکوومەتە بە شێوازی جۆراوجۆر وەک گەمارۆدان یان گۆڕین، جا چ بە خۆشی چ بە ناخۆشی لابەرن.

**بگەڕێینەوە سەر خۆپیشاندانەکان، جەنابت وەک کەسێک کە جیا لە چالاکی مافی مرۆڤی لەهەمبەر بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانیشدا کارت کردووە و چەندین توێژینەوە و نووسراوەت هەیە، ئەو ڕاپەڕینەی ئێستا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

سەرەتا دەبێ پێناسەیەکی کورت لە بزاڤە سڤیلەکان بکەین. بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی جۆرێک لە ئاکاری کۆمەڵایەتییە کە بە هۆکاری جۆراوجۆر، بەشێک یان بەشی هەرەزۆری جڤاک دژکردەوە و ناڕەزایەتی خۆیان لە چوارچێوەی هەوڵی بەکۆمەڵ collestiv actin ئاگاهانە و مەبەستدار لە دۆخی ئارایی دەردەبڕن. ئەم ڕابوونە دەتوانێ شەبەنگێکی بەربڵاو لە بابەتە سەرەکییەکانی وەک، نابەرابەریی کۆمەڵایەتی، ئایینی، هەڵاواردنی ڕەگەزی، ئایینی، ئەتنیکی، تەناهی، دۆخی ئابووری (هەژاری)، کولتووری و... بێ. کە باس لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەکەین پاڕادایمی سەرەکیی ئەم پێواژۆیانە ناڕەزایەتی ئاشتییانە و سڤیلمەندە، هەرچەند جۆر و شێوازی تریش لە نافەرمانیی مەدەنی هەر لە ڕێپێوانی پڕ لە توندوتیژی هەتا تێکهەڵچوونی سەر شەقام و کۆڵان بوونی هەیە. دوو ئامانجی سەرەکی لەو بزوتنەوانەدا یەک: چاکسازی (لە نزمترین ویستدا) و دوو، گۆڕان (لە بەرزترین حاڵەتدا) خۆیا دەبن. دەتوانم بڵێم ئەوەی ئێستا لە ئێران و بەتایبەت ئاخێزگەکەی واتە کوردستان ڕووی داوە، بزووتنەوەیەکی بێ میناکی جیهانییە. چوونکە بۆ یەکەم جارە بەو شێوازە بەربڵاوە و لەو ئاستەدا درووشمی: ژن، ژیان، ئازادی" لە ناوچەیەک بە تایبەتمەندی ئۆلیی وەک ڕۆژهەڵاتی ناڤین دەبێتە ڕەمز، هەروەها یەکەم جارە دوای ڕاپەڕینی گەلانی ئێران سەرجەم نەتەوەکانی ئەو جوغرافیایە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ یەکیان گرتووە بەدژی ئەو حکوومەتە و ڕۆڵی ژنان زۆر بەرچاوە و ئامانجی گشتی ئەم ڕاپەڕین و بزووتنەوەیە نەمانی ڕێژیمە واتە بزووتنەوە یان شۆڕشی ژینا بە تەواوەتی لەبواری پێوەرەکانی بەشداری، جۆری خواستەکان، ڕادەی بەشداربوان و درووشمەکان هەروەها هەڵوێستی وڵاتانی ڕۆژئاوایی جیاوازە و دەتوانێ بە درێژەدان و مانەوە لە شەقام سەرکەوتن وەدەست بێنێت.

**لە یەکێک لە توێژینەوەکانتدا کە پارەکە بڵاو بۆوە باست لەوە کردووە کە لە بەشی هەرە زۆری ڕاپەڕینەکانی ١٥ ساڵی ڕابردوو لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین و تەنانەت چەند نموونە لە ڕۆژئاواش، خەڵک لە وەرزی پاییز ڕاپەڕینییان دەست پێ کردووە بەتایبەت لە ئەوەی بە بەهاری عەرەبی ناسراوە. ئێستا ئەو ڕاپەڕینەش لە کۆتاییەکانی وەرزی هاوین و بە شێوەیەکی پڕ گڕوتین لە سەرەتای وەرزی پاییز وەک ئەوەی ئێوە باست کردووە دەستی پێ کردووە، ئایا بەڕای ئێوە تایبەتمەندییەکانی ئەو ڕاپەڕینە لە چ دایە؟**

هۆکاری ئەوەیکە وەرزی پاییز وەک وەرزی خەباتی مەدەنی و تێکۆشانی بزووتنەوەکان بۆ گەیشتن بە خواستەکانیانی لێ هاتووە زۆرتر بۆ لایەنی ئابووری و ڕەوشی کۆمەڵگە نەریتییەکان و ئەو هەلانەی لەو مەودایەدا دێتە ئاراوە، دەگەڕێتەوە. ڕاستە ژینا ئەمینی لە کۆتایی مانگی خەرمانان بە دەستی هێزە تەناهییەکان کوژراو، بەڵام بەدەر لە هەست و سۆز و ڕقی کۆمەڵگە لەو شێوازە قیزەونەی ڕێژیم بەناوی حیجاب ڕەچاوی کردووە هەر خێرا خواستی خەڵک بۆ لێپرسینەوە لە بکەرانی ئەو کوشتنە حکومەتییە بۆ خواستی گۆڕانی ڕێژیم چوو. هەرچەند حکوومەتیش وەک کولتووری باوی نەک هەر بکەرانی نەناساند و سزای نەدان بەڵکوو حاشای لێ کرد و وەک هەمیشە بە توندوتیژی هێرشی کردە سەر خەڵک، هەربۆیە درووشمەکان خێرا بوونە "مەرگ بەر خامنەیی" یان هەر خودی دروشمی ژن ژیان ئازادی کە فەلسەفەیەکی زۆر جوانی لە پشتی و ڕێک پێچەوانەی ئایدۆلۆژیای ڕێژیمی ئێران بوو. بەڵام تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئەو سەرهەڵدانە چەند خاڵێکن کە هەر ئەمانە سەلمێنەری ئەوەیە ئەو بزاڤە سەرکەوتوو دەبێ. یەکەم، بەشداریی سەرجەم نەتەوە و ئۆل و ئایینزاکانی ئێران بە کورد، فارس، بەلووچ، تورک، عەرەب، سوونی و شیعە لە ڕاپەڕینەکەدا. دووهەم، بەشداریی بەرچاوی ژنان و کچان لە خۆپێشاندانەکان تەنانەت کە چاو لە ئاماری گیراوەکانیش دەکەین ڕادەیەکی زۆر لەوانەی دەسبەسەر کراون و لانیکەم ٥ کەس لەوانەی گیانیان لەدەست داوە ژنن. سێهەم، بەشداریی خوێندکاران، یان باشترە بڵێم گەڕانەوەی بزووتنەوەی خوێندکاری بۆسەر شانۆی بزووتنەوە و سەرهەڵدانەکان بەجۆرێک هەتا ئێستا زیاتر لە ١٠٠ زانکۆ تەڤلی ئەو خۆپێشاندان و مانگرتنە بوون. ئێمە دەزانین لە ١٨ی پووشپەڕی ١٣٧٨دا بۆ یەکەمجار دوای ڕەوگیرکردنی شۆڕش لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە چالاکیی بەربڵاویان دەست پێ کرد و دواتریش لە بزووتنەوەی سەوز و خەرمانان و سەرماوەزی ٩٦ و ٩٨ ئەگەرچی جموجۆڵێک هاتە ئاراوە، بەڵام هێزە سەرکوتکەرەکان نەیانهێشت خوێندکاران پەل ببزێون. چوارەم فاکتەر، بەشداری قوتابییانی قوتابخانەکان. ئەمە یەکەمجارە بەو شێوە بەربڵاو و لەو ئاستەدا قوتابییان بەشداری بزووتنەوەیەکی ناڕەزایەتی بن، لە ئاستی ئێران هەتا ئێستا زیاتر لە ٦٠ مناڵی تەمەن ژێر ١٨ ساڵ کوژراون و لە کوردستان ١١ هاونیشتمانی تەمەن ژێر ١٨ ساڵ کە قوتابی بوون لەلایەن هێزە سەرکوتکەرەکانەوە گیانیان لەدەست داوە، جێگای سەرنجە ئەگە بگوترێ بە پێی بەڵگەی بەرپرسانی ڕێژیم کە ئاشکرا بووە لە ١٤ هەزار قوتابخانەی ئێران نزیک ٢٠٠٠ قوتابخانە ڕاستەوخۆ بەشدارییان لە خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییەکان کردووە هەروەها لە کۆی گشتی ٢٥هەزار قوتابی پارێزگای سنە ١٧هەزار قوتابی تەنای لەم پارێزگایە بەشداری ناڕەزایەتییەکانییان کردووە. پێنجەم فاکتەریش بەشداریی بەرچاوی شەبەنگی مامۆستایانی ئایینی و فەرهەنگییانە کە لەهەر دوو لەو چینانە دەسبەسەرکراویان هەیە.

هەروەها کەلکوەرگرتن لە شێوازەکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان زۆر ئاگاهانە و ڕێکخراو ئەگەرچی ڕێبەرییەکەی دیاری نییە و جگە لە کوردستان نەبێ ئاڵتێرناتیڤ بوونی نییە؛ وەک مانگرتن (لە کوردستان و لەلایەن حیزبە کوردییەکان بەتایبەتی ناوەندی هاوکاری لەو ماوەیەدا ٩ جار داوا کراوە دووکان و بازار دابخرێن و مانگرتنی گشتی بکرێ کە هەر ٩ جار لە ئاستی کوردستاندا خەڵک وڵامی دایەوە و شارەکان داخران)، هەروەها شیوازی وەک گەڕەکتەوەر بوون بۆ بەربڵاوبوونی خۆپیشاندانەکان لەبەر کۆنترۆڵنەکردنی لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە، مانگرتنی قوتابییان و خوێندکاران، مانگرتنی شۆفیران و... . کەواتە ئەگەر پێشتر هەرکام لەو توێژانە بە جیا چالاکییان دەکرد ئێستا پێکەوە و بۆ یەک ئامانج هەوڵ دەدەن و تێدەکۆشن. کە ئەمە لە تایبەمەندیی سەرەکی ئەو سەرهەڵدانەیە کە هیوای ئەوە دەبەخشێت خەڵک بە ئامانج و خواستی خۆیان بگەن.

**زۆر سپاس کاک شارۆخ بۆ کات دانانت بۆ ئەو هەڤپەیڤینە**

سپاس بۆ ئێوە

دیار زاگرۆس

# هەناردەکردنی شۆڕش، ئەوەی ڕێژیم دەیویست و ئەوەی کورد کردی

**پژمان شەریعەتی**

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی پاش گەیشتنە دەسەڵات و پێش لەو قۆناغەش کۆمەڵە درۆشمێکی بۆ کردنەوەی دەنگ و متمانەی خەڵکی ئێران و هاوپەیمانە سیاسییەکانی دەدان کە هیچیان بە کردەیی نەکران، چ ئەوانەی لە بواری چاکسازی بۆ ژیانی گەلانی ئێران دەیانگوت، چ ئەو درۆشمانەی لە چوارچێوەی بیری تەسکی ئیدئۆلۆژیکیاندا بوو.

"هەناردە کردنی شۆڕشی ئیسلامی" یەکێک لەو درۆشمانەیە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە بەردەوامی باسی کردووە و ئەستۆندەکی سیاسی دەرەوەی ئەم ڕێژیمە بووە. وەک چۆن خامنەیی هەمیشە خەونی بە ڕێبەریکردنی دنیای ئیسلام (شیعی) ەوە بینیوە و لە چوارچێوەی ئەو درۆشمەدا ویستوویانە ئیمپراتورییەکی ئیسلامی بە سەرکردایەتیی خۆیان لە ناوچەکە و جیهاندا پێکبیهێنن.

هیلالی شیعی ئەو ستراتیژییە ئیدئۆلۆژیکییە بووە کە کۆماری ئیسلامی لەو پێناوەدا هەتا ئێستاش وەبەرهێنانێکی زۆری لەسەر کردووە. لەسەر حسێبی سامانی گشتیی وڵاتی ئێران و ژێرخانی ئابووریی ئەم وڵاتە بە دەیان میلیشیا و گرووپی تێرۆریستیی لە ناوچەکە و جیهاندا پێکهێناوە و سپانسەریی تێرۆریزمی دەوڵەتیی لەپێناو گەیشتن بەو خولیایە کردووە. ئەم ستراتیژییە زۆر قۆناغی بڕیوە، کەچی سەرەڕای تەرخانکردنی سەدان میلیارد دۆلار هەتا ئێستایش نەیانتوانیوە لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران پێگەیەکی سەقامگیر لەپێناو جێگیربوونی بەرزەفڕییەکانیدا چێ بکا و بۆی نەکراوە لە وڵاتێک بناخەی دەسەڵاتە ئیدئۆلۆژیکەکانی قایم بکات.

ئاکامی هەناردەکردنی شۆڕش لەلایەن ئەم ڕێژیمەوە کە بۆ ئەمە پشتی بەو میلیشیا و گرووپە تێرۆریستانەی سەر بە خۆی بەستووە، ئاژاوەنانەوە و قەیرانخوڵقێنی لە وڵاتانی وەکوو عێراق، سووریە، لوبنان و یەمەن بووە کە لە بنەڕەتدا وڵاتانێکی ناسەقامگیری سیاسی بوون و ڕێژیمیش وەکوو پێگەیەکی تێرۆریستی بەدژی وڵاتانی دیکەی ناوچە و جیهان بەکاری هێناون. هەر بەو پێیەش بەگشتی پرۆژەی هەناردەکردنی شۆڕش لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی چ لە ڕوانگەی هزری و چ لە ڕوانگەی هێزی ڕەقئامێرییەوە (گرووپە ترۆریستییەکانی) ناسەرکەوتوو بووە.

بەڵام لە بەرانبەردا کوردستان کە هەموو کاتێک قوربانیی تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی بووە، بە دوو مانگ شۆڕشێکی فکریی مەزنی هەناردە کرد بۆ هەمووی ئێران!

پاش کوشتنی حکوومەتیی ژینا ئەمینی و سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینا لە کوردستان و هاتنەمەیدانی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری بە ئیرادەیەکی بەرز و ئەندیشەیەکی گەورەوە، کوردستانیان سەلماندیان کە بۆ پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ و بەدەستهێنانی ئازادی و گەیشتن بە تەعالی، لە بەرامبەر هەر زۆرداریێک ڕادەوستن و بوێرانە مافی خۆیان دەستێنن و لە بەرانبەر هیچ ستەم و زۆردارییەکدا بێدەنگ نابن.

دوو مانگ بەردەوامی و خۆڕاگریی شەقامی کوردستان بە مۆدێرنترین شێوازی خەبات و مۆدێرنترین ئەندیشەی ئینسانی، سەرنجی نەتەوەکانی دیکەی ئێران و تەنانەت ناوچەکە و جیهانیشی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و بە پێشەنگایەتیی ژنانی بوێری کورد، کوردستان بووە سەنگەری ئازادیی ئێران. دوای تێپەڕینی ئەم شۆڕشە لە دوو مانگ و کاتێ پێی نایە نێو مانگی سێهەم، سەرەڕای گاردگرتنی هەندێک جەریانی سیاسی و بەشێک لە کۆمەڵگەی ناوەندیی ئێران و نەتەوەکانی دی، لە ئاکامدا هیچ کام لەو هێز و ڕەوتانە نەک نەیانتوانی حاشا لەو بنەڕەتە بکەن، بەڵکوو وەریان گرت و کوردستانیان کردە پێوەری سەرەکی بۆ شۆڕشێکی سەرانسەری لە ئاستی هەموو ئێراندا.

حیماسەخوڵقێنیی کوردستان لە مانگرتن و خۆپێشاندانە جەماوەرییەکان و هەر ئێستا کە مانگرتنەکانی ١٤-١٦ی سەرماوەز لە ئارادایە، بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکران بۆ ئەوەی بڵێین کە کوردستان شۆڕشی هەناردە کردوە بۆ هەموو ئێران و هێز و ئیرادەیەکی جەماەریی لەنێو هەموو نەتەوەکاندا بەدژی کۆماری ئیسلامی ڕێک خستووە.

لێرەدا جیاوازیی هەناردەکردنی شۆڕش لە ڕوانگەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و لە ڕوانگەی کوردییەوە، چەند خاڵێکی سەرەکی لە خۆی دەگرێت:

شۆڕشێک کە کورد باسی دەکات و هەناردەی کردووە بۆ سەرانسەری ئێران، شۆڕشی بایەخە مۆدێرنەکانە و لە ڕووی هزر و ئەندیشەیە و بە بەیانکردنی و خۆڕاگری لەسەر شەقام بە ڕاشکاوانە و ڕوون وەکوو پەکەیجێکی کۆنکرێت و داڕێژراو لەبەر دەستی هەموو ئێراندا دانرا و کۆمەڵگەی ئێران بە کراوەیی وەری گرت و مانەوە و ڕزگاریی خۆی لەو شۆڕشەدا دەبینێ. لە لایەکی دیکەشەوە کورد هیچ هێزێکی سەختی بۆ سەپاندنی شۆڕشی ژینا بەکار نەهێناوە و ئەم شۆڕشە بە گیانفیدایی، خۆڕاگری و ئیرادەی بەرزەوە ئەم ڕەوتەی بڕیوە و هیچ لایەنێکی نەکردە قوربانی.

لەلایەکی دیکەشەوە دەبێ ئاماژە بەوە بکرێت کە ئەندیشەی کوردی و خەباتی کوردستان بناغەیەکی نزیک بە سەد ساڵی هەیە و زۆر هەوراز و نشێوی بڕیوە و بووەتە ئەزموونێکی پڕبایەخ بۆ کوردستانیان و لە ئاکامدا کوردستان بووەتە مەکتەبێکی هزری و ئێستاکە دەبینین هزرەکانی دیکتە دەکات بە هەموو ئێران و نەخشەڕێگای ڕزگاریی بۆ گەلانی ئێرانی داڕشتووە و شۆڕشی سەردەمیانەی خۆی هەناردە دەکات.

# شۆڕشی ژینا، هاوکێشەکانی شۆڕشێکی فێمینیستی لە ڕاپەڕینێکی سەرانسەری و مافخوازیدا



د. کوێستان گادانی

ڕاپەرینی مافخوازانەی خەڵکی ئێران بە دوای شەهیدکردنی ژینا ئەمینی لە شاری تاران هەروا بەردەوامە، ڕاپەڕینێک کە بێدەسەڵاتیی ژینا و کوژرانی بێبەزەییانەی دایگیرساند و جیهانی هێنایە سەر هێڵ.

بێگومان لەو ڕاپەڕینەدا ڕەگەزی ژنانەبوون و باندۆڕی یەکسانیی ڕەگەزی لە بنەما هەرە سەرەکییەکانی بزاوتێکی سەرانسەریی مافخوازیین کە ئێستا ئیدی بەرگژەی بۆ تەواوەتیی ڕێژیم دروست کردووە. تێڕامانێک لە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" وەک بەردی بناغەی ڕاپەڕینەکە و بەشداریی هەراوی ژنان لە نارەزایەتییەکاندا و چاوخشاندنێک بە ئاماری شەهیدان و دەسبەسەرکراوانی ئەم ڕاپەڕینە ڕۆڵ و پێشەنگایەتیی ژنان بە تایبەت لە کوردستان و جیاوازیی ڕاپەڕینەکە لەگەڵ سەرهەڵدانەکانی پێشوومان بۆ دەردەخات. هەر ئەوەش لەجێدا ورووژێنەری پرسیارێکە کە، ئایا ئەم جیاوازییە بەم مانایەیە کە ئەم شۆڕشە شۆڕشێکی ژنانە و فێمێنیستییە یان ڕاپەڕینێکی سەرانسەری؟

ئەگەر ژینا وەک ناوەندی سەرهەڵدانی ئەم ڕاپەرینە دەستنیشان بکەین، دەتوانین دەروازەیەک بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە بکەینەوە، ئەویش بە چەند هۆکار کە ژینا وەک سیمبول چەندین ئێلێمەنتی ئەم ڕاپەرینە لە خۆیدا وێنا دەکات، بۆ نموونە: ژنبوون (جیاوازیی ڕەگەزی)، کوردبوون (ئیتنیکی)، سوننیبوون (جیاوازیی مەزهەبی)، داپۆشینی قژ و ڕوخسار (حیجابی ئیجباری) بنەماڵەیەکی مامناوەندی (جیاوازیی چینایەتی)، شێوەی شەهیدکردنی (مێتۆدی دەسەڵاتدارەتیی ڕێژیم) و غەریببوون (دیاردەی پەراوێزخران و ناوەندگەرێتی) ... . ئەم چەند ئێلێمەنت و فاکتورانە نیوەی زیاتری کۆمەڵگە خۆی تێدا دەبیننەوە و لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردوودا لە هەموو ئەو بوارانەدا نیری ئەو ستەم و چەوسانەوەیان لەسەر ملی خۆیان هەست پێ کردووە. بۆیە ئێستا هەرکام لەوان کە لە سەرشەقام خۆیان دەبیننەوە، پشتیوانی لە خواستی یەکتر دەکەن. بەو پێیە جەوهەری ڕاپەڕینەکە تەنیا پرسی نەتەوەیی یان حیجابی زۆرەملێ نییە، بەڵکوو چەندین فاکتەر وەک ئاڵقەیەک بە دەوری ژینادا کۆ بۆتەوە کە هەرکام لەو فاکتەر و ئێلێمەنە کۆمەڵێک خەلک بۆ ئەم ویستانە بە دوای خۆیدا ڕادەکێشیت. بەڵام لە پێوەندی لەگەڵ پرسی ژناندا، ژنان لە ماوەی ڕابردوودا پێشانیان دا کە لەجێدا توانای بەڕێوبەری و ئیدارەکردنیان هەیە، هەروەها ژنان وێڕای پیاوان لە ئاستی بەرنامەڕێژی و بەڕێوبەریدا و، لەپێناو چێکردنی کۆمەڵگەیەکی دێموکراتدا و یەکساندا شان بە شانی یەکتر لە سەنگەردان.

دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" خۆی بەبێ شرۆڤەش پێمان دەڵێ ژن وەک مانای ژیانەوە و بەرهەمهێنەری ژیان دەبێ خۆی ئەوەندە ئازاد بێت کە بتوانێ ژیان و ئازادی ببەخشیتە کۆمەڵگە. بەڵام هەموو کات دەبێ لەبیرمان بێت کە بزانین داوای ئازادبوون لە چی دەکەین و ئازادیمان بۆ چی دەوێت؟ لێرەدایە کە دەبێ سرنج بدەینە ئەوەی ئەم ئێلێمەنتانەی وەک ئاڵقەیەک لە دەوری ژینادا بەرچاو دەکەون، ڕەنگبێ تەواوی ناڕازییانی سەرشەقامی ئەمرۆی ئێران نەگرێتەوە. ڕەنگبێ بۆ ژنێکی بەلووچ مەسەلەی نەتەوەیی وەک کورد یەکێک لە بنەڕەتیترین فاکتەرەکانی بەشداری بێت، بەڵام بۆ خاتوونێک لە شارێکی وەک تاران یان تەورێز ڕزگاری لە حیجابی زۆرەملێ و ئازادیی دەرکەوتن زیاتر سەرنجی ڕاکێشابێت و ئەوی هێنابێتە سەر شەقام. بەڵام گرینگ ئەوەیە هەموویان هەر یەکە و بە هەر خواستێک ئەمرۆ لە ئاستێکدا و بۆ یەک مەبەست، ئەویش نەهێشتنی ئەم نیزامە تۆتالیتێرە کار دەکەن و ئامادەی گیانفیدایین. کەواتە ئەم ڕاپەرینە کە بە شۆڕشی ژینا ناو دەبرێ ڕەنگ و ڕووخساری ژنانەی پێوە دیارە و ئەوە ژنان بوون چەخماخەی ئەم شۆڕشەیان لێ دا، شۆڕشێک کە نەک کوردستان و ئێرانی تەنی، بەڵکوو وەک دەبینین لە ماوەی نیزیک بە سێ مانگدا جیهانی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە.

بزووتنەوەی ژینا یەکەم بزووتنەوەی ژنان نییە، بەڵام بزووتنەوەیەکی ژنانە بوو کە توانی ببێتە ڕاپەڕینێک و هەموو جۆراوجۆرییەکانی کۆمەڵگە لەگەڵ خۆی بخات. هەروەها تەنیا یەک بزووتنەوەی ویستتەوەر نییە، بەو مانایا کە تەنیا یەک ئاراستە بە ڕاپەڕینەکەوە دیار نییە، هەروەک باسمان کرد نارەزایەتییەکی فرەچەشن و فرەڕەهەندییە. لە وڵاتانی ڕۆژئاواییدا زۆر وڵات هەبوون کە ژنان هاتوونەتە سەر شەقام و داوای تایبەتیان وەک مافی دەنگدان و مافی بەرانبەر هەبووە و داوای ڕێفورم و چاکسازییان کردووە لە چوارچێوەی دەسەڵاتی دەوڵەتدا، بەڵام ئەوەی ئەمرۆ شۆڕشی ژینا، ژنانی کورد و بەلوچ و ئێرانی داوای دەکەن دەروونمایەی شۆڕشێکی ژنانەیە کە داوای گۆڕینی دەسەڵاتێکی ژنکوژ و منداڵکوژ لە وڵاتێکی فرەنەتەوە و نەریتیی وەک ئێران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەکات.

ئەم شۆڕشە دەتوانێ شۆڕشی ژنان بێ، هەروەک چۆن ئێستا بە "شۆڕشی ژینا" ناو دەبرێ، بەڵام ناکرێ بە شۆڕشی فێمێنیستی پێناسەی بکەین، با ئەوەش کە ویست و داخوازە بنەڕەتییەکی ژنان و عاملییەتی ژنان چەغماغەی ئەم ڕاپەرینەی لێ داوە. بە واتایەکی دیکە ئەم ڕاپەڕینە بزووتنەوەیەکی فێمێنیستیی ڕادیکاڵ نییە و ئەگەر لە پێناسەکانی شۆڕشێکی فێمینیستیشدا جێ بگرێ، پتر بە لای فێمینیستی لیبراڵدا دەشکێتەوە؛ لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم شۆڕشە فێمینیستییە بەو بەربڵاوی و فرەڕەهەندییەی بەشداریی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە دروستی کردووە؛ ئێستا لە بەرگی ڕاپەڕینێکی مافخوازانەدا دەرکەوتووە. خاڵی گرینگ ئەوەیە کە لەم ڕاپەرینەدا هاوکێشەکان دەبێ هاوسەنگییان بۆ بکرێت و ئەگەر چاوەڕێی دەسکەوتی دڵخوازی هەمەلایەنەش لەو ڕاپەڕینە بین، بۆ گەیشتن و دەستەبەری ئەو دەسکەوتانە نابێ شۆڕشەکە بخەینە بازنەی پێناسەیەکی تەنگەبەرەوە.

خەڵکی ئێران لە بەردەم ئەزموونێکی تازەدان. بەشێک لە هەیکەلی ئەم ڕاپەڕینەی ئێستا، ٤٣ ساڵ لەوەپێش لە شۆڕشێکی مەزندا نیزامی سیاسیی وڵاتیان گۆڕی، شۆڕشێک کە هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیی لێ کەوتەوە. شۆڕشێک کە دواتر بەرهەمەکە دەسەڵاتێکی نادێموکراتیک، ئیدئۆلۆژیک، سەرکوتگەر، پەراوێزخەر و ژن و منداڵکوژی لێ کەوتەوە کە هەر ئێستا خەڵک قۆڵیان لە ڕامالینی هەڵماڵیوە. ئێستا هەمووان دەزانن دەسەڵاتێک کە بەرهەمی شۆڕشێکی جەماوەری بوو، دیکتاتۆرییەکی لێ بەرهەم هاتوە کە خوێنی خەڵکی لە شووشە کردووە، وەڵامی بۆ هیچ کام لە داخوازە سیاسی، مەدەنی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکی وڵات پێ نییە، تەنانەت منداڵانی خوار ٢٠ ساڵ کە لە نیزامی پەروەردەی ئیدئۆلۆژیکی ڕێژیمدا پێ گەیشتوون، لە ڕیزی پێشەوەی دژبەرانی ئەو سیستمەدا جێیان گرتووە. ڕێژیمێکی گەندەڵ کە لەلایەگ گەندەڵی هەموو هەیکەلی داگرتووە و لەلایەکی دی چی سامانی وڵاتە بۆ شەڕانشۆییەکانی داناوە و بۆ ئەو ئامانجەش خەڵکی وڵاتی بەبارمتە گرتووە. بۆیە ئەو بەحەق ڕەوایە کە خەڵک هەم بە هەموو توانایانەوە لەدژی ڕابن و هاوکات بیانەوێ لە نیزامی سیاسیی داهاتووی وڵاتدا ئاسەواری هیچ کام لەو هەڵاواردن و کەمایەسییانە نەمێنن. ئەوەی لە ئێران ڕادەبرێ تەواو ڕاپەڕینێکی مافخوازانەی پێکهاتەشکێنە، هاوکات ململانێیەکی ناهاوسەنگ لە ڕووی هێزی جەماوەری و ئیرادەی سەرکوتی ڕێژیمە. بۆیە ئەو پرسیارەش بەجێیە کە چۆنە بە بەرچاوی کۆمەڵگەی جیهانییەوە ڕێژیم دەتوانێ ئەو جینایەتانە بخوڵقێنێ؟ بۆچی کاردانەوەی وڵاتان بە جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی لەئاست چاوەڕوانیی خەڵکی ئێراندا نییە؟ وەڵامەکەش بۆ چەند فاکتەرێک دەگەڕێتەوە:

**یەکەم**، لە دوای پەتای کۆڕۆنا و شەڕی ڕووسیە و ئۆکراین و هەروەها پشتیوانیی چین لە ئێران و هاوسەنگییەکانی ئێستا، لە جیهاندا فوکوسی تەواو لە سەر یەک شوێن و بابەت نییە، بەڵکوو وزە و فوکوسی نێودەوڵەتی دابەش بووە. هاوکات بەرژەوەندیی وڵاتان لەگەڵ یەکتری، یان بەرژەوەندیی نێوخۆیی هەر وڵاتێک کۆمەڵێک ڕێوشوێن و بەربەست بۆ جووڵەکانی، بەتایبەت لە نەبوونی ئۆپۆزیسیۆن و بەدیلێکی بەهێز بۆ دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە وڵاتە قەیرانلێدراوەکاندا دەستنیشان دەکا.

**دووهەم**، لە پێناسەکردنی کێشەکانی ئێران تەنیا بە "بەرجام" و دەستێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا، خەڵکی ئێران و پرسە گرینگەکانی ئەو وڵاتە، وەک پرسە نەتەوەیی و مەزهەبی و هەڵاواردنە ئایینی و ڕەگەزییەکان و ستەمکارییەکانی کۆماری ئیسلامی لە هاوکێشەی پێوەندییەکانی وڵاتان لەگەڵ ئێراندا غایب بوون. بەڵام ڕاپەڕینی ژینا تا ڕادەیەک خەریکە ڕوانگەکان لەو پێوەندییەدا دەگۆڕێ و هەڵپەساردنی دانوستانەکانی بەرجامیش دەتوانێ لەو خانەیەدا جێ بگرێت.

ئێستا بەپێی هاوکێشە نوێیەکان، واتە بەردەوامیی نارەزایەتی و ڕاپەڕین لە نێوخۆی ئێران، گۆڕینی ڕێژەیی ڕوانگەی ڕۆژئاوا و کۆمەڵگەی جیهانی بۆ بابەتەکانی ئێران دەکرێ باس لە سێ سێناریۆ بکەین:

**یەکەم**: پێکهاتنی ئاڵوگۆڕ لە چوارچێوەی نیزامی ئێستای کۆماری ئیسلامیدا، بەو مانایە کە بە ئاشتەوایی لەگەڵ ڕێفورمخوازە حکوومەتییەکان و هێزی دابڕاو لە دەسەڵات و کۆمەڵە گۆڕانکارییەک لە سیاسەت و ڕەفتارەکانی ڕێژیمدا بتوانن ناوکی دەسەڵات بۆ ماوەیەکی دیکەش بەهێزتر و یەکگرتووتر بکەن و بە بەردەوامییان لە سەرکوتی نارەزایەتییەکان کاتێکی زیاتر بۆ مانەوەیان لە دەسەڵاتدا بکڕن.

**دووهەم**: توندوتیژیی زیاتر و سەرکوتی خەڵک و چوونە فازی حکوومەت نیزامیی لەئێستا سەختتر تا لە ڕێگەی سەرکوت و زەبروزەنگی زیاترەوە بتوانن ئیرادەی خۆیان بە سەر دۆخەکەدا بسەپێنن.

**سێهەم**، ئۆپۆزیسیۆنێکی بەهێز و یەکگرتوو لە بەرگی ئاڵترناتیڤی کۆماری ئیسلامیدا دەربکەوێ و بە بەردەوامی لە ڕاپەرین و خۆپێشاندانەکان لە نێوخۆی وڵاتدا و ڕاکێشانی پشتیوانیی دەرەکی کە ئەمە لە درێژخایەندا ڕێگا بۆ گۆڕینی دەوڵەت، سەرکەوتنی ڕاپەڕین و گۆڕینی نیزامی سیاسی و یاسای بنەڕەتیی وڵات خۆش دەکا.

**پوختەی مەبەست**: ڕاپەڕینی ژینا ئاوێنەی هەست و سۆزی ژنان و ئەم ستەمانەیە بە درێژایی مێژوو لە ژنان کراوە، بۆیە چەخماغەکەی ژنان لێیان دا و ژنانیش چ لە پێشەنگایەتی و چ لە بەشداریی هەراودا توخمی سەرەکیی ڕاپەڕینەکەن. دۆخی کۆمەڵگەی ئێران و دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییش ناگەڕێتەوە بۆ پێش کوشتنی ژینا و ئێستا ئیدی سنوور و سەنگەرەکان لە ئێران تەواو جیا کراونەتەوە. لە بەرەیەکدا کە ڕۆژ بە ڕۆژ فراوانتر دەبێت، ژنانی ئازادیخواز، نەتەوە مافویستە سەرکوتکراوەکانی هەتا ئێستا، لایەنگرانی یەکسانی و بەرانبەریی مافە مەدەنی، کۆمەڵایەتی و ئایینییەکان و گۆڕانخوازە دێموکراتیکەکان وەستاون. چەکی دەستی ئەوان باوەڕ و ئیرادەی خەبات و گۆڕانکارییە. لە بەرەی بەرانبەریشدا کەمایەتیی لایەنگری کۆماری ئیسلامی کە سەرچاوەکانی ئابووریی وڵات و ئامرازەکانی سەرکوت و داپڵۆسینیان لەدەستدایە. مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانە لە وڵاتانیش پێشانی داوە کە هیچ دەسەڵاتێکی سیاسی بێتوو ڕەوایی و شەرعییەتی خەڵکیی نەبووبێ، بە پشتبەستن بە بەهێزترین چەک و ئامرازی سەرکوت نەیتوانیوە دەسەڵاتەکەی ڕابگرێت.



کوردستان
ژمارە: ٨٣٦
١٥ی سەرماوەزی ١٤٠١ _ ٦ی دێسامبری ٢٠٢٢

# کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و پرسی مافی مرۆڤ لە ئێراندا

**لێژنەی دەرخەری ڕاستییەکان زۆربەی جار کاتێک پێک دێ کە ئیدیعای پێشێلکاری بەربڵاو و سیستماتیک لە وڵاتێک لە ئارادا بێت کە بنەما پەسندکراوەکانی یاسای نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ و هەروەها یاسای نێودەوڵەتیی مرۆڤدۆستانە پێشێل کرابێت. ئامانجی شوڕا لە پێکهێنانی ئەو لێژنەیە بریتیە لە پشتڕاست کردنەوەی پێشێلکاریی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ کە گریمانە دەکرێ لە ماوەی ڕاپەڕینی ئەمدواییانەی خەڵکی ئێراندا ڕوویان دابێت**



د. ئارەزوو نستانی

گرینگیدانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە پرسی مافی مرۆڤ ڕابردوویەکی زۆری هەیە، بەڵام سەرەتا لە ئاستی دەوڵەتاندا چەندین هەوڵی گرینگ و شوێندانەر لەو بوارەوە دراون، وەک بەڵگەنامەی مافەکانی مرۆڤ و هاووڵاتی ١٧٩٧ی فەڕانسە کە بە سەرەتای هەوڵی ڕێکخراو و داڕێژراو بۆ ڕێزگرتن و پشتگیریی مافەکانی مرۆڤ دادەنرێ. هەروەها بڵاوکراوەی مافی هاووڵاتیی ١٧٩١ی ئەمریکا و پاشان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دامەزرانی خاچی سووری نێودەوڵەتی ١٨٦٤ و کۆنڤانسیۆنی ژنێڤی تایبەت بە کۆیلایەتی ساڵی ١٩٢٦، لە هەوڵە بەرچاوەکانی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بەر لە پێکهێنانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانن.

ڕووداوەکانی شەڕی دووەمی جیهانی و پێشێلکاریی بەربڵاوی مافەکانی مرۆڤ لە گۆشە و کەناری جیهان، دامەزرێنەرانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی بەرەو دامەزرانی ڕێوشوێنی تایبەت بە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ هان دا. لە ماددەی ١ی میساقی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ئاماژە بەوە کراوە کە بەرەوپێشبردن و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان بۆ هەموان بەدەر لە نەژاد، ڕەگەز، زمان و یان ئایین لە ئامانجە سەرەکییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانە. دامەزرانی کۆمیسیۆنی مافەکانی مرۆڤ لەلایەن ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی وەک یەکێک لە ئۆرگانە سەرەکییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بەرهەمی ئەو بارودۆخە تایبەتەی دوای شەڕ بوو کە ساڵی ١٩٤٦ دامەزرا. کۆمیسیۆن لە داڕشتن و جیهانگیرکردنی ستانداردە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ ڕۆڵێکی گرینگی گێڕا و سەرەتا بە بڵاوکردنەوەی بەڵگەنامەی نائیلزامی بەڵام گرینگی جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ لە ساڵی ١٩٤٨ سەرنجی وڵاتانی بۆ ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ ڕاکێشا. ئەو بەڵگەنامەیە تا ئێستاش بە گرینگترین و لە هەمان کاتدا گشتگیرترین بەڵگەنامەی نێودەوڵەتی دادەنرێ کە بە ئامانجی ڕێزگرتن لە ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ بڵاو کراوەتەوە.

گەورەترین کەمایەسیی جاڕنامەکە بریتی بوو لە نائیلزامی بوونی، هەر بۆیە کۆمیسیۆن لە ١٩٦٦ هەر دوو ڕێککەوتننامەی مافە مەدەنی و سیاسییەکان و مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی بە پەسندی کۆڕی گشتی گەیاند و زۆربەی وڵاتانی جیهان واژۆیان لەسەر کرد. بەشێوەیەکی گشتی چالاکییەکانی کۆمیسیۆنی مافەکانی مرۆڤ بەسەر سێ قۆناغدا دابەش دەکرێ: لە ساڵی ١٩٤٦ هەتا ١٩٦٦ بە قۆناغی داڕشتن و سەقامگیرکردنی ستانداردە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ دادەنرێ. لە ١٩٦٧ بەولاوەیە کە کۆمیسیۆن لە ڕێگەی ئامادەکردنی ڕاپۆرتی بابەتی و هەروەها پێکهێنانی گرووپی جیاوازی کاری بەدواداچوون بۆ پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە وڵاتانی جیهان دەکا. لە ساڵی ١٩٩٠ەوە قۆناغی سێهەمی چالاکیی کۆمیسیۆن دەست پێ دەکا کە تێیدا کۆمیسیۆن سەبارەت بە پرسەکانی پەیوەندیدار بە مافی مرۆڤ و بەرەوپێشبردنی مافە فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان، ڕاوێژ پێشکەشی وڵاتان دەکا.

لەگەڵ ئەوەی کۆمیسیۆنی مافەکانی مرۆڤ لە جێگیر کردنی بنەماکانی مافی مرۆڤدا کاریگەرییەکی گەورەی دانا، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٦ هەڵوەشایەوە و جێگەی خۆیدا بە شوڕای مافەکانی مرۆڤ. شوڕا پێچەوانەی کۆمیسیۆن بەدواداچوون بۆ پرسی مافی مرۆڤ لە هەموو وڵاتانی ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان بەبێ جیاوازی و بە شێوەی دەورەیی دەکا. ئەو میکانیزمە دەوڵەتانی هان دا بۆ باشترکردنی دۆخی مافەکانی مرۆڤ لە خولەکانی داهاتوودا، بۆ ئەوەی خۆیان هەرچی زیاتر لەگەڵ پڕەنسیپە پەسندکراوەکانی مافی مرۆڤ بگونجێنن.

لە ئامانجەکانی پێکهێنانی ئەنجومەنی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان بریتی بوو لە بەستنەوەی پێشێلکاریی بەربڵاوی مافەکانی مرۆڤ بە فەسڵی حەوتەمی مەنشووری نەتەوە یەکگرتووەکان واتە هەڕەشەی ئاسایش و ئەمنیەتی نێودەوڵەتی بوو کە لە پڕۆژە پێشنیارییە چاکسازییەکەی کوفی عەنان، سکرتێری ئەوکاتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتبوو. بەپێی ئەو پێشنیارە ئەگەر پێشێلکاریی بەربڵاوی مافەکانی مرۆڤ لە وڵاتان لە لایەن ئەنجومەنی مافی مرۆڤەوە پشتڕاست بکرێتەوە، دەرگا بۆ ئەنجومەنی ئاسایش دەکرێتەوە کە دەستێوەردان بکا. بەڵام ئەو هەوڵە سەری نەگرت و لە بڕیارنامەی دامەزراندنی شوڕای مافی مرۆڤ نەچەسپێنرا، کە دیارە وڵاتانی پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ و یەک لەوان کۆماری ئیسلامی لە دژبەرانی ئەو پێشنیارە بوون.

شوڕای مافی مرۆڤ بەرپرسیارەتیی سەرەکی هەیە لە پەرەپێدان و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان. ئەو شوڕایە لە سەریەتی بەدواداچوون بکا بۆ پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە وڵاتە جیاوازەکان و ڕێوشوێنی پێویست بگرێتە بەر. شوڕا جیا لەوەی وەک ئۆرگانێکی سەر بە کۆڕی گشتی پێگەی یاسایی بەرزترە لە کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ، لە هەمان کاتدا لەڕووی لۆجیستیکی و پێکهاتەییەوە قورسایی زیاتری هەیە و بڕیارەکانی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا خاوەن پلە و قورسایی زیاترن. شوڕا پێچەوانەی کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ لە هەر کاتێکدا دەتوانێ لێکۆڵینەوە لە پرسی پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤ بکا. جگە لەوە شوڕا لە ئامادە کردنی ڕاپۆرتەکانیدا پشت بەو زانیارییانە دەبەستێت کە لە لایەن دەوڵەتان، ڕێکخراوە نادەوڵەتییەکان و هەروەها نوێنەرانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەبەستێ، لە کاتێکدا کۆمیسیۆن تەنیا پشتی بە دەوڵەتان دەبەست.

دوابەدوای مەحکوومکردنی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە شوڕای مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە وێڕای مەحکوومکردنی پێشێلکاریی سیستماتیکی مافەکانی مرۆڤ لە ڕەوتی خۆپێشاندانەکانی ئێران، بڕیاری پێکهێنانی کۆمیتەیەکی بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕاستییەکانی ئەو پێشێلکارییانە دا. لێژنەی دەرخەری ڕاستییەکان زۆربەی جار کاتێک پێک دێ کە ئیدیعای پێشێلکاری بەربڵاو و سیستماتیک لە وڵاتێک لە ئارادا بێت کە بنەما پەسندکراوەکانی یاسای نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ و هەروەها یاسای نێودەوڵەتیی مرۆڤدۆستانە پێشێل کرابێت. ئامانجی شوڕا لە پێکهێنانی ئەو لێژنەیە بریتیە لە پشتڕاست کردنەوەی پێشێلکاریی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ کە گریمانە دەکرێ لە ماوەی ڕاپەڕینی ئەمدواییانەی خەڵکی ئێراندا ڕوویان دابێت. لێژنەی دەرخەری ڕاستییەکان لێکۆڵینەوە دەکا لە دۆخی مەترسیداری مافی مرۆڤ و بەتایبەت ئەوەی پەیوەستە بە ئەشکەنجە و ئێعدام و خراپ مامەڵەکردن لەگەڵ ژنان و دەسبەسەر کردن بە هۆکاری سیاسی و تەنیا بەهۆی بەشداری لە خۆپێشاندان و نارەزایەتی دەربڕینەکان. لە کۆبوونەوەی شوڕای مافی مرۆڤدا ڕاستەوخۆ ئاماژە بە کوشتنی خەڵکی مەدەنی و تەقە لە منداڵان کراوە کە بەپێی ئەساسنامەی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی دەکەونە خانەی تاوانی دژی مرۆڤایەتییەوە.

ئەوەی کە پێویستە سەبارەت بەو ڕووداوە ئاماژەی پێ بکرێ ئەوەیە کە سەرنجی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەسەر بەرنامەی ناوکی و هەروەها سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامییەوە بەرەو پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤ گۆڕاوە. کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، کۆماری ئیسلامیی ئێرانی پێشێلکاری مافی مرۆڤ بە مەترسی دەزانێ و بەرەبەرە خۆی لەگەڵ خواست و داواکارییەکانی گەلانی ئێران زیاتر دەگونجێنێ. بێگومان ئەوەش بەرهەمی ڕاپەڕینی جەماوەریی خەڵکی ئێران و پشتیوانیی ڕەوەندی ئێرانی لە دەرەوەی وڵاتە کە بۆتە هۆکاری سەرەکیی ئەو گۆڕانکارییە. لە نزیک دوو مانگ و نیو ڕاپەڕینی خەڵکی ئێراندا، وڵاتە جیاوازەکان زیاتریان تەحریمیان بەهۆی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ بەسەر ڕژیمی ئێراندا سەپاندووە و ئەو ڕەوتە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر لە پەرەسەندن دایە.

ئەوەی لەو ماوەیەدا بۆتە جێگای پرسیار و مشتومڕ چ لە ئاستی کۆمەڵگەدا و چ لە ئاستی نوخبەی قانوونیدا ئەوەیە کە بڕیارنامەی شوڕای مافی مرۆڤ خاوەن هێزی جێبەجێکار نییە و ئەنجامێکی ئەوتۆی بۆ کۆماری ئیسلامی بەدواوە نابێ.

ئەو گریمانەیە لە دوو ڕووەوە شایانی هەڵسەنگاندنە. ئەوەی کە بڕیارنامەکانی شوڕای مافی مرۆڤ ئیلزامی نین لەو ڕووەوە ڕاستە کە وەک یاسای نێوخۆیی زەمانەتی جێبەجێ کردنیان نییە و هیچ لایەنێک ناتوانێ بە زەبری هێز کۆماری ئیسلامی ناچار بە پێبەندبوون بە ستانداردەکانی مافی مرۆڤ بکا کە لە لایەن ئەو دامەزراوەیەوە هەوڵیان بۆ دەدرێ. لە ڕوویەکی ترەوە دەتوانین بڵێین بڕیاری شوڕا ئیلزامییە و لە ئەگەری پێملنەبوونی کۆماری ئیسلامی سزا یان پاشهاتی خراپی بۆ حکوومەت لێ دەکەوێتەوە. بەشێوەیەک کە پرێستیژ و ئێعتیباری ئێران ڕوو بە دنیای دەرەوە لاواز دەکا. کاتێک لە دامەزراوە نێودەوڵەتییەکاندا دەنگی وڵاتێک کز دەبێ، بە هەمان شێوە سەنگی وڵات لە بوارە جیاوازەکانی ئابووری و فەرهەنگیشدا داداەبەزێ و لە مەیدانی دیپلۆماسیشدا تەریک دەکەوێتەوە.

لە ماوەی زیاتر لە چل ساڵی ڕابردوودا زۆربەی وڵاتانی ڕۆژئاوایی و بە گشتی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانیاندا چاویان لە پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤدا داخستوە. هەڵوێستی ڕاشکاوانەتر و مرۆڤ تەوەری ئەمدواییانە و یەک لەوان مەحکووم کردنی کۆماری ئیسلامی لە لایەن ئەنجومەنی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ئاماژەیە بۆ هێزی ڕاپەڕینی ئەمدواییانەی گەلانی ئێران و تێگەیشتنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە گۆڕانکارییە چاوەڕوانکراوەکانی ئێران.



**کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، کۆماری ئیسلامیی ئێرانی پێشێلکاری مافی مرۆڤ بە مەترسی دەزانێ و بەرەبەرە خۆی لەگەڵ خواست و داواکارییەکانی گەلانی ئێران زیاتر دەگونجێنێ. بێگومان ئەوەش بەرهەمی ڕاپەڕینی جەماوەریی خەڵکی ئێران و پشتیوانیی ڕەوەندی ئێرانی لە دەرەوەی وڵاتە کە بۆتە هۆکاری سەرەکیی ئەو گۆڕانکارییە**

## وێستگە

# ڕێکخراوەکانی ژنان و ئەرکێکی گرینگ

**ئاسۆ مینبەری**

لە ٢٥ی نۆڤامبری هەموو ساڵێک هەتا ١٠ی دێسامبر و بە ماوەی ١٦ ڕۆژ کۆمەڵێک چالاکیی جیاواز لە سەرتاسەری جیهاندا بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژییەکانی دژ بە ژنان بەڕێوە دەچێ.

لە ڕاستیدا ٢٥ی نۆڤامبر و ئەو ١٦ ڕۆژە پڕتەقاڵییە، دەرفەتێکی زێڕینە بۆ ئەوەی کە فۆکۆسی زیاتر بخرێتە سەر ئەو پێشێلکارییانەی بەنیسبەت مافەکانی ژنان لە جیهاندا ڕوو دەدەن، هەر بۆیە زۆر بە بایەخەوە دەبێ لێی بڕوانین و بەتایبەتیش ڕێکخراوەکانی چالاک لە بواری ژنان زیاتر دەبێ هەوڵ بۆ کەڵکوەرگرتن لەم دەرفەتانە بدەن تاکوو بتوانن باشتر و زیاتر کار لە سەر کێشەکانی ژنان بکەن.

ئەمساڵ ٢٥ی نۆڤامبر و ١٦ ڕۆژی پرتەقاڵی هاوکات بووە لەگەڵ شۆڕشی ژینا، شۆڕشێک کە قەتڵی حکوومەتیی ژنێک بوو بە سەرەتایەک بۆ دەستپێکردنی!

لە ڕاستیدا خودی قەتڵی حکوومەتی یەکێک لە جۆرە دیارەکانی توندوتیژییەکان بەرانبەر بە ژنان بەتایبەت لە کۆمەڵگەی ئێرانە، توندوتیژییەک کە دەسەڵات بەپێی دەرفەت و ئیمکاناتی خۆی و بە کەڵکوەرگرتن لە یاساکانی خۆی زۆر بەئاسانی دەیکات و لە بەرانبەر هیچ ئاسەوارێکیشیدا خۆی بە بەرپرسیار نازانێ، هەربۆیە دەبێ گرینگییەکی تایبەتی پێ بدرێت و کاری زیاتری لەسەر بکرێت.

ڕاستیدا قەتڵی حکوومەتیی ژینا ئەمینی بە دەستی هێزەکانی گەشتی ئێرشاد توانی کۆمەڵگە بخاتە سەر هەست؛ فاکتەرە دیارەکانی ژن بوون و کوردبوونی ژینا لە قەتڵی حکوومەتیی ئەم کچە کوردەدا کاریگەرییەکی زۆریان هەبوو، ڕەنگە ڕووداوی لەم چەشنە بە ڕێژەیەکی دیار لە کۆمەڵگەی ئێراندا ڕووی دابێت بەڵام قوربانیبوونی ژینا وەکوو کچێکی کورد و هەستیاربوونی کۆمەڵگەی کوردستان بەنیسبەت خاوەنداریەتی کردن لە کچەکەی، وای کرد کە قەتڵی حکوومەتیی ژینا دەنگدانەوەی جیهانی بەدوای خۆیدا بێنێت و ببێتە یەکێک لە گرینگترین ڕووداوەکانی لانیکەم ١٠ ساڵی ڕابردوو لە جیهاندا.

ڕاستە کە قەتڵی حکوومەتیی ژینا دەبێ وەکوو یەکێک لە دیارترین پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ و مافی ژنان چاوی لێ بکرێت، بەڵام نابێ لە بیرمان بچێت کە ئەم توندوتیژییە، بووە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵێک توندوتیژیی دیکە کە دەکرێ وەکوو توندوتیژیی سیستماتیک ناویان لێ ببەین، لە کۆمەڵگەدا پەرە بستێنن، توندوتیژیگەلێک کە سیستمی دەسەڵاتداری زۆر بە ئاسانی پەرەیان پێ دەدات و خودی سیستمەکە وەکوو بکەری سەرەکییان بە ئەژمار دێت.

بەو پێیە کە لە ١٦ ڕۆژی پرتەقاڵی داین، پێویستە زیاتر بپەڕژێینە سەر ئەو پێشێلکارییە دیارانەی کە وەکوو توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان لە ماوەی زیاتر لە ٨٠ ڕۆژی ڕابردوودا ڕوویان داوە.

هەواڵدەرییە مافی مرۆییەکان لەم ماوەیەدا بەوردی پەرژاونەتە سەر ئەم بابەتە و بەردەوام هەوڵیان داوە ئاماری تایبەت لە ڕێژەی پێشێلکارییەکان وەک کوژران، دەسبەسەرکردن، ڕفاندن و ... بخەنە بەر دیدی خەڵکەوە، بەڵام بابەتێکی گرینگ کە دەچێتە چوارچێوەی توندوتیژییەکان و زۆر کەمتر ئاوڕی لێ دراوەتەوە ـ ئەڵبەت لەبەر هەستیاربوونی پرسەکە و فاکتەرەکانی دیکە کە پێوەندی و کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر ڕەوتی ڕاپەڕینەکە هەیەـ ، ئەو توندوتیژییەیە کە لای ژنانەوە هەمیشە بە ترسەوە باسی لێ کراوە و زۆرجاریش تەنانەت بیرکردنەوە بە ئازارەکانی قوربانییەکە و وێناکردنی ئەو هەلومەرجەی کە قوربانیی تێدا بووە، ئازارێکی پێ چاشتوون کە ڕەنگە کەمتر لە ئازاری خودی توندوتیژییەکە نەبووبێ.

لە ڕۆژانی ڕابردوودا زانیارییەکان لە نێوخۆی کوردستانەوە باسیان لەوە کرد کە ڕێژەیەکی بەرچاو لەو ژنانەی کە لەلایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە و لە ڕەوتی ڕاپەڕینەکەدا دەسبەسەرکراون، لەلایەن بەکرێگیراوانی ڕێژیمەوە لە گرتنگەکاندا دەستدرێژییان کراوەتە سەر و بەم هۆیەوە هەندێکیان ئێستا دووگیانیشن. ئەڵبەت ئەم دەستدرێژییانە تەنیا تایبەت بە ژنان نەبووە و هەن پیاوانێکیش کە هاوشێوەی ژنان کەوتوونەتە بەر ئەم توندوتیژییەوە و ئازار دراون.


لە ڕاستیدا پرسی دەستدرێژی یەکێک لە تاڵترین و بەژانترینی توندوتیژییەکانە کە بەرانبەر بە تاکەکان دەکرێت، لێرەدا زیاتر باس لەو دۆخە دەکەم کە بە سەر ژناندا زاڵ دەبێت، چونکە بەپێی عورفی کۆمەڵگە هەر کات ژنان کەوتبێتنە بەر پەلاماری کەسانێکی دڕندەوە و دەستدرێژییان کرابێتە سەر، یەکەم کاردانەوەیەک کە لەگەڵی بەرەوڕوو بوونەتەوە ئەوە بووە کە ژنان خۆیان بە تاوانبار ناسێندراون، هەر بۆیە زۆرجار قوربانییان یان ڕاستیی ڕووداوەکەیان شاردووەتەوە یان ناچار بوون کە پەنا بۆ ڕێگاگەلێک ببەن کە کۆتاییەکەیان تاڵ و خەمناک بووە.

دەستدرێژی توندوتیژییەکی ئاشکرایە، ژنان کە ڕەنگە زیاترین قوربانییانی ئەم جۆرە لە توندوتیژی بن لە کۆمەڵگەی ئێمەدا کەمترین ئاستی زانیاری و ئاگاییان بەنیسبەت ئەم توندوتیژییە هەیە، بۆیە زۆر جار لە بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم دیاردەیەدا، ڕێگایەک هەڵدەبژێرن کە کەمترین لۆژیکی تێدایە. ژنان لەم دیاردەیەدا قوربانین نەک تاوانبار، زۆرجار تێنەگەیشتنی کۆمەڵگە لەم ڕاستییە وا دەکات کە ئەوان خۆکوژی بە باشترین ڕێگەچارە بۆ ئەم کێشەیە بزانن، هیچ حاشا لەوە ناکرێت کە ئاسەوارەکانی ئەو ڕووداوە ئەتوانێ تا کۆتایی تەمەن لەگەڵ تاک بمێنێتەوە و لە قۆناغە جیاوازەکانی ژیاندا بیخاتە ژێر کاریگەریی نەرێنی خۆیەوە، بەڵام بێگومان بایەخدان بەو بابەتە و کارکردن لەسەری زۆر گرینگە.

هەستیاربوون بەو دۆخە یەکێک لە ئەرکەکانی ڕێکخراوەکانی ژنانە کە دەبێ زۆر جدی کاری ڕۆشنگەری و هیوابەخش بۆ قوربانییانی ئەو جینایەتە بکەن. چونکی ئەو پرسیارە زۆر ڕاشکاوانە بەرەوڕوویان دەکرێتەوە کە ئەگەر ئەوان ئەرکی وشیارکردنەوە و پێدانی زانیاری و ئاگایی بۆ تاکەکانیان لە ئەستۆ نەبێت، ئەدی کێ دەبێ ئەم ئەرکە بەجێ بگەیەنێ؟

## هەگبەی شاخ و شۆڕش

### چیایی تا دواهەناسە



### شەهید محەممەد محەممەدی (حەمەچەتە)



برایم چووکەڵی

نەتەوەی کورد لە مێژووی پڕ لە شانازی خۆیدا یەکجار زۆر ڕووداوی ناخۆش و دڵتەزێنی بە خۆیەوە دیوە و لە پێناوی ئازادی و سەربەستی و دابینکردنی مافەکانیدا، زۆر کوڕی بلیمەت و لێهاتوو و کارامەی پێشکەشی بە خاکی نیشتمان کردووە. کەم نین ئەو قارەمانانەی لە کاتی تەنگانەدا بوونە هەوێنی هیوا و هۆمێد بۆ نەتەوەکەیان و ئازایانە سینگیان هێنایە پێش و لەرزەیان خستە پەیکەرەی دوژمنی داگیرکەر.
کەم نین ئەو ڕۆڵە لەخۆبوردووانەی کە بە بیستنیناڵە و زاڵەی گەل دەستیان بەرز کردەوە و بوونە قەڵغانی بەرگری بۆ خاک و نیشتیمانی داگیرکراویان. کەم نین ئەو ئینسانە ئازا و نەبەزانەی کە تا ئاخر هەناسە و دوا دڵۆپ و دوا تنۆکی خوێن دڵیان بۆ ئازادی و ڕزگاری لێی دا و گیانیان بۆ نیشتمان بەخشی. محەممەد محەممەدی (ناسراو بە حەمەچەتە) یەکێک لەو ڕۆڵە بلیمەتانەیە کە لە "هەگبەی شاخ وشۆڕش"دا چیرۆکی حەماسەخوڵقێنییەکانی دەگێڕینەوە.

محەممەد محەممەدی ساڵی ١٣٢١ی هەتاوی لە گوندی" تەمربەگ" لە بنەماڵەیەکی هەژاری ناوچەی تیلەکۆی سەقز لەدایک بوو. هەر بەو هۆیەشەوە نەیتوانی بچێتە قوتابخانە و لە مێرمنداڵییەوە بوو شان بە شانی باوکی دەستی بە کاروکاسبی کرد. محەممەد لەگەڵ تێپەڕینی ڕۆژگار هەڵی دا و پاش پێکهێنانی ژیانی هاوبەش ماڵەکەی بۆ ئاوایی تەخت گوێستەوە و ملی وەبەر کاری وەرزێری نا و هەر لەو گوندەش بوو کە ناوی حەمەچەتەی بەسەردا بڕا! بەڵام بۆ ئەو ناوە؟ چیرۆکەکە ئەوەیە کە لە گوندی تەخت ئاغای گوند و ژاندارمەکانی ڕێژیمی شا فشاری بۆ دێنن و دواجار ڕۆژێک لە مووچە هێرشی دەکرێتە سەر. ئەویش زۆر ئازایانە لێیان وەدەست دێ و بە دەستی بەتاڵ لێیان ڕادەپەڕێ و دوایە ئیدی هەتا ماوەیەک ڕوو لە ئاوایی ناکاتەوە و لە شاخی دەمێنێتەوە. ئەوکاتیش ڕێژیمی پاشایەتی و دەستو پێوەندییەکانی هەرکەس لەبەرامبەریاندا ڕاوەستابا، بە چەتەیان ناو دەبرد.

ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی لەگەڵ ڕەوتی ڕاپەڕین بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی پاشایەتی و دەستپێکی خەباتی ئاشکرای هێزە سیاسییەکان محەممەد بەگوێرەی ناسیاوییەک کە لە حیزبی دێموکرات هەیبوو، بەرگی پێشمەرگایەتیی ئەم حیزبەی کردە بەر. لەو ساڵانەشدا کە هێرشی جینایەتکارانی دژەکوردی کۆماری ئیسلامی بۆ قەڵاچۆی شار و گوندەکانی کوردستان لە ئارادا بوو، و هەر ڕۆژەی لە ئاواییەک و لە شەقامی شارێک یا قوژبنی ماڵ و کۆڵانێک سینگی گەنج و پیرانی نەتەوەی کوردیان کونکون دەکرد، محەممەدی پێشمەرگە دژی ئەو ستەم و بێدادییانە لە سەنگەردا بوو. محەممەد پێشمەرگەیەکی بەوەج و بە بیروباوەڕ بوو، بۆ بەڕێوەبردنی ئەرک و مەئمووریيەتی حیزبی ئەوپەڕی دڵسۆزی و فیداکاریی لەخۆی دەنواند. ئەو هەرچەند خوێندەواریی نەبوو، بەڵام لە بردنەسەری ئاستی زانیاریی شۆڕشگێڕانە هەرگیز غافڵ نەبوو. کۆکردنەوەی شارەزایی سیاسی بەنیسبەت هەلومەرجی کوردستان، خەلکدۆستی، خاکەڕایی، ماندوویی‌نەناسی و ئامادەی بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی حیزبی زۆر زوو محەممەدی کردە سیمایەکی ناسراو و خۆشەویستی حیزبی دێموکرات لە سەقز.

محەممەد هەر لە ڕۆژەکانی هەوەڵی پێشمەرگایەتیدا پێشانی دا چەندە کوڕێکی بەئەدەب و بەهەستە. لە ماوەیەکی کورتدا توانی جێگای خۆی لەنێو دڵی هاوسەنگەرانیدا بکاتەوە. ئەو هەروەها لاوێکی بەدەستوبرد و قارەمان و کوڕێکی ئازا و لەخۆبوردوو بوو، لە ئاست دوژمندا ڕق ئەستوورو لە بەرانبەر خەڵک و هاوڕێیانیدا بەخشندە بوو. بۆ بڕیاردانی حیزبی سەر لەپێناو بوو، و زۆر چالاکانە لە شەڕەکاندا بەشداریی دەکرد. بۆیەش بەهۆی لێهاتوویی و کارامەیی لە فەن و تاکتیکی شەڕی پارتیزانیدا پلەکانی پێشمەرگایەتیی یەک بە دوای یەکدا بڕی و ئەو تایبەتمەندییانە بوونە هۆی ئەوە کە بە فەرماندەری لک دیاری کرێ.

شەهید محەممەد محەممەدی لاوێکی ژیر و ڕوح‌سووک، سەرتاپای وجوودی ئیحساساتی شۆڕشگێڕانە بوو، ئازا و بەجەرگ و نەترس بوو، ئیمانێکی قووڵی بە دروستیی سیاسەتەکانی حیزب و ڕێبازی بزووتنەوەی گەلەکەی هەبوو. بەنەزم و دیسیپلین بوو، لە شەڕەکاندا هەمیشە لە سەنگەری پێشەوەدا بوو. هەر شوێنێک محەممەد سەنگەری لێ گرتبایە، ئیدی مەحاڵ بوو دوژمن بتوانێ زەفەری پێ بەرێ. ئەو فەرماندەرێکی لێهاتوو و شارەزا، مرۆڤێکی تێکۆشەر و هەڵسووڕ و، جێگای ڕێز و خۆشەویستیی هاوسەنگەرانی و خەڵکی ناوچەکە بوو. ئەو هیچ کات هەستی بە ناهومێدی و دەستە وەستانی نەدەکرد. شەڕە حەماسییەکانی جادەی سەقز- سنە، سەقز- بانە، سوننەتە، تیلەکۆ، خوڕخوڕە، ئێرانشا و... بۆ هەمیشە شاهیدی جوامێری و ئازایەتی و لەخۆبوردوویی ئەو ڕۆڵە تێکۆشەرەی حیزبو گەلەکەمانن.

شەهید محەممەد یەکێک لەو پێشمەرگانە بوو کە لە هەموو ژیانی پڕ شانازیی پێشمەرگایەتییدا خاڵی لاوازی نیشان نەدا، هیچ کات لای پێشمەرگەکان هەڵسووکەوتێکی وای نەکرد یان بەشێوەیەک خۆی نیشان نەدا کە زەبر بە فەرماندە لکی حیزبەکەی بکەوێ. زۆرجار دووپاتی دەکردەوە کە پێشمەرگە چاوی لە فەرماندەکەیەتی و ئەگەر هەڵەکاری و چەوتیی هەبێ، پێشمەرگەش چاوی لێ دەکاو لە ئاکامدا تایبەتمەندیی فەرماندەیی خۆی لەدەست دەدا. شەهید محەممەد لە ماوەی تەمەنی خەباتگێڕی و تێکۆشانی خۆی‌دا گەلێک قارەمانەتیی بۆ حیزب و نەتەوەکەی تۆمار کرد و بۆ نەتەوەکەی بە میرات بەجێ هێشت کە حەماسە و قارەمانەتیی ڕۆژی ٤ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٦٠ یەک لەوان بوو، کە گیانی لەپێناویدا دانا.

لەو ڕۆژەدا بەپێی گەڵاڵەیەکی داڕێژراو لەسەر جادەی سەقز-سنە کەمینیان بۆ هێزەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی نایەوە. پاش شەڕێکی قارەمانانە محەممەد لەگەڵ سێ هاوسەنگەری دیکەی بە ناوکانی تۆفیق محەممەدزادە، عەبدوڵڵا مەجیدپوور و سابیر موڕادی شەهید بوون و تێکەڵ بە کاروانی نەمرانی حیزب و گەل بوون.

# کۆتایی سەردەمی سیاسەتی ناکۆکی بنێوە و حوکمەت بکە






زانیار حوسێنی

لەدوای کووشتنی ژینا ئەمینی، ئەوەی تا ئێستاکە لەپاش تێپەڕبوونی ٨٠ ڕۆژ لەو شۆڕشە هاتۆتەوە ئاراوە و هەموو جیهانی تەنیوە، ئەوەیە کە خەڵک نە پاشگەز دەبێتەوە، نە چیی تر هیوایان بە چاکسازی لە هەر ئاست و بوارێکدا ماوە لە حەیاتی ئەو دەسەڵاتەدا.

ئەوەی لەو خۆپێشاندانانەدا کە ئێستاکە چۆتە قۆناغی شۆڕشەوە ڕوی داوە، لەڕاستیدا ئەوەیە کە نە دەسەڵاتی ویلایەتی فەقی و نە دژبەرانی ئەو ڕێژیمە تێرۆریستە پێیان وابوو کە لەسەر کووشتنی کچێک، تەواوی ئێران یەکدەنگ دەبێت و بەو شێوەیە دەڕژێتە سەرشەقام؛ چوونکی ئەوە بۆ هەموو لایەنێکی سیاسی، چالاکانی بوارە جۆراوجۆرەکان و ڕۆژنامەنووسەکان بابەتێکی لەڕادەبەر دووپاتکراوەیە کە کچێک یان کوڕێک بەهەر هۆیەک لەلایەن دەزگاکانی ئەمنییەتی یان نیزامیی ئێرانەوە بکوژرێ. یەکەمجاریشە لە چەشنی خۆیدا کە بەشەکانی دیکەی ئێران ئاوا بە دەنگی کوردستانەوە دێن و ئەو جۆرە ناڕەزایەتییانە پێکەوە هاوبەش بکەن و پەرە بستێنێ بۆ هەر چوار گۆشەی ئێران.

جێی پرسیار و لێکۆڵینەوەیە کە بۆ دەبێ حاڵەتێک و دۆخێکی وا بێتە پێش لەو جوگرافیایە کە وردترین و بەئەزموونترین شیکارەکانی ئەو ناوچەیە لە بواری جۆراوجۆردا، نەیانتوانیبێ ئەو جۆرە لە خۆپێشاندانەکاندا پێشبینی بکەن، یان لانیکەم وەک ئەگەرێک ئاماژەی پێ بکەن؟ بەڕاستی نەبوونی ڕێکخراو و کۆمەڵگەیەکی ئازاد و میدیای سەربەخۆ ڕێگری ئەو مەسەلەیە بووە؟ یان تاکوو ئێستاش پوتانسییەل و زەرفییەتەکانی ناو ئەو جوگرافییایە بەدروستی نەناسراوە؟ چ شتێک یان شتگەلێکی شاراوە لەژێر پێستی هزر و ڕای گشتیی شارەکانی ئەو وڵاتە گوزەراوە کە هیچ لایەنێکی نێوخۆیی، ناوچەیی و جیهانی لە سەتا یەکیش، بیری لەوە نەدەکردەوە کە کووشتنی کچێک یەکێک لە گەورەترین ناڕەزایەتییەکان و خۆپێشاندانەکانی ئەو سەدەیەی لێ بکەوێتەوە؟

کۆمەڵگەیەک یان باشتر وایە بڵێین کۆمەڵە کۆمەڵگەیەک لەنێو ئەو وڵاتە کە هەمیشە هەوڵ دراوە وەک یەک کۆمەڵگە پێناسە بکرێت بەڵام جیاوازییە جۆراوجۆرە ناسراوەکانی لە هەر بەشێکیدا دیار بووە، بۆ یەکەمجار وەک کۆمەڵە کۆمەڵگەیەک کە لە ئاستێکی باڵادا خاڵی هاوبەشیان زۆر بووە و بۆ دوو مەبەستی سەرەکی هاتۆتە سەرهێڵ؛ یەکەمیان لادانی دەسەڵاتێکی خوێنمژ و دیکتاتۆڕە و دووهەمیان دامەزراندنی دەسەڵاتێکی دێموکراتیکە بە لەبەرچاوگرتنی ئوسوول و پرەنسیبە بنەڕەتی و سەرەکییەکانی مافەکانی مرۆڤ کە لەسەر ویست و خواستی ڕەوای ئەو خەڵکە بێ و ڕێزی لە کەرامەتی تاک و کۆمەڵگە بگرێت و لە هەموو بەشەکانی مانیفێستی دەسەڵاتداریدا بیگونجێنێ. لەڕاستیدا بەشە شاراوەکانی ئەو کۆمەڵە کۆمەڵگەیە بە چ ڕەهەندێک و تایبەت بە کام چین یان چینەکانە و هەر یەکەی لە چ ئاستێک دابووە کە سەرەڕای ئەوەی هیچ بەشێک و لایەنێکی بەڕوونی و بەوردی نەدیتراون بەڵام بەشێوەیەکی ڕێک و پێک و لەبەرچاوان ون، ناڕاستەوخۆ بەیەکدی لکێنراون. تەنیا ڕێگە بۆ بەدرووستی چوونەژوور لەو بابەتە، بەجیا چاولێکردنی کۆمەڵگەی هەر نەتەوەیەکە بۆ دەرکەوتنی ئاسۆیەکی تەواو و کامڵ لەو پازڵە شێواوەی ئێران.

لەو سەرهەڵدان و شۆڕشە دوو گەل زۆر بەرچاو و دیارن، کورد و بلووچ. کوردەکان کە لە سەرەتای دامەزرانی دەسەڵاتی مێزەربەسەرە قومی و نەجەفییەکان بڕیاری خۆیان دا و ئەو دەسەڵاتەیان وەک داگیرکەر پێناسە کرد و ڕوویان کردە ڕەهەندە جۆراوجۆر و جیاوازەکانی خەبات لەتەواوی تەمەنی ئەو دەسەڵاتەدا. بەلووچەکانیش هەر وەک کوردەکان ئەو ڕێگەیان هەڵبژارد و تاکوو ئێستاشی لەگەڵ بێ لەسەر ئەو ڕەوتە و ڕێگەیە بەردەوامن.

ئەو بابەتە بۆ تورکەکان هێندێک جیاواز بوو، هەرچەند ئەوان لە چەند قۆناغدا ناڕەزایەتییان دەربڕی و خۆپێشاندنیان کرد بەڵام تا ڕادەیەکی زۆر جۆری هەڵسوکەوتی دەسەڵاتی ناوەندی لەگەڵ وان وەک بەشەکانی دیکەی ئێران و گەلانی دیکەی نێو ئەو قەوارەیە، بەتایبەتمەندی جیاواز داڕێژرابوو. تورکەکان لە بواری ئابووری و هەروەها نیزامی بەتایبەت لە ڕێکخراوی سوپای پاسداراندا مەیدان و بەهایەکی زۆریان پێ درا. هەروەها لە دامودەزگا ئەمنییەکان وەک ئیتلاعاتی وڵات، زانیاری و هێزی پۆلیس بەستێنێکی بەربڵاویان بۆ ڕەخساندن؛ جگە لە بەشی ئابووری ئەو حاڵەتە بۆ گیلەکەکان و مازەنییەکانیش درووست کرا و ڕێک خرا.

عەرەبەکان، بەختیارییەکان و لۆڕەکان بەکورتی دەتوانین بڵێین لە هەمووشتە سەرەکییەکان بێبەش کران و تەنیا لە بازنەی ناوچەی خۆیان لەنێو ئێراندا ڕکەبەری ئابووری، کشت و کاڵی و مودیرییەتیان لە ئاستێکی زۆر خوارێ بۆ پێک هێنان و بە تێکدانی ژینگەیان بەشێوەی دەورەیی و دیاریکراو بەڵام بەزیندوو ڕاگرتنی کێشەکان لە نێویاندا، جۆری نیشتەجێ بوونیانی تا ڕادەیەکی بەرچاو گۆڕدرا ( هەمان سیاسەتی ڕەزا میرپێنج لەو ناوچەیە، بەڵام بەشێوەیەکی ئارامتر و وردتر). لۆڕەکان و عەرەبەکان لە دامودەزگای دیکە وەک تاقمی زەربەت، نێپۆ و دژەشۆڕش سازمان دران.

بەڵام کورد و بلووچ تەنیا بەشێوەیەکی بەرچاو و ڕێژەیی لە پایگا و بنکەکانی سوپای پاسداران و بەسیج سازماندەهی کران و لە بەشە ئەمنییەتییەکانی دی کەمتر بوونیان دیارە و دەرکەوتووە؛ لێنەزانی ستراتێژیک و بەئانقەستی ڕێژیمی ویلایەتی فەقی لە ناوچەکانی کوردستان، بەلووچستان، خوزستان و ئەو ناوچانەی کەمینە ئەتنیکییەکان تێیدا نیشتەجێن، هۆکاری سەرەکیی پەیوەستبوونی خەڵکی ئەو ناوچانەیە بە دامودەزگای نیزامی، ئەمنی و سەرکوت.

دەسەڵاتی ویلایەتی فەقی تەنیا لەو پارێزگایانەی کە فارسی لێ نیشتەجێیە یان کولتوور و هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتیی فارسی بەسەردا زاڵە، خۆی وەک حکومەتێکی تا ڕادەیەک خەڵکی دەرخستووە و خزمەتگوزارییەکانی بەشێوەیەکی باشتر و پێشکەوتووانەتر لەو بەشانەدا وەگەڕ خستوە.

لەڕاستیدا سیاسەتی ئەو ڕێژیمە بۆ هەر گەلێک بە شێوەیەکی جیاواز هەڵبژێرداوە و داڕێژراوە؛ لەنێو هەناوی هەر سیاسەتێکی تایبەت بۆ گەلێک، سەرلەنوێ بەپێی جیاوازی کولتووری، ئایینی و نیشتەجێبوونیان، وردبینانەتر پیلانەکان جیا کراوەتە و ئاڵوگۆڕی تێدا پێکهێنراوە.

بۆ نموونە لەنێو کوردەکاندا، سیاسەتی ڕێژیم لە پارێزگاری ورمێ بەهۆی تێکەڵاویی کورد و تورک، جیاوازە لەگەڵ سیاسەتەکانی ڕێژیمی تاران لە پارێزگاکانی کرماشان و ئیلام و سنە؛ بەو مانایە لە یەک سیاسەتی گشتی بۆ گەلێک، چوار سیاسەتی جیاواز لە چوار پارێزگا دانراوە.

بەشێوەیەک کە بتوانێ ئەو گەلە لەو چوار پارێزگایە لەبواری ئێتنیکی، زمانی، کولتووری، کۆمەڵایەتی و مێژوویی بەبیانووی ئایینی، زاراوەی ناوچەیی و پێناسەی شووناسی بنەماڵەیی و جوگرافی لەیەکدی هەڵبڕێ؛ ئەوە خۆی بەشی نێوخۆیی بۆ ئەو نەتەوەیەیە و هەوکات لە ئاستی گشتگیردا بە دیاریکردنی سنووری هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەی ئەو گەلە لە ڕێگەی میدیاکان و کار و چالاکییەکانی دام ودەزگای ڕێکلامی بە شێوەی مەیدانی، دەورەیی و بەبیانووی ڕێ و ڕەسمە تایبەتەکانی خۆیان بەنیسبەت گەلانی دیکەی ئێران ئەو دابڕانە لەو حاڵەتەشدا وەسەریەک بخاتەوە و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ بە ئامار و داتای هەڵە ئەو بۆشاییانە زیاتری بکات.

لە بواری سیاسی، ئیداری، ئابووری و نیزامی هەڵسوکەوتی ڕێژیم لە نێوخۆی پارێزگایەکی کوردی لەگەڵ پارێزگایەکەی دیکەی کوردی جیاوازی بەرچاو و زەق دەبینرێ.

بۆ نموونە بە کەڵکوەرگرتن و زەقکردنەوەی ئایین و کەمڕەنگ کردنەوەی بواری نەتەوەیی کورد لە کرماشان، مەیدان و دەرفەتێکی بەرفراوانتر دراوە بە کورد لەوێ بۆ بەشداریکردنی لەو چوار بوارەی لەسەرێ ئاماژەمان پێ کردن و بەهۆی ڕێژەی زۆری نیشتەجێ بوونی کورد لەو پارێزگایە، وەرگرتنی کورد لە ئەرتەش زۆر بەرچاوە و بە پرۆپاگەندە هەوڵ دراوە کە وەک بایەخێک لەو پارێزگایە چاوی لێ بکرێ و لە هەمانکاتدا کورد کەمتر لەلایەن سوپای پاسدارانەوە وەربگیردرێ. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەرک و دەسەڵاتی ئەرتەش لە ئێران و لەبەرانبەر سوپای پاسداراندا. لە حاڵێکدا لە پارێزگاکانی ورمێ، سنە و ئیلام دەرگای وەرگیرانی کورد لە سوپای پاسداران ئاوەڵایە و کەمتر کورد لەلایەن ئەرتەشەوە وەردەگیرێ، یان لەو ناوچانە سازمان دەدرێن؛ ئەوەش لە کەس شاراوە نییە، جیا لەوەی کە بە سیاسەتی ئابووری، ڕاگرتنی پڕۆژەکانی ڕەخساندنی هەلی کار بەشێوەیەکی پۆلێنبەندی کراو و هەنگاو بە هەنگاو چووەتە پێش، بەو هیوایە کە هیچ ڕێگەیەک نەهێڵێتەوە بو تاکی کورد و لە هەمبەر دووڕێیانی کۆچ یان پەیوەستبوون بەو ڕێکخراوە حکوومییانەی دابنێ.

سیاسەتی دەسەڵات لێکدابڕاندنی هەر گەلێکە لەنێو بازنەی خۆیدا بەبیانووی جیاوازییە ئاساییەکان (کە لەنێو هەر گەلێک لەجیهاندا بوونی سروشتی هەیە) و دواتر پێناسەکردنی هەرکامیان لە بەشێکی دیکە و لە بازنەیەکی گەورەترە بەجۆرێک کە بازنەی پێناسەی سەرەکی ئەو گەلە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ قەتیس تر بێتەوە. وەک نموونە بە کورد دەڵێ قەوم بەڵام هەورامی وەک پێناسەی کولتووری و زمانی بە نەتەوە پێناسە دەکات یان بەنیسبەت کرماشانی هەروەها و کورد لە ئیلام بەجۆرێکی دی و هتد؛ لەحاڵێکدا کە گەلی کورد وەک هەموو گەلانی جیهان لە کۆمەڵێک بناغەی ئێتنیکی لەنێو جەرگی ڕەچەڵەکێک پێک هاتووە.

ئەو سیاسەتە بۆ بەلووچ، عەرەب، گیلەکی و مازەنی و تا ڕادەیەک بۆ توورک بەکار دێت و بۆ هەرکام بەپێی زمان، کولتوور، مێژوو، کۆمەڵگە، ئایین، پێکهاتەکانی و بەتایبەت جیاوازییە ئاساییەکانی نێو ئەو بوارانە داڕێژراون. لە ئاکامیشدا بڵاو کردنەوە و پەرتەوازەکردنیانە لەنیو دامودەزگا جۆراوجۆری ئیداری، ئەمنی و نیزامی وڵاتدا بەبیانووی جۆراوجۆر و هۆکاری ئابووری، خزمەتگوزاریی زیاتر و هتد. لەو حاڵەتەشدا بەشێوەیەک پیلانەکان پۆلینبەندی دەکات کە هەر گەلێک ڕووبەڕووی گەلێکی دیکە بکاتەوە و مەترسی تووانەوە بەهۆی بوونی بەرانبەریان بۆ ساز بکات، هەوکات لەنێو هەناوی هەر گەلێکدا کە جیاوازییەکان دەکاتە ئامانج، بەنێوبژیوانی لەنێویاندا بە مەبەستی چارەسەرکردنی ئاکامی کێشە و تێکهەڵچوونیان لەگەڵ یەکدی، زیاتریان بازنە بازنە دەکات و بە شێوە و ویستی خۆی، بشێویی کولتووری و کۆمەڵایەتی و مێژوویی زیاتر پێک دێنێ تا وەک دەسەڵاتێکی بەهێز حوکمیان بەسەردا بکات.

بەڵام ئەوەی لەچاوی کاربەدەستانی ئەو ڕێژیمە جینایەتکارە ون بووە، هێز و توانای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ڕێکخراوەکانی ناوچەیی لە هەر بەشێک لە ئێران و ئاڵوگۆڕی ڕوانگەی نەتەوەکانی ئێران بەنیسبەت یەکدی و وشیارتربوونەوەی نەتەوەکانی ئێرانە کە بەشی هەرە زۆری بە تێکەڵاوتربوونی ئەو گەلانەیە بەهۆی پێداویستییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان. جێگەی ئاماژەیە کە بگوترێ کە مێژوو ئەو ڕاستییە دەرخستووە کە تێکدانی ڕاستییەکانی هەر کۆمەڵگەیەک و بەلاڕێدابردنی ویست، خواست و مافە ڕەواکانی خەڵک، لەئاکامدا دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ڕەوتە درووست و ئوسولییەکان لەنێو جەرگەی ئاشکرا و شاراوەیەی ئەو کۆمەڵگەیەدا. بەهەمان شێوە لەنێو کۆمەڵگەکانی دیکە و ئەو ڕەوتە کۆمەڵایەتی و کولتوورییانە بەهۆی خاڵی هاوبەش بەیەکدی دەلکێندرێن و دەبێتە هۆی سازبوون یان ئامادەبوونی بەستەرێک بۆ پڕ ڕەنگکردنەوەی ڕاستییەکان و لادانی ڕەوشتە دەسکردە غەیرە ئوسوولییەکان، بەپێی ڕادەی تێکدان یان تێکچوونی ڕاستییەکان؛ شاڵاوی تەنینەوەی ئەو ڕەوتە پێکهاتووانە بۆ گەڕاندنەوەی واقەعیاتی کۆمەڵگە یان هەر کۆمەڵگەیەک لە چوارچێوەی خۆیدا، توندتر و خێراتر دەبێت.

# شۆڕش ڕێگەی خۆی هەر دەدۆزێتەوە


ئەلبورز ڕۆئینتەن

لە سەر شۆڕش و چۆنیەتی و هەروەها سەرکەوتنی بە تایبەتی لە دوای شۆڕشی فەرانسە لە ساڵی ١٧٨٦ی زایینییەوە بەردەوام دەنووسرێت و هەر کاتێک کە کردەیەکی شۆڕشگێرانە لە سوچێکی دونیادا ڕوو دەدات، وێڕای پێداچوونەوە بە مێژووی شۆڕش و تایبەتمەندیە نوێیەکانی هەر شۆڕشێک سەر لە نوێ باس دەکرێت و جیاوازی و داهێنانەکان و هەروەها ئامرازەکانی سەرکەتن لە شۆڕشە نوێیەکان دەکەونە بەر شرۆڤەی زیاتر.

ئەو بابەتە بە تایبەتی لە دوای بەهاری عەرەبی کە چەندین وڵاتی عەرەبی گرتەوە و لە هەر وڵاتێک بە ئەزمونی جیاوازدا تێپەڕی، زیاتر بووە بە باسی ڕۆژی میدیا و شرۆڤەکاران و ئاکادمیستەکان. بە چاوخشاندنێک بە هەمووی ئەو لێکۆلینەوە و بۆچوون و ئەزمون و مێژوویانەش، فاکتێکی سەرەکی هەیە ئەویش ئەوەیە ناکرێ ڕێچکەیەکی هاوبەش و دیاریکراو بۆ شۆڕش لە هەموو شوێنێک دیاری بکرێت، بەڵکوو بە گوێرەی هەلومەرج و کات و شوێن هەر شۆڕشێک لە کۆتاییدا وەک ئاوێک کە دەڕێژرێ ڕێگەی خۆی دەدۆزێتەوە.

لەسەر شۆڕشی ئێستای بەردەوام لە کوردستان و ئێرانیشدا ئەو ڕاستیە دەتوانین ببینین، چونکە ناکرێ بەتەواوی بە شۆڕش لە فەرهەنگی چەپ یا ڕاست، یا بە بەهاری عەرەبی یا جووڵانەوە کۆمەڵایەتییە کۆن و نوێ لە ئورووپا بشوبهێنرێت. بەڵکوو هەندێک تایبەتمەندی وایکردووە کە ئەو شۆڕشە جیاواز و تەنانەت دەگمەن بێت. هەربۆیەش لەوانەیە سەرکەوتنەکەشی جیاواز و دەگمەن بێت، هەر بۆیە نابێ لە کاتێک کە نارەزایەتیەکان کە دەگەنە ئەوپەڕی بەهێزی پێمان وابێ کە ئێتر کار تەواوە، دەبێ تا کاتی ڕووخانی ڕێژیم بە شێوەیەکی جیدی بەردەوام بین، هەروەها نە ئەو کاتەی کە نارەزایەتییەکان ڕوو لە لاوازی دەچن لەو باوەڕەدا بین کە ئەو شۆڕشە ئێتر بەتەواوی سەرکوت کراوە.

لە هەمووی ئەوانەش گرینگتر یەکێک لە تایبەتمەندییە هەر بەرچاوەکانی ئەو شۆڕشە ئەوەیە کە دەتوانێ بەردەوام داهێنانی نوێ بۆ بەردەوامبوون دروست بکات، لە لایەکی دیکەوە ئێتر ئەکتی شۆڕشگێرانە بووە بە ئەکتێکی ڕۆژانەی خەڵک کە لە هەر دەرفەتێک بۆ بەردەوامبوون دەیقۆزنەوە. هەر بۆیەش نیگەرانی لە وەستانی ئەو شۆڕشە کە نزیکەی سێ مانگە بەردەوامە، دەبێ وەڵا بنێین و دڵنیایی سەرکەوتنی شۆڕشمان هەبێت و بەرنامە بۆ سەرکەوتنی دابنێین چونکە، شۆڕش بۆتە بەشێک لە ژیانی مرۆڤەکان، واتە شۆڕش وا لە ناخی خەڵکدا ڕۆچووە و جێگیر بووە کە قوتابییانی قوتابخانە سەرەتاییەکان وەک یارییەک بە دوای یەک دەکەون و درووشمەکانی شۆڕش دووپات دەکەنەوە، یا قوتابییانی قوتابخانە ناوەندی و دەبیرستانەکان لە کۆتایی کاتی مەدرەسە تەنانەت ئەگەر ژمارەیەکی کەمیش بن دەست دەکەن بە ڕێپێوان و خۆپێشاندان و درووشمدان.

لە وتارێکی وێبسایتی ئەلجەزیرە لە ساڵی ٢٠١١ کە لە لایەن ڕۆکسانا فەرمانفەرماییان، مامۆستای زانکۆی کەمبریج وەک وانەی شۆڕشی گەلانی ئێران بۆ خەڵکی ڕاپەریوی میسر دەنووسێ، ئەو وانانە بەو شێوەیە باس دەکات، کە یەکەمیان شۆڕش کاتی دەوێ. ئەو کە ئاماژە بە سووتاندنی سینەما ڕێکسی ئابادان وەک دەستپێک دەکات تا کاتی سەرکەوتن لە ٢٢ ی ڕێبەندان ساڵێک و مانگێکی خایاند. وانەی دووهەمی ئەوەیە کە ڕێژیمە دیکتاتورەکان کە دەسەڵاتی خۆیان چەسپاندووە بە هێمنی لەنێو ناچن، هەر وەک ڕێبەری نەمرمان دکتور قاسملووش لەسەر ڕێژیمی ئێران لەو باوەڕەدا بوو ئەو ڕێژیمە تەنیا بە بابەت نووسین ناڕووخێ. وانەی سێیەم کە خانمی فەرمانفەرماییان باسی لێوە دەکات، ئەوەیە کە سوپای لەشکری جێگای متمانە نییە، تەنانەت باسی لە ئەرتەشی ئێرانی پاشایەتی دەکات کە یەکێک لە ئەرتەشە بەهێزەکانی دونیا بوو، بەڵام نەیتوانی تا سەر ڕووبەڕووی خەڵک بێتەوە، ئەوەی ئێستاش لە چوارچێوەی هەڕەشەکانی سوپای کۆماری ئیسلامیشدا چ لە ئاستی نێوخۆی و چ لە ئاستی دەرەوەدا و هەروەها بە تایبەتی ئەو هێرشە مووشەکییانەی کە دەکات دەبینین، بە دڵنیاییەوە ناتوانێ ببێتە گارانتی بۆ مانەوەی ڕێژیم، بەڵکوو پڕۆپاگەندەی ڕیژیم لەو بوارە و تەنانەت بەکارهێنانی نیشانەی ترسی زۆری ڕێژیمە. وانەی چوارەم بۆ میسرییەکان لە ئەزموونی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ دا باس لە مانگرتنەکان وەک گرینگترین خاڵ لە سەرکەوتنی شۆڕش دەکات، کە لە شۆڕشی ئێستادا بە چڕی بەردەوامە کە توانیویەتی کاریگەرییەکی باش دابنێت، تەنیا مانگرتنە گشتییەکانی کوردستان نا، بەڵکوو مانگرتنی چین و توێژە جیاجیاکان توانیویەتی بەردەوامیی ئەو شۆڕشە نیشان بدات و لە داهاتووشدا کاریگەرییەکی زۆرتریش لە سەر باشتر بەڕێوەچوونی شۆڕش دادەنێ.

دوایین وانەی فەرمانفەرماییان کۆنترۆلی میدیای دەوڵەتییە. ئەو بابەتە لەوانەیە ساڵانی بەر لە ئینتێرنێت و ماسمیدیا گرینگی خۆی هەبێت لە ئێستادا بە هۆی هەبوونی ئینتێرنێت و ماسمیدیا و سمارت فۆن ئەو گرینگیەی جارانی نەماوە، تەنانەت ئەمجارە ڕێژیم بە پچراندنی ئینتێرنێتیش نەیتوانیوە کە شۆڕش لە بەرەوپێشچوون بوەستێنێ، بەڵکوو بە گەڕانەوە بۆ تاکتیکی بەر لە سەردەمی ئینتێرنێت خەڵک شۆڕشی بەردەوام کردووە کە ئەوەش یەکێک لە داهێنانەکانە، لە لایەکی دیکەوە هەککردنی بەردەوامی میدیای دەوڵەتی لە لایەن گرووپەکانی هەککریەوە، بۆتە هۆی ئەوەی لاوازیی ڕێژیم لە بوارەشدا دەربکەوێت کە ئەوەش شوێندانەری ئەرێنی لە سەر بەرەوپێشچوونی شۆڕش هەبووەو لە داهاتوو زیادتریش دەبێت.

هەمووی ئەو وانانە لەلایەک باسی ڕێبەریکردنی شۆڕش لە لایەکی دیکە هەر جێگای مشتومڕە، بەتایبەتی ئەوەی کە لە فەرهەنگی چەپدا زۆر گرینگییشی پێ دەدرێ ئەوەیە کە ڕێبەرایەتی و ڕێکخستنی شۆڕش لە لایەن ئۆرگانیزێکی دیار پێویستیەکی حاشا هەڵنەگرە، نەک لە شۆڕشێکی وەک شۆڕشی ئێستا کە لە کوردستان و ئێراندا بەردەوامە، بەڵکوو تەنانەت لە جووڵانەوەی کۆمەڵایەتی و گۆڕانکارییە جیدیەکانی کۆمەڵگەی ڕۆژئاواش باس لەو بابەتە دەکرێت. لین هارتنێت مامۆستای زانکۆی ڤیۆلۆنا لە سەر بابەتی ژورنال ستریت لە سەر ڕێبەرایەتیی شۆڕش دەڵێت: "زۆر جار شۆڕش هەنگاوی هەستیار هاوسەنگی لە خۆ دەگرن. پێشەنگەکانی شۆڕشگێڕان پێویستیان بە پشتیوانیی جەماوەرییە لە هەمان کاتدا پێشەنگەکانی (ڕێبەران) شۆڕشیش دەبێت وزە و خولیای شوێنکەوتووانی خۆیان بەکار بهێنن و ڕێنمایی بکەن. سەرەڕای ئەوەش، بزووتنەوە جەماوەرییەکان بەبێ سەرکردایەتی و وتەبێژ و پلانێکی ئایدیۆلۆژی شکست دەهێنن."

ئەگەر ئەم بابەتە بۆ کۆمەڵگەی ئەمریکای پێشکەوتوو کە دوو سەدە بە سەر شۆڕشە سەرکەوتووەکەی بۆ بونیادنانی ئەمریکا تێپەڕبوو پێداویستی بێت، ئەوە لە کۆمەڵگەی ئێمە ئەو پێداویستیە جیدیتر خۆی دەنوێنێت. بەڵام لە هەمان کاتدایشدا لە بەرانبەر ئەو هزرە تەنانەت بە هێنانەوەی نموونەکانی بەهاری عەرەبی ئەم بابەتە گرینگی خۆی لە دەست دەدات و دەگوترێ ئێتر خەڵکی گۆڕەپانەکان و شەقامەکان دەتوانن خۆیان ڕێک بخەن و بەرەو سەرکەوتن بڕۆن.

بۆ وەڵامی پرسیاری کام یەک لەو دو نموونەی سەرەوە لە سەر شۆڕشی ئێستای ژین ژیان ئازادی وەڕاست دەگەڕێ، ئایا ئەو شۆڕشە بێ ڕێبەر سەردەکەوێت یا بە ڕێبەر، دەگەڕێمەوە بۆ ئەو بابەتەی کە لە سەرەتا باسم کرد کە هەر شۆڕشێک تایبەمەندیی خۆی هەیە ڕێگەی خۆی هەر دەدۆزێتەوە، شۆڕشی ژین ژیان ئازادی دەتوانێت تێکەڵاوێک لە هەر دووکیان بێت، بەڵام لە سەر ئەوەی کە لە کوردستان ڕوو دەدات پێداویستی بە هەبوونی ڕێبەرایەتی زیاتر بەرچاوە، چونکە ئێمە زیاتر لە شۆڕش تەنیا بۆ ڕووخاندن پێویستیمان لە شۆڕش بۆ ڕووخاندن و بونیادنان هەیە کە بتوانێ خەباتی ڕەوای کوردستان بە ئاکام بگەینێ، کە تەنانەت تەنیا ئازادی نا بەڵکوو لە هەمان کاتدا هەندێک گۆڕانکاری جیدی کۆمەڵایەتی کە بە هۆی سیاسەتی داگیرکەرانە بە سەر کۆمەڵگەکەماندا سەپاوە نەمێنێ وکۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو و دێموکراتیک بەدی بهێنێ، ئەوە تەنیا بە ویستی کۆمەڵانی خەڵک مومکین نابیندرێت بەڵکوو بە ویست و خەباتی خەڵک و ڕێبەڕایەتیەکی خاوەن بەرنامە باشتر مومکین دەبیندرێت. هەر بۆیەش ئەوەی لە کوردستان لە چوارچێوەی حیزبی سیاسی کە هەیە و لەنێو خەڵکیش پێگەی هەیە توانیویەتی جیاوازییەکی قوڵ لەگەڵ ناوچەکانی دیکە درووست بکات بە دەوڵەمەندییەکی بەهێز ببیندرێت و لە ئەگەری باشتر بە ئەرکی خۆی هەڵستانی ئەو ڕیبەڕایەتییە و حیزبەکان گەرەنتیی زیاتر بۆ هەبوونی داهاتوویەکی جیاواز بە مانا باشەکەی هەیە.

# زیندان بەزێنەکانی ئێمە


حەسەن ڕەستگاریی مەجد

لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، بوونی بیروباوەڕی جیاواز کە بیەوێ دەسەڵاتی نگریسی ئەو ڕێژیمە بباتە ژێر پرسیار وەکوو تاوانێکی گەورە چاوی لێ دەکرێ و ڕەخنەگر لەگەڵ دەسبەسەرکران، ئەشکەنجە، زیندان، ئێعدام، تیرۆر و... ڕووبەڕوو دەبێتەوە. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە چوار دەیەی ڕابردوودا بە پێشێلکردنی بەردەوامی یاسا و کۆنڤوانسیۆنە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ بە یەکێک لەو وڵاتانی پێشێلکەری مافی مرۆڤ لە ئاستی دنیادا ناسراوە و لەو سۆنگەیەشەوە بە بەردەوامی لەلایەن کۆڕوکۆمەڵە جیهانییەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ و وڵاتانیشەوە مەحکووم کراوە و سزای خراوەتە سەر.

سەرکوتی زیندانییانی سیاسی کە تاوانیان! تەنیا هەبوونی بیروبڕوای جیاواز و هەوڵدان بۆ گۆڕینی دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەکەیان بووە، لە میناکە هەرە بەرچاوەکانی پێشلکردنی مافی مرۆڤ لە سۆنگەی دیکتاتۆریی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییە. ئاوڕدانەوە لە ژیان و بەسەرهاتی "حەسەن ڕەستگاریی مەجد"، زیندانییەکی سیاسیی دیکەی کورد مژاری ئەمجارەی ستوونی "زیندانبەزێنەکان"ی ڕۆژنامەیە.

حەسەن ڕەستگارەیی مەجد ساڵی ١٣٥٢ لە یەکێک لە شارەکانی کوردستانی تورکیە لە بنەماڵەکەی بە ڕەچەڵەک خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک بووە. حەسەن ساڵی ١٣٧٢ گەڕاوەتەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە شاری ورمێ نیشتەجێ بووە و ملی لە کار و کاسبی ناوە. حەسەن ڕۆژی ٥ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٩٣ لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانی شاری ورمێوە بە تۆمەتی بەشداری لە "کۆبوونەوەی داکۆکی لە خۆڕاگریی کۆبانی" دەستبەسەر کرا. ئەو بۆ ماوەی ساڵێک لە بەندی ڕەوان‌دەرمانیی زیندانی ورمێدا بەند کرا و پاشان بۆ بەندی تاوانەکانی مادەی هۆشبەر گواسترایەوە. دواجار حەسەن لە خەرمانانی ساڵی ١٣٩٤دا لە دادگای شۆڕشی شاری ورمێ بە تۆمەتی "شێواندنی ئەمنییەتی گشتی"، "هەوڵدان بۆ تێکدانی ئاسایشی نەتەوەیی" و "ئەندامەتی لە پارتی کرێکارانی کوردستان"دا دادگایی کرا و سزای ١٥ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپا. حوکمی دادگای شۆڕشی ورمێ لەدژی حەسەن ڕەستگاری دوای تانەلێدان لەلایەن ناوبراوەوە، لە دادگایی پێداچوونەوەدا وەک خۆی پەسند کرایەوە.

حەسەن ڕەستگاری دوای ئەو حوکمەش لە دوو پەروەندی جیای دیکەدا بە تۆمەتی "مانەوەی نایاسایی لە وڵات" سزای ٣ ساڵ زیندان و بە تۆمەتی "پڕوپاگەندە دژی نیزام" ساڵێکی دیکەش زیندانی بەسەردا سەپا.

حەسەن سەرەماوەزی ساڵی ١٣٩٥ بۆ نارەزایەتی‌دەربڕین بە دروستکردنی پەروەندە لەلایەن ناوەندە ئەمنییەتییەکان و لەپێناو پێداچوونەوەی نوێ بە پەروەندەکەی ٣٢ ڕۆژ مانی لە خواردن گرت. و ڕۆژی ١٥ی بەفرانبار پاش چاوپێکەوتن لەگەڵ قازیی چاوەدێر و وەرگرتنی بەڵێنی پێڕاگەیشتن بە پەروەندکەی کۆتایی بە مانگرتنەکەی دێنێ. کەچی بە دوای ئەوەدا حەسەن لە سللولی ئینفرادیی زیندانی ورمێرا بۆ لقی ١٠٤ی دادگای بەڕێ دەکرێ و بە تۆمەتی "شێواندنی ئەمنییەتی زیندان" بە لێدانی ٢٠ قامچی و ٣ مانگ زێدە زیندانی دیکە مەحکووم دەکرێ. بەمجۆرە ئەوە زیندانییە سیاسییە کوردە سەرجەم ١٩ ساڵ و سێ مانگ زیندانی بەسەردا دەسەپێ کە بە پشتبەستن بە ماددەی ١٣٤ یاسایی سزادانی ئیسلامی دەبێ لانیکەم ١٥ ساڵ لەو ماوەیە بکێشێ.

بێبەشیی حەسەن لە مافەکانی وەک زیندانییەکی سیاسی و پێداگرییەکانی بۆ بەدواداچوونی ویستە ڕەواکانی وای کرد کە جارێکی دیکەش لە سەرەتای مانگی ڕەزبەری ساڵی ١٣٩٨ ی هەتاوییەوە، بۆ نارەزایەتی‌دەربڕین بە بەتاڵکردنی ناسنامە ئێرانییەکەی لەلایەن دادگای گشتیی شاری ورمێوە و هەڕەشەی ناوندە ئەمنییەتییەکان لەمەڕ ڕادەستکردنی بە وڵاتی تورکیە مان لە خواردن بگرێت. حەسەن ڕەستگاری ئەمجارەش پاشا ٤٠ ڕۆژ مانگرتن بە دانی وادە و بەڵێن لەلایەن دادستانی ئەو شارەوە لەمەڕ بەدواداچوون بۆ داواکارییەکانی، کۆتایی بە مانگرتنەکەی هێنا بوو. بەڵام ئەمجارەش کاربەدەستانی ڕێژیم زار بەدرۆ دەرچوون و ئەوەش بووە هۆی ئەوەی حەسەن بۆ جاری سێیەم لە ڕۆژی ١٠ی بەفرانباری ساڵی ١٣٩٩دا مان بگرێتەوە و لە نارەزایەتییەکانی بەردەوام بێت.

حەسەن ڕەستگاریی مەجد دەڵێ بە بەڵگەی تەواوەوە هاووڵاتیی ئێرانییە و ماوەی ٣٠ ساڵە گەڕاوەتەوە زێدی باب و باپیرانی و بڕیاری بەتاڵکردنی ناسنامە ئێرانییەکەی تەواو سیاسییە و کاریگەریی زۆر خراپ لەسەر ژیانی بنەماڵەکەی و دابڕان لە خوێندنی منداڵەکانی دادەنێت. لە ئێستادا حەسەن ماوەی ٨ ساڵ لە حوکمەکەی لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا کێشاوە و لەو ماوەیەدا دەستەملانی ئازار و ئەشکەنجە و مەینەتیی زۆر بووە. ئەو لە هەموو ئەو ماوەیەدا لە مافی مەرەخەسی و چاوپێکەوتن لەگەڵ بنەماڵەکەی بێبەش بووە.

کەسێکی ئاگادار لە دۆخی بنەماڵەی حەسەن ڕەستگاریی مەجد دەڵێ دوای بڕیاری دادگا لەمەڕ ئەستاندنەوەی مافی هاووڵاتیبوونی ناوبراو و بنەماڵەکەی، بنەماڵەی ئەم زیندانییە سیاسییە کوردە بەناچار چوونەتەوە تورکیە و ئێستاش داوا دەکەن حەسەن بۆ زیندانی تورکیە بگوازرێتەوە، بەڵام بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی لە وەڵامی ئەم داواکارییەدا بە وەزارەتی دەرەوەی تورکیەیان ڕاگەیاندووە کە ناوبراو ناسنامەی ئێرانیی هەیە و بەپێی یاساکانی ئێران ڕادەستی تورکیە ناکرێتەوە. بەمجۆرە حەسەن ڕەستگاریی مەجد ئێستا لە دۆخێکی نادیار و هەڵپەسێراو دایە؛ نە ڕادەستی تورکیە دەکرێتەوە و نە دان بە ناسنامە ئێرانییەکەیدا دەنرێت.

**ئا: دیاکۆ دانا**

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران:**

# بە فریای خەڵکی کوردستان بکەون

**بەڕێز سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان!**
**کۆڕ و کۆمەڵە جیهانییەکان!**
**دەوڵەتان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ!**

زیاتر لە ٧٠ ڕۆژ بە سەر نارەزایەتییە جەماوەرییە بەربڵاوەکانی ئێراندا تێدەپەڕێ. چەخماغەی ئەم سەرهەڵدانە، نارەزایەتی‌دەربڕین بە کوشتنی بێبەزەییانەی ژینا (مەهسا) ئەمینی لە تاران بە دەستی پۆلیسی کۆماری ئیسلامی بوو. ئەم نارەزایەتییانە لە شاری سەقزی کوردستانەوە بە دروشمی "ژن، ژیان؛ ئازادی" زۆر هێمنانە دەستی پێکرد و بۆ هەموو کوردستان و ناوچەکانی دیکەی ئێران پەلی هاویشت و لە دەرەوەی وڵاتیش سەرنج و پشتیوانی زۆری کۆڕو کۆمەڵە سیاسی و غەیرە سیاسییەکانی بۆلای خۆی ڕاکێشاوە. بەڵام وەڵامی کۆماری ئیسلامی بۆ ئەم دۆخە سەرەتا حاشاکردن لە کوشتنی ژینا بوو، و دواتریش بە سەرکوتی دڕندانەی خۆپیشاندەران گیانی سەدان کەسی دیکەیان ئەستاند و خۆپێشاندانە ئارامەکانیان بەرەو توندوتیژی و کوشتن و گرتن ڕاکێشا.

ڕاپۆرتی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی باس لەوە دەکەن کەم، لە ئاستی ئێراندا هەتا ئێستا ٤٤٥ کەس کوژراون کە ٦٣ کەس لەوان خوار تەمەن ١٨ ساڵ و ٤٣ کەس لەوان ژنن. هەر ئەو ئامارانە دەڵێن کە زۆرترین کوژراوەکان لە ناوچە هەمیشە پەراوێزخراوەکانی بەلوچستان و کوردستان بوون، بە جۆرێک کە لە کوردستان هەتا ئێستا شوناسی ١٠٨ کوژراو زاندراوە کە ١١ کەس لەوان منداڵ و ٥ کەس لەوان ژنن و لەو ئامارەش لانیکەم ٦ کەس لەژێر ئەشکەنجەدا گیانیان لێ ئەستێندراوە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران جگە لە تاوانی بەکارهێنانی چەکی شەڕ دژ بە خۆپیشاندەران لە زۆربەی ناوچەکانی ئێران، کوردستانی زیاتر لە هەر شوێنێک میلیتاریزە کردوە و دڕندانە خەڵک دەکوژێت، تەنانەت لە بەشێک لە شارەکانی وەک جوانڕۆ ڕژیم لە چەکی دۆشکا و گازی گازی ئەعساب کەڵکی وەرگرتووە. لە کوردستان بە گشتی خەڵک بەشێوەیەکی سیستماتیک کۆمەڵکوژ کراون و لە چەکی قورس و نیوە قورس بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ خەڵکی مەدەنی و دەسبەتاڵی کوردستان کەڵک وەرگیراوە و ئەوەش بەتەواو مانا تاوان دژی مرۆڤایەتییە و کۆمەڵگەی جیهانی لەسەرشانیەتی پێش بە بەردەوامیی ئەو جینایەتانە بگرێت.

دەزگای سەرکوتی کۆماری ئیسلامی لەو ماوەیەدا بە بەردەوامی و بەتایبەت لەو چەند ڕۆژەی دواییدا، سەرەڕای ڕاگەیاندنی حکوومەت نیزامیی شەوانە لە زۆربەی شارەکانی کوردستاندا، بە شێوازی هەڕەمەکی و هۆڤیانە لە کۆڵانەوە تەقە لە ماڵی خەڵک دەکەن، و دواتر هەڵدەکوتنە سەر ماڵەکانیان، پیر و لاو، ژن و منداڵ دەدەنە بەر پەلامار و بە بیانووی بەشداری لە خۆپێشاندانەکاندا خەڵک لە ماڵەکانیان دێننە دەر و بە بێڕێزی و سووکایەتی و لێدان دەسبەسەریان دەکەن. جگە لەوەش لە زۆر شار و شوێن بۆ نموونە لە شارەکانی وەک بۆکان، جوانڕۆ و مەهاباد هێزە چەکدارەکانی سەر بە سپای پاسداران لە هەڵکوتانە سەر ماڵەکاندا لەگەڵ گەیاندنی خەسار و زیان، زێڕوزیو و کەلوپەلی گرانبایی ماڵەکانیش بەتاڵان دەبەن.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران ڕادەگەیەنێ ئەوەی لە کوردستان ڕژیم دەرحەق بە خەڵک دەیکا جینایەتی جەنگی و تاوان دژی مرۆڤایەتییە. بۆیە پێشگرتن بە کۆماری ئیسلامی لە بەردەوامیی جینایەتەکانیدا پێویستیی بە ڕێکار و هەنگاوی بەکردەوەی جیدتر و لێبڕاوانەترە. دیارە پەسندکردنی بڕیارنامەی شورای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگروەکان دژی کۆماری ئیسلامی و دانانی کۆمیتەیەک بۆ دۆزینەوەی ڕاستییەکان کارێکی بەجێ و شیاو بوو، بەڵام ئێمە پێمان وایە دەبێ ڕێکاری جددیتر بۆ لێپرسینەوە و وڵامدەربوونی ئەو ڕێژیمە بگیرێتە بەر.

ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران جارێکی دیکە سەرنجی کۆمەڵگەی جیهانی بۆ دۆخی کوردستان و جینایەتەکانی رژیم ڕادەکێشێ و داوا لە ناوەندەکانی بڕیاردەر دەکا بەفریای خەڵکی کوردستانەوە بێن.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**٥ی سەرماوەزی ١٤٠١ (٢٠٢٢/١١/٢٦)**

# ڕاپۆرتی چەند دیدار و چاوپێکەوتنێکی حیزب

## دیدار لەگەڵ حیزبی شیوعیی کوردستان

ڕۆژی شەممە، ١٢ی سەرماوەزی ١٤٠١ی هەتاوی، هەیئەتێکی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستیی خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکرات سەردانی مەکتەبی سیاسیی حیزبی شیوعیی کوردستانی کرد و لەلایەن هەیئەتێکی ئەو حیزبەوە بە سەرپەرستیی دوکتور کاوە مەحموود سکرتێری حیزبی شیوعی پێشوازییان لێ کرا.

لەو دیدارەدا لەسەر پێشهاتەکانی ئێران و کوردستان و هەروەها دەستدرێژییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر هەرێمی کوردستان و مووشەکبارانی بنکە و بنەماڵەکانی حیزبی دێموکرات ئاڵوگۆڕی بیروڕا کرا. وتەبێژی حیزبی دێموکرات لەو دیدارەدا باسی لەوە کرد کە هیچ بەشێکی کوردستان ناکرێ بەرانبەر بە بەشەکانی دیکە بێلایەن بێ و خەبات لە هەموو بەشەکان دابڕاو لەوانی تر نین.

لەو دانیشتنەکەدا بەڕێز دوکتور کاوە مەحموود باسی لە ڕوانگەی خۆیان بۆ شۆڕشی ژینا کرد و ڕایگەیاند کە ئەوان پێیان وایە کە ئەو ڕووداوە، لە خۆپیشاندان دەرچووە و تەنیا دەبێ پێی بگوترێ شۆڕش و ئاکامەکەی کاریگەریی لەسەر ناوچەکە زۆر زیاتر لە بەهاری عەرەبی دەبێ.

***

## دیدار لەگەڵ پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان

ڕۆژی چوارشەممە، ٩ی سەرماوەز شاندێکی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستی خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزب سەردانی پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستانی لە شاری هەولێر کرد و لەلایەن باپیر کامەلا، سکرتێری پارتی کرێکاران و ڕەنجدەران و ئەندامانی مەکتەبی سیاسییەوە پێشوازیان لێ کرا.

لەم دیدارەدا کاک خالید عەزیزی باسێکی گشتیگیری لەسەر سەرهەڵدانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران و کاریگەرییەکانی لە ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا کرد. بەڕێزیان هەروەها تیشکی خستە سەر هەوڵەکانی حیزبی دێموکرات بۆ پێکهێنانی کۆدەنگیی لایەنە کوردستانی و ئێرانییەکان و گەیاندنی دەنگی ڕاپەرینی خەڵک بە کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان و گشتگیرکردنی خەبات دژ بە ڕێژیمی ئێران.

لە میانەی دیدارەکەدا سەرکردایەتی پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان، ڕۆڵی حیزبی دێموکراتیان لە بزاڤی نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەرز و بەپرسانە نرخاند.

***

## دیداری یەکیەتیی پارلمانتارانی کوردستان

شاندێکی پارلمانتارانی کوردستان بە سەرپەرەستیی مامۆستا جەماڵ قاسم، ڕۆژی سێشەممە ٨ی سەرماوەزی ١٤٠١ی هەتاوی سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە هەولێری کرد و لەلایەن شاندێکی ڕێبەرایەتیی حیزبەوە بە سەرپەرستیی کاک خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبەوە پێشوازیی لێ کرا.

لەم دانیشتنەدا کاک خالید عەزیزی دواگۆڕانکارییەکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستانی پاش "ڕاپەڕینی ژینا"ی شی کردەوە و تیشکی خستە سەر ڕۆڵی حیزبی دێموکرات و ناوەندی هاوکاری لەو ڕاپەڕینەدا و ، کاریگەرییە پۆزێتیڤەکانی ئەو بابەتەی لە بواری سیاسی و دیپلۆماسی لە نێوخۆ و دەرەوەی کوردستاندا دەستنیشان کرد.

لە درێژەی دانیشتنەکەدا مامۆستا جەماڵ قاسم و شاندی یەکیەتیی پارلمانتاران خۆشحاڵیی خۆیان لە گەشانەوەی جووڵانەوەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دەوری گرینگ و چارەنووسسازی حیزبی دێموکرات لەو قۆناخەدا دەربڕی و لەسەر پشتیوانیی خۆیان لەو بزووتنەوە و مەحکوومکردنەوەی هێرشە مووشەکی و درۆنییەکانی ڕێژیمی ئێران بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزب لە هەرێمی کوردستان پێداگرییان کردەوە. هەروەها باسیان لەو مێکانیزم و ڕێکارانە کرد کە دەکرێ لەم پێوەندییەدا هەرێمی کوردستان و حکوومەتی ناوەندی بیگرێتە بەر.

***

## دیدار لەگەڵ پارتی دێموکراتی کوردستان– سووریە

ڕۆژی یەکشەممە، ١٣ی سەرماوەز هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات بە سەرپەرەستیی خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزب، سەردانی پارتی دێموکراتی کوردستانی سووریەی لە هەولێر کرد کە لە لایەن هەیئەتێکی ئەم حیزبەوە بە سەرەپەرستیی دوکتور عەبدولحەکیم بەشار، جێگری سەرۆکی ئێتلافی ئۆپۆزیسیۆنی سووریەوە پێشوازی لێ کرا.

لەو دیدارەدا شاندی حیزب وێڕای باس لە گۆڕانکارییەکانی ئێستای ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران و بە ئاماژەدان بە هێرشی مووشەکیی ڕێژیم بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکرات و لایەنەکانی دیکەی کوردستان و سەرکوتی سەختی خەڵکی ڕاپەڕیوی شارەکانی کوردستان، باس لە سەر ئەو پیلان و سیاسەتانەی ڕێژیم کرا کە بە هەموو شێوەیەک پێوەیە لە ڕێگای سازکردنی شەڕ لە کوردستان و هێرش بۆ سەر حیزبەکان، بیروڕای گشتیی خەڵکی ئێران لەم کات و ساتەدا بەلارێدا بەرێت و، لاوازیی و داماویی خۆی بەرانبەر بە ئیرادەی جەماوەری ڕاپەڕیوی ئێران پووش بەسەر بکات.

لەو دیدارەدا هەیئەتی پارتی دێموکراتی کوردستان لە سوورییە وێڕای تەئیدی سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ناوەندی هاوکاری بەرانبەر بە ڕاپەڕین لە ئێران، باسی لە بارودۆخی کورد لە ڕۆژاوای کوردستان و هێندێک پرسی تایبەت بە دۆخەکە کرد.




ڕەزا دانشجوو

# شوناسی یاسایی و بەرگریی ڕەوا

### سێکانسی یەکەم

بەپێی پلانێکی پێشوەختەی دیاریکراو، دوای سەرکەوتنی تیپی تۆپی پێی ئێران بەرانبەر بە وێڵز، بەکرێگیراوانی ڕێژیم لە کاتێکدا ئاڵای کرێتی کۆماری ئیسلامییان لە سەرووی نێزەی تفەنگەکانیانەوە هەڵواسیوە، خەریکی نواندنی شانۆی گاڵتەجاڕی هێزنواندن لەنێو جەماوەری خەمباردان. بەکرێگیراوانێک کە سەماکردن بۆ خاوەن تاج بۆتە خووی ڕۆژانەیان، ئێستا لە سەربانی ئۆتۆمبێلێک سەما دەکەن کە هەر چەند ڕۆژ لەمەوبەر هەر لەنێو ئەم ئۆتۆمبێلەوە دڵی منداڵە بێتاوانەکانی ئەم خاکەیان دەکردە ئامانجی گوللەکانیان. لە گۆشەیەکی تردا تاقمێک بەکرێگیراو بە هەمان دەست کە هێشتاش بە خوێنی لاوانی کورد سوورن، بەڵێ، بە هەمان دەستە ناپاکەکانیان، دەسماڵی چۆپیبەدەست هەڵدەپەڕن. خۆبەزلزانینی نەبڕاوەی مووچەخۆرانی دەزگای ویلایەتی فەقیهـ کەسانی سووک و بێئابڕوو و بێدەسەڵات تەنانەت لە کاتی پێکەنین و گریانیشدا. نۆکەرانی دەربـاری ئاخوندی، گوێ لە فەرمان بۆ کوشتن و دەستدرێژی و لەسێدارەدان.

### سێکانسی دووهەم

خەڵکانێکی دڵخۆش، وەک ئەوەی هیچ شتێکی تر لەم کاتەدا نەتوانێت ئەوەندە دڵخۆشیان بکات، خەمبار لە شەقام و کۆڵانەکاندا، بەڵام کەیفخۆش بە شکستی هێزەکانی دیکتاتۆر، دڵنیا لەو ڕاستییە کە ناڕاستی هیچکات تا سەر نامێنێت، ئاهەنگی سەرکەوتن دەگێڕن. دەنگی هەرای خەڵک و هۆڕنی ماشێنەکان هەموو کەس ئاگادار دەکاتەوە، تەنانەت ئەوانەی کە خەویان زۆر قورسە، چ بگا بە ئەوانەی کە نیشان دەدەن کە خەوتوون و گوێیان لێ نییە! ئەو بەکرێگیراوانەی کە دوێنێ سەمایان دەکرد، ئێستا گەڕاونەتەوە سەر کاری خۆیان و خەریکن دیسان بۆ کوشتن فیشەک لەنێو خەڵکدا دابەش دەکەن، بەدوای سەردا دەگەڕێن بۆ پەتەکانیان. بۆنی خوێن جارێکی تر هەوای ئەم شارە خەمناکەی پڕ کردۆتەوە، بە دابی هەمیشەیی و پێشوویان بە خوێنی کوژراوەکان دەستنوێژ دەگرن و لەسەر جەستەیان نوێژ دەخوێنن. ئەمە ڕاستیی مەکتەبی وەلایەتی فەقییە.

### سێکانسی سێهەم

بکوژە بێڕەحمەکانی ڕێژیم بە تانک و هامەر و بە فیشەکی دۆشکا چوونە شەڕی خەڵکی بێدیفاع لەسەر شەقامەکان، خەڵکانێک کە جگە لە بەرد و شەرەف هیچی تریان پێ نییە، هەندێک جار تەنانەت بەردیشیان لە دەستدا نییە و وەڵامیان لە بەرانبەر فیشەکدا تەنها هاوار و دروشمە. بەکرێگیراوەکان بە دڕندەیی بێهاوتا خەریکی خۆڵقاندنی تاوانێکی مرۆڤین. جگە لە دەنگی فیشەک و گریان هیچی تر نابیسترێت، شەقام پڕە لە تەرمی ئەو کەسانەی تاقمێکیان تەنانەت هیچ پەیوەندییەکیان بە شۆڕشی ژیناوە نەبووە و تەنیا تاوانیان بوون لە کات و شوێنێکی دیاریکراو و کەوتن بەر فیشەکی بێ ئامانجی بەکرێگیراوانە، مەبەست هیچ گرینگ نییە، فەرمان تەقەکردنە و ئەوان دەبێ تەقە بکەن، ئێستا قەتڵ و کوشتن بۆتە خووی ڕۆژانەیان، هیچ جیاوازییەک لەنێوان منداڵ و ژن و پیاودا نییە. دەبێت بکوژن تا فەرماندە ڕقلەزگ و بێدەسەڵاتەکەیان کەمێک ئارام بێتەوە.

### سێکانسی چوارەم

بەکرێگیراوێک کە کەوتۆتە دەستی شۆڕشگێڕان و تەنانەت گوتنەوەی "مەرگ بۆ فەرماندەی بێدەسەڵات"، ناتوانێت لە دەست شۆڕشگێڕان ڕزگاری بکات. چەند فەرماندەی پلەباڵای سپای پاسداران لە چەند شاری جیاجیا لە لایەن شۆڕشگێڕانەوە سزا دەدرێن. بە ئاخوندەکانی حکوومەتی و نوێنەرانی بەکارنەهاتووی مەجلیسی ڕژێم ڕاگەیەندراوە کە ئاگاداری فەرمانگە و ماڵەکانیان بن. لەم ڕۆژانەدا بنکەکانی بەسیج، ناوەندەکانی گەندەڵیی کۆماری ئیسلامی، یەک لە دوای یەک لە ئاگری شۆڕشگێڕاندا دەسووتێن. ئێستا فەرماندەی سوپاش بەتەواوی ئاگاداری ئەم ترسە لە سەربازەکانیدا بووە. دیکتاتۆر لە چاوپێکەوتن لەگەڵ بەسیجییەکانی ئەڵقەلەگوێی، هەستی بە قووڵایی ئەم کارەساتە کردووە، دەزانێت چیتر توانایی ڕابردوویان نییە لەبەردەم ئەو خەڵکەی کە ئێتر ناترسن، قورئان بۆ بەکرێگیراوەکانی دەخوێنێتەوە ڕەنگە بتوانێت دیسان ئیرادەیان بەرز بکاتەوە، بەڵام زیاتر وەک خوێندنەوەی سورەتی یاسین وایە بۆ جەماعەتی ترساوی دڵمردوو.

### سڕینەوەی شوناسی و شوناسیی دەستووری

کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژی دامەزرانییەوە دەستی کرد بە سڕینەوەی هەموو نیشانەکانی شوناسی ئەوانیدی. زمان و جلوبەرگ و ڕێوڕەسم و داب و نەریت و هەموو ئەو شتانەی کە لە بیری دۆگماتیک و دواکەوتووی ئاخوندەکاندا جێیان نەدەبۆوە، بە بیانووی دژایەتی لەگەڵ ئایینی دەسکرد و ساختەی ویلایەتی فەقیهـ یان قەدەغە کران یان بەتەواوی لە ڕێبازی ڕاستەقینەی خۆیان لادران. هەرچەند کۆماری ئیسلامی بەشێکی زۆر لەم سەروەت و سامانە فەرهەنگییانە لە ڕواڵەت و لە شێوەی نووسیندا قبوڵ کرد و تەنانەت لە ئاستی دەستووری بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی دا ئاماژەیان پێکراوە، بەڵام بە کردەوە بە هەموو شێوەیەک حەوڵ درا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیان. بۆ نموونە زمانی کوردی تا ئەوکاتەی بۆ ستایشی ڕێبەری ڕێژیم و حکوومەتی کۆماری ئیسلامی بەکار دێت، ڕێگەپێدراوە؛ بەڵام کاتێک لە گێڕانەوەیەکی سەربەخۆدا، چ نووسراو بێت یان بە قسە بەکاردێت، نیشانەی تێکۆشان بۆ ڕووخاندنی دەسەڵات و جیابوونەوەیە. لەبەرکردنی جلوبەرگی کوردی بۆ بەکرێگیراوانی نێوخۆی ڕێژیم نیشانەی ڕێزگرتنە لە فەرهەنگی کوردی، بەڵام لەبەرکردنی هەمان جلوبەرگ بۆ کەسانی سەربەخۆ نیشانەی پەیوەستبوونە بە گروپە ئۆپۆزسیۆنە کوردییەکان. هەڵپەڕکێ لە جێژن و کۆبوونەوەکانی حکوومەتی جوانە و ڕێگەپێدراوە، بەڵام لە بازنەی تایبەتدا و گردبوونەوەکان خەڵکانی سەربەخۆدا نایاسایی و مەحکووم، ناشەرعی و نائیسلامییە. لە ڕاستیدا وەک هەموو بەشەکانی تر، بۆ ڕێژیم هەموو ئەمانە وەک ئامرازێک بۆ بەرژەوەندییەکانی دیکتاتۆر جێگای قبووڵوگفتوگۆیە. هەوڵی کۆماری ئیسلامی بۆ پێدانی شوناسێکی قانوونی و زۆرەملێ. پشتیوانی بێسنوور لە بەکرێگیراوان و یارمەتیدانی کەسانی بێ ناسنامە بۆ پیاهەڵدانی تاج و تەختی وەلایەتی فەقیهـ.

### بەرگریی ڕەوا

بەرگریی ڕەوا واتە دۆخێک کە مرۆڤ لە مەترسیدایە و ناچارە کاردانەوەی هەبێت بۆ ئەوەی بەرگری لە خۆی بکات. دیارە ئەم کاردانەوەیە دەتوانێت لە هەر ئاستێکدا ڕووبدات. بەرگریی ڕەوا لە زۆربەی وڵاتانی جیهان وەک دۆخێکی تایبەت ڕێگەپێدراوە. ئەوەی لە سەرەوە لە بارەی کاردانەوەی خەڵک بەرانبەر بە کردەوەکانی ڕێژیم باس کرا، بهشێکە لەو بەرگرییە ڕەوایە. لە حاڵەتی یەکەمدا کۆمەڵگە بەتەواوی لە بەرەی پێچەوانەدایە. لە بەردەم نۆرمی قانوونیی حکوومەت، فەرمانێک کە ئەمجارە نەک خودی کەسەکە بەڵکوو شوناسەکەی خستۆتە مەترسییەوە، ئەم جار خەڵک ئاگادار لە شوناسی ڕاستەقینەی خۆی لە بەرامبەر ئەو شوناسە دەستوورییەی کە دیکتاتۆر دەیهەوێ بە سەریدا زاڵ بکات ڕادەوەستێ و بەرەنگاری دەبێتەوە. بێگومان بۆ ئەو کەسانەی کە عاشقی یاریی تۆپی پێن و وڵاتەکەیان خۆش دەوێت، خۆشی و زەردەخەنە لەو ڕۆژەی تیمی وڵاتەکەیان دۆڕاوە، لە ڕاستیدا بەرگرییەکی ڕەوایە لە ناسنامەی هەڵبژاردەی وڵاتەکەیان، تێکۆشانی خەڵک بۆ وەرگرتنەوەی شوناسی تیمێکە کە ناوی خەڵکی لە سەرە بەڵام بۆ حکوومەت یاری دەکات. دڵخۆشیی خەڵک دەگەڕێتەوە بۆ شکستی حکومەت لە زەوتکردنی بەرژەوەندی تیپەکەیان. پێچەوانە ئەم جۆرە بەرگرییە ڕەوایە نیشانەی هۆگریی خەڵکە بۆ هەڵبژاردەی وڵاتەکەیان، مرۆڤ هەرگیز ڕکەبەری هیچ کەسێک ناکات بۆ وەدەستهێنانی شتێک کە لای بایەخی نەبێت. خەڵک چاوەڕوانی دەکرد ئەم یاریزانانەی کە خۆیان پەروەردەی کردوون و هەڵیانکێشاون، ئێستا لەم وەرچەرخانە مێژووییە، لایەنی خەڵک بگرن، لایەنی خاوەن ڕاستەقینەکانی هەڵبژاردەی نیشتمانی. خەڵک بۆ وەرگرتنەوەی شوناسی هەڵبژاردەی نیشتمانی خۆیان هاتنە سەر شەقامەکان.

وەک ئاماژەمان پێدا بەرگریکردن لەخۆ پێوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بە پلەی مەترسییەوە. ئەو کەسەی ژیانی لە مەترسیدایە هیچ بژاردەیەکی نییە جگە لە ڕووبەڕووبوونەوەی هێرشبەرەکە. ناتوانیت کەسێک بانگهێشتی گفتوگۆ بکەیت کە بێ ئامانج تەقەت لێ دەکات. دیارە تەواو ڕێگەپێدراوە لەو ئاستەدا بەرگری لە خۆت بکەیت کە مەترسیت لەسەرە. ئەمە ئەو واقیعەیە کە ئێستا لە مەیدانی کرداردا شۆڕشگێڕان ناچارن ڕووبەڕووی ببنەوە. ئەوان زۆر باش تێگەیشتوون کە کاتێک لایەنی بەرامبەر ئیرادەی گوێگرتنی نییە، قسەکردن لەسەر پێکەوەبوون دروشمێکی پووچ و بێبایەخ زیاتر نییە. بە دڵنیاییەوە ئەگەر باوەڕیان بە گفتوگۆ هەبوایە، بە تانک و هامەر نەدەهاتن.

لەگەڵ هەموو ئەوانەدا نابێ دوو خاڵی گرنگ لە باسکردنی بەرگری ڕەوادا پشتگوێ بخرێن. یەکەم: ئاشکرایە، وەک گوترا، دەبێت ڕێژەی کاردانەوە بەپێی پلەی مەترسییە ئەگەرییەکان بێت، پێویستە مەتر و پێوەرێکی دیاریکراو هەبێت و لە توندڕەوی خۆ دوور ڕابگرێت. خاڵێکی تری گرنگ ئەوەیە کە مرۆڤ هەرگیز نابێت تەنها یەک تێگەیشتنی هەبێت بۆ ڕووداو و کەسانی جۆراوجۆر، بێگومان دەبێت جۆری کاردانەوە لەبەردەم بەکرێگیراوێکی بێدەسەڵات بێ پلە و بایەخ جیاواز بێت لە بکوژێکی ناسراو و دەستڕۆیشتوو. نابێت ڕێگە بدرێت ئاراستەی ڕووداوەکان بەرەو دوو جەمسەری هەنگاو بنێت، هەموو کەس، تەنانەت ئەوانەی کە ڕەنگە کاریگەرییەکی زۆر کەمیان هەبێت، بوونیان بۆ شۆڕش پێویستە. بەدڵنیاییەوە گۆڕینی هێزێکی بێلایەنی ڕێژیم بۆ بەکرێگیراوێک و هاویشتنی بۆ نێو بەرەی ڕێژیم هەڵەیەکی گەورەیە. بۆ لەنێوبردنی کۆماری ئیسلامی، نابێت ڕێگای سەرەکی بگۆڕدرێت، نابێت مرۆڤ خۆی بخاتە نێو شتی بچووک و بێنرخەوە. با هەستەکان بەرەو ئامانجی سەرەکی ئاراستە بکرێن، بۆ دادگایی کردن و سزادانی تاقمێک نۆکری بێدەسەڵات و سووک هەمیشە کات هەیە. ئامانجی ئەم شۆڕشە لەنێوبردنی بریکار و بڕیاردەر و بەرپرسیاری سەرەکیی ئەم بارودۆخەیە. بە دڵنیاییەوە ئەمە پەیامی شەهیدان سوورخەڵاتە. بەرگریی ڕەوا مافێکی پارێزراوە و ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە بۆ گەیشتن بە سەری مار و ڕووخاندنی سیستمی وەلایەتی فەقیهـ.

کوردستان
● ژمارە: ٨٣٦
١٥ی سەرماوەزی ١٤٠١ _ ٦ی دێسامبری ٢٠٢٢

# وڵاتە یەکگرتووەکان پێ دەنێتە سەردەمێکی نوێی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئێران




و: کەماڵ حەسەن‌پوور

**نیویۆرک تایمز – دەیڤید ئی سانگەر**

لە کاتێکدا دەوڵەتی ئێران لە جەنگی نێوان ڕووسیە و ئۆکراین، یارمەتی ڕووسیە دەکات و درێژە بە پیتاندنی ناوکی دەدات، بەڕێوەبەرایەتیی بایدن گەمارۆی نوێی خستوونە سەر تاران و پشتگیریی خۆی لە خۆپیشاندەران ڕاگەیاندووە.

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، ئێران بە پشکێنەرانی نێونەتەوەیی ڕاگەیاندووە بەتەمایە دەست بە پیتاندنی سووتەمەنیی ناوکی تا نزیکی ئاستی بۆمبی ناوکی لە قووڵایی چیادا، شوێنێک کە بۆمبارانکردنەکەی دژوارە و بەرهەمهێنانی سووتەمەنیی ناوکیی خۆی، لە بنکەیەکدا کە ئیسرائیل و وڵاتە یەکگرتووەکان پەیتا پەیتا هەوڵی سابۆتاژیان داوە، بە شێوەیەکی بەرچاو پەرە پێ دەدات.

هێزە حکوومەتییەکان ناڕەزایەتییە دژی دەوڵەتییەکانیان سەرکوت کردوون، درۆنیان داون بە ڕووسیە تا لە جەنگی خۆی دژی ئۆکراین کەڵکیان لێ وەرگرێ و، بە گوێرەی بەشێک لە هەواڵگریی ڕۆژاوایی، گومانی ئەوە هەیە خەریکی وتوویژ لە مەڕ بەرهەمهێنانی هاژەک بۆ جبەخانەی چۆڵی ڕووسیە بێ. وڵاتە یەکگرتووەکان ڕۆژی سێشەممە جارێکی دیکە ئێرانی تاوانبار کرد کە بە هێرشکردنە سەر هەرێمی کوردستان، دەستدرێژیی کردۆتە سەر خاکی عێراق.

سەردەمێکی نوێی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ دەگەڵ ئێران دەستی پێ کردووە. بۆ ماوەیەک و لەبەر ڕووداوی دراماتیکی دیکە، لە ناویاندا داگیرکرانی ئۆکراین و پەرەگرتنی کێبڕکێی وڵاتە یەکگرتووەکان دەگەڵ چین و، درێژە کێشانی وتوویژ دەگەڵ تاران بە شێوەی ناتەواو، بۆ ماوەی ١٨ مانگ، سەرهەڵدانەکەی شاراوە بوو.

ئێستا، هیوای سەرکۆمار بایدن بۆ گەڕانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ نێو ڕێککەوتنی ناوکی ٢٠١٥ دەگەڵ ئێران، کە سەرکۆمار ترامپ لێی کشابۆوە، بەتەواوی مردووە. وتوویژەکان لە مانگی سێپتەمبەردا ڕاگیران و، لەو چەند حەوتوویەی دواییدا بایدن گەمارۆی نوێی خستۆتە سەر ئێران و پشتیوانی لە ناڕەزایەتییەکان، کە توندئاژۆکانی ئێران وەک هەڕەشەی کوشندە باسیان کردووە، دەربڕیوە.

بە گوتەی چەند کاربەدەستی بەڕێوەبەرایەتییەکە لە کۆشکی سپی، کۆبوونەوەکانی ئاسایشی نەتەوەیی لە بارەی ئێراندا کەمتر بۆ ستراتیژیی وتوویژ و زۆرتر بۆ چۆنیەتیی بنکۆڵکردنی پلانەکانی ناوکیی ئێران، دابینکردنی کەرەستەی پەیوەندی گرتن بۆ خۆپیشاندەران و پساندنی زنجیرەی دابینکردنی چەکوچۆڵ بۆ ڕووسیە، تەرخان کراون.

جان کێربی، وتەبێژی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی لە کۆشکی سپی، مانگی ڕابردوو بەڕاشکاوی بە دەنگی ئەمریکای گوت، "لە ئێستادا هیچ دیپلۆماسییەک لە پەیوەندی دەگەڵ ڕێککەوتنی ئێران لە ئارادا نییە. ئێمە ئێستا لە دۆخێکی چەقبەستوو داین و، جەخت لەسەر ئەو ناکەینەوە."

هێنری ڕۆم، هاوکارێکی پلەبەرزی ئەنستیتۆی واشینگتۆن بۆ سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی نزیک، گوتی مەودای هەڕەشەکە گەلێک لەوە زیاترە کە بە تایبەتی بەرپرسانی پێنتاگۆنی نیگەران کردووە: گواستنەوەی چالاکیی نیگەرانکەرترین پیتاندنی ناوکی بۆ دامەزراوەی ژێرزەمینی بە ناوی فۆردۆ، کە دە ساڵ لەمەوبەر دروستکردنەکەی تەواو بووە. بەڕێز ڕۆم گوتی، "بیر لەوە بکەنەوە، بە بەڕێوەبەرایەتییەک کە لە ژانویەی ٢٠٢١ دەستی بە کار کرد بگوترابا لە ماوەی دوو ساڵدا، ئێران ئۆرانیۆم تا ئاستی نزیک بۆمبی ناوکی لە فۆردۆ دەپیتێنێ، ژمارەیەکی زۆر لە پێشکەوتووترین ئامرازەکانی پیتاندن وەگەڕ دەخات، ئۆرانیۆمی بەرز پیتێندراو بۆ چەند بۆمب کۆ دەکاتەوە و هەوڵە سیاسییەکان ڕەت دەکاتەوە. ئەوە خراپترین سەناریۆ نییە، بەڵام زۆر لێی نزیکە."

لە هاوینی ڕابردوودا، کاربەدەستانی ئەمریکایی هێشتا هیوادار بوون ڕێککەوتنە ناوکییەکە زیندوو بکەنەوە. ڕێککەوتنێک کە ئێران و وڵاتانی ئورووپایی وتوویژیان لەسەر کردبوو نزیکەی تەواوبوون بوو. نوێنەرانی بەڕێوەبەرایەتیی بایدن، کە ئێرانییەکان خۆیان لە وتوویژی ڕاستەوخۆ دەگەڵیان دەبوارد، هێڵکارییەکانیان پەسەند کردبوو و چاوەڕوانی واژۆی ڕێبەری گەورە، عەلی خامنەیی بوون، کە قەت نەگەیشت.

کاربەدەستانی هەواڵگریی وڵاتە یەکگرتووەکان گەیشتوونە ئەو لێکدانەوەیە کە زیندووکردنەوەی ڕێککەوتنەکە، لەنێو ئێرانییە کۆنەپارێزەکان و سوپای پاسدارانادا، وەک لە نێو ڕەخنەگرانی ئەمریکایی ڕێککەوتنەکە، ناخۆشەویستە. ئێرانییەکان، ئەگەرچی تێیدا ناسەرکەوتوو بوون، بەڵام چاوەڕوان بوون وڵاتە یەکگرتوەکان بەڵێنی بدا کە قەت جارێکی دیکە بە شێوەی یەکلایەنانە لە ڕێککەوتنەکە ناکشێتەوە. ئەوان دەیانزانی کاتێک بگەڕێنەوە نێو ڕێککەوتنەکە، زۆربەی سووتەمەنیی ناوکی، کە ئێران لە جوابی بڕیاری دۆناڵد ترامپدا بۆ کشانەوە کۆی کردۆتەوە، دەبێ بۆ دەرەوەی وڵات بەڕێ بکرێ.

ئەوسا ناڕەزایەتییەکانی سەرشەقام دەستیان پێ کرد و ڕێککەوتن دەگەڵ ڕووسیە لە بنەڕەتدا بووە هۆی ئەوە کە ئێران، دەگەڵ بێلاڕوس، بکەونە بەرەی یارمەتیدەری داگیرکاریی ڕووسیە.

ڕابێرت ماڵی، نێردەی تایبەتی وەزارەتی دەرەوە بۆ وتوویژ دەگەڵ ئێران، ڕۆژی سێ شەممە گوتی، "ڕێژیم تاقمێک هەڵبژاردنی یەک لە دوای یەکی کردوون کە بە شێوەی پەرەئەستێن ئەوان لە خەڵکی خۆیان و تا ڕادەیەکی زۆریش لە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی دادەبڕێ، لە نێویاندا لە وڵاتانی ئورووپایی کە بەشێکی زۆر لە ساڵەکانی دەسەڵاتداریی ترامپیان بۆ دۆزینەی ڕێگایەک بۆ ڕزگارکردنی ڕێککەوتنە ناوکییەکە تەرخان کردبوو."

بەڕێز ماڵی، زۆر جار لەبارەی ئەگەری ڕێگاچارەیەکی دیپلۆماتیکدا گەشبین بووە، بەڵام ڕوانگەکەی بەئاشکرا گۆڕاوە. ئەو گوتی، "ئێران پشتی لە ڕێککەوتنە ناوکییەکە کرد کە خەریک بوو دەگەیشتە ئاکام"، ناوبراو ئەوەشی زیاد کرد کە دەوڵەتی ئەو وڵاتە "لە تێوەگلان" دەگەڵ ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی ناسەرکەوتوو بوو، کاتێک ئەوان داوای سەردانی زۆرتر و زانیاریی زیاتر لەمەڕ ئەو شوێنانەیان کرد کە ماددەی ناوکی لێیان بینرابۆوە. پاشان ئێران پلانی بنکەیەکی نوێی بەرهەمهێنانی ناوکی ڕاگەیاند.

بەڕێز ماڵی گوتی، ئاکامەکە "تاقمێک خولی خراپ بوون. سەرکوت دەبێتە هۆی ناڕەزایەتیی زیاتر. خۆپیشاندانی زۆرتر دەبێتە هۆی سەرکوتی زیاتر. هاوپەیمانی دەگەڵ ڕووسیە تەنیا ئێران زۆرتر تەریک دەخاتەوە، کە دەبێتە هۆی پەرە گرتنی ئەو هاوپەیمانییە و نەبوونی هیچ هاوبەشێکی دیکە."

نیگەرانیی سەرەکیی ئیسرائیل و خەڵکێکی زۆر لە وڵاتە یەکگرتووەکان، ڕاگەیاندنی پیتاندنی ئۆرانیۆم تا پلەی ٦٠ لە سەد لەلایەن ئێرانەوە لە بنکەی فۆردۆ، بنکەیەک کە لەنێو چیایەکدا هەڵکەتووە و بنکەیەکی سەربازییە، دوای هێرشی پەیتا پەیتای سایبەری و فیزیکی بۆ سەر بنکەی پیتاندنی ناوکیی نەتەنز، بوو. لە کاتی وتوویژی ناوکی لە نێوان ٢٠١٣ تا ٢٠١٥، بەڕێوەبەرایەتیی ئۆباما هەوڵی دا بنکەی فۆردۆ داخرێ. سەرۆکی وتوویژکاران، وێندی شێرمەن، کە ئێستا جێگری وزیری کاروباری دەرەوەیە، ئەوکات گوتی شکستی داخستنی فۆردۆ لە گەورەترین بێهیوایییەکان بوو، ئەگەرچی ڕێککەوتنەکە بەڕوونی چالاکییەکی ناوکی ئەوتۆی قاچاغ کردبوو کە ئێرانییەکان لەو دواییانەدا گوتوویانە لەوێ بەڕێوەی دەبەن.

پرسیارەکە ئێستا ئەوەیە کە ئاخۆ دەوڵەتی نوێی ناسازشکارتری ئیسرائیل کە بێنیامین نەتانیاهو خەریکە پێکی بێنێ گوشار دێنێ بۆ هێرش بۆ سەر ئەو بنکەیە، کە دژوارە وێران بکرێ مەگەر بە مەزنترین بۆمبی تێکشکاندنی بنکەی ژێر زەوی؟ وڵاتە یەکگرتووەکان و هەروەها ئیسرائیل ڕاهێنانی هێرشی ئەوتۆیان کردووە و، بەڕێز نەتانیاهو، دوایین جار کە سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل بوو، زۆری نەمابوو بڕیاری هێرشێکی ئەوتۆ بدات.

بەگوێرەی هەڵسەنگاندنێکی گشتی لە لایەن بەڕێوەبەرایەتییەوە، ئێران ئێستا هێندە گەشەی بە بەرنامە ناوکییەکەی داوە کە دەتوانێ سووتەمەنیی شیاوی بۆمب لە ماوەی چەند حەوتوودا کۆ بکاتەوە، لە کاتی ڕێککەوتنی ٢٠١٥ دا لێکدانەوەکە ئەوە بوو کە ئەو کارە کەمتر لە ساڵێک دەخایەنێ.

بەڵام ڕۆژاوا هێشتا کاتی هەیە: کاربەدەستانی سی ئای ئەی و هەواڵگریی ئیسرائیل دەڵێن چێکردنی سووتەمەنییەکە بە شێوەیەک کە بکری لە کڵاوی هاژەکێکدا جێگیر بکرێ، دوو ساڵی پێ دەچێ و، لەو دواییانەدا وڵاتە یەکگرتووەکان لێکدانەوەیەکی بڵاو کردەوە کە تێیدا گوترابوو هیچ بەڵگەیەک بۆ بوونی پرۆژەی دروستکردنی بۆمب لە ئارادا نییە. بەڵام پێشمەرجی ئەوە، بوونی هەواڵگریی نزیک بێخەوش لەمەڕ دۆخی بەرنامەکانی ناوکی و هاژەکی دەخوازێ، لە کاتێکدا کە پشکنینەکان سنووردار کراون و کامێراکانی داندراو لە لایەن ئاژانسی نێونەتەوەیی وەزی ناوکی لە لایەن ئێرانییەکانەوە کوژێنراونەوە. مەودای پەرە ئەستێنی نێوان زانیاریی دەتوانێ دۆزینەوەی لادان لە بەرهەمهێنانی سووتەمەنی ناوکی دژوار بکات. چەند شارەزایەک ئاماژەیان بەوە کردووە کە ئێران خەریکی گەشە پێدان بە هاژەکی دەریایی مەزنترە کە دەتوانێ زۆرێک لە بەربەستەکانی بەردەم گەیاندنی چەکێک نەهێڵێ.


ئاڵۆزیی دیکەش لە ئارادان. دانی درۆن لە لایەن ئێرانەوە بە ڕووسیە، ئێستا بۆتە فاکتەرێکی گرینگ لە جەنگدا و، بێتوو ئەو هاوکارییە هاژەکیش بگرێتەوە -تا ئێستا ئەوە پشتڕاست نەکراوەتەوە- وڵاتە یەکگرتووەکان و ئۆکراین لە هەوڵی وەستاندنی گەیاندنی ئەو چەکانەدا دەبن. بەڵام ئەوە مەترسیی بەرزکردنەوەی ڕیسکەکانی لێ دەکەوێتەوە چونکە ڕووسیە تا ئێستا لە هێرش بۆ سەر گەیاندنی چەکوچۆڵی ڕۆژاوایی بۆ ئۆکراین دوودڵ بووە.

بەڕێز بایدن لە ڕاگەیاندنی پشتیوانی لە ناڕەزایەتییە دەژی دەوڵەتییەکان لە سەرکۆمار ئۆباما، کاتێک ناڕەزایەتی هاوشێوە لە سەرەتاکانی بەرێوەبەرایەتی ئۆبامادا بەڕێوە دەچوون، ڕەوانبێژتر بووە. چەند یاریدەدەری بەڕێز بایدن، کە لە بەڕێوەبەرایەتیی ئۆبامادا خزمەتیان دەکرد گوتوویانە ئەوان جاری پێشوو لە ڕادەبەدەر وریا بوون، لە ترسی ئەوە کە ناڕەزایەتییەکان مۆرکی ورووژێنەرانی پەیوەندیدار بە سی ئای ئەی-یان لێ بدرێ. بەڵام پرسیاری شێوەی گەیاندنی یارمەتی زۆرتری وڵاتە یەکگرتووەکان بە شێوەیەک کە زیاتر لە ڕەوانبێژی و پشتگیریی ئەخلاقیی لە خۆپیشاندەران بێ و ئاخۆ بەڕێز بایدن ڕیسکی کرداری شاراوە بۆ یارمەتی ئەوان دەکات، بە تایبەتی بە لەبەرچاوگرتنی مێژووی کۆن، لە پەنجاکانی زایینی، کە سی ئای ئەی لە سیاسەتی ئێرانیدا دەستێوەردانی کرد، بێ وەڵام دەهێڵێتەوە. لە کاتێکدا ئەو ڕووداوە تا ڕادەیەکی زۆر لە لای زۆربەی ئەمریکاییەکانەوە لەبیر کراوە، ئەوە بە وردەکاریی زۆرەوە فێری ئێرانییە لاوەکان دەکرێ.

ڕەنگبێ زۆر شت بەوەوە بەسترابێتەوە کە ئاخۆ ئێستا بەڕێز بایدن و یاریدەدەرەکانی ئێران وەک هەڕەشەیەکی مەزنتر لە بەراورد دەگەڵ کاتێک کە سەرکۆمار دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت، سەیر دەکەن.

بەڕێز ڕۆم گوتی، "بەڕێوەبەرایەتییەکە زۆر جار دەیگوت دەیهەوێ بەرنامەی ناوکیی ئێران بخاتەوە نێو سندووقەکەوە و، من لەو بڕوایەدام ئەوە ڕەنگدانەوەی بیرۆکەی بەربڵاوتری وەلانانی ئالنگاریی ئێران دوای گەیشتن بە ڕێککەوتن بوو. بەڵام ئێستا بەڕێوەبەرایەتییەکە دەبێ خەریکی ململانێ دەگەڵ ئەو ڕاستییە بێ کە، لە بنەڕەتدا لە هەموو بوارەکاندا، ئێستا هەڕەشەی ئێران بۆ سەر ئاشتی جیهانی لە ساڵێک لەوەپێش زیاتر و گەورەترە."

---


دارسمە
دەنووکێ لە سمێن ناپارێزێ

## دوو کیسە چای چەکوش‌سەوز بۆ حەمیدی نووری لە سۆئید

ئەم خۆپیشاندان و مۆپیشاندان و سەرهەڵدان و مەرهەڵدان و ڕاپەڕین و ماپەڕین و ئاژاوە و ماژاوەی زیدی ئینقلاب و میدی ئینقلاب لە سەرانسەری ئێران ناویەتەوە، لە کەناڵی تەلەڤزیۆنی و ڕادیۆی دوژمنان و سۆسیال میدیای بەکرێگیراوانی بێگانان ئەوەندە بە بەربڵاوی بڵاو دەبێتەوە، زیانێکی زۆری بە کاروباری پڕۆفیشناڵانە و دەروەستانەی میدیاکان و "اصحاب رسانە" گەیاندووە.

دوای ئەوەی ئەم هەموو خەڵکە لە ئێران سنگی بە فیشەکی کەلاشینکۆف و ساچمەزەنی پارێزەرانی ئاسایش (تۆ بڵێ: مدافعان امنیت)ەوە ناوە و لە ماوەی ئەم سێ چوار مانگەی ڕابردوودا نزیکەی پێنسەد کەس خۆیان بە کوشتن داوە، زۆر ڕووداوی ڕاستەقینە پەردەپۆش کراون و زوڵم و ستەمێکی بێ‌پایان لە هێندیک لەو کەسانە کراوە ئێستا لە ژێر ئەشکەنجەی بەناو پارێزەرانی دیموکراسیی ئەورووپاییدا دەناڵێنن.

لەژێر سەرپۆشی ئەو هەڵڵاوبگرەی بە بیانووی خۆ بە کوشتن‌دانی دژبەرانی ئاسایشی ئێران و گەورەکردنەوەی "خۆپێشاندان و مۆپێشاندان و سەرهەڵدان و مەرهەڵدان و ڕاپەڕین و ماپەڕین و ئاژاوە و ماژاوەی زیدی ئینقلاب و میدی ئینقلاب لە سەرانسەری ئێران"دا، دەستەڵاتدارانی وڵاتانی ئورووپایی و ئەمریکایی وەک ئەمریکا، کانادا، ئاڵمان، فەرانسە و سۆئێد و چەندین وڵاتی دیکە بە پشتیوانی‌کردن لەو کەسانەی لە ئێران سنگ بە گوللەی پارێزرانی ئاسایشەوە دەنێن، خەریکی چەواشەکارین.

ئەوەی زۆر گرینگە و هەتا ئێستا باسی لێوە نەکراوە، ئەمەیە لەنێو ئەم هاتوهاوارەی بۆ کوژرانی پێنسەد کەسێک بەدەستی پارێزەرانی ئاسایشی ئێران ساز دراوە، پارێزەرێکی ئاسایشی ئەم وڵاتە لە زیندانی سوئید ئیزن نادرێت بە ڕێژەی پێویست چا بخواتەوە و هیچ بەدووریشی مەزانن هەر ئێستا بە دەست ژانەسەرەوە بناڵێنێت.

هەر وەک خوێنەر و موێنەر و تەنانەت گوێگر و موێگر و هەموو بەردەنگ و مەردەنگان ئاگادارن، حەمید نووری یەکێک لە پارێزەرانی ئاسایشی ئێرانە و بە هاوکاریی ئەم کاکە ئیبراهیم ڕەئیسییەی خۆمان چەند کەسی دیکەی وەک "جەعفەر مونتەزیری"ی دادوەری ئێستای ئێران، لە ساڵی ١٣٦٧ هەزاران کەس لە دژبەرانی ئاسایشیان لە زیندانی تاران گوللەباران کرد. ئاغای نووری لەم دواییانەدا لەدڵی خۆیدا هەستی بە "ژن، ژیان، ئازادی" کردبوو و بە مەبەستی "ژیان" و هەڵکێشانی هەناسەی "ئازاد" و تێر سەیرکردنی "ژن"انی بێ‌سەرپۆش سەردانی سوئێدی کرد و هەر لەوێ بە داوی پۆلیس و دادگاوە بوو و بە قسە و قسەلۆکی ئەو شایەتانەی دژی ئاسایشی دەستەڵاتی ئێران بوون، زیندانی هەمیشەیی بەسەردا سەپا.

حەمید نووری لەبەر ئەوەی "مدافع امنیت"ی ئێران بوو، ئێستا لە زیندانی سوئێدە و لەلایەکی دیکەوە دژبەرانی "امنیت" لە شار وشارۆچکە و گوندەکانی وڵات وەخۆکەوتوونەتەوە ودەستیان بە ئاژاوەگێڕی و شێواندنی "امنیت" کردووە. ئەم ئاژاوەگێڕانە لەکاتێکدا هەر لە ماوەی ئەم سێ مانگەدا سەدان کەسیان بەدەستی "مدافعان امنیت" کوژراوە و هەزاران کەسیان بریندار و لە زیندانان دان، کەشێکی ئەوندە خراپیان خولقاندووە، هەواڵی بێبەشکردنی حەمید نووری لە چا خواردنەوە، لە هیچ تەلەفزیون و ڕادیۆ و تۆڕێکی کۆمەڵایەتییەوە بڵاو ناکرێتەوە.

"مەجید نووری" کوڕی ئەم زیندانیە ئێرانییە لە سوئێد ئیزنی پێ دراوە لە بەندیخانە چاوی بە باوکی بکەوێت. ئەم کوڕە باوک بەندکراوە، بە چەشنێک باس لە ئەشکەنجەی سپی دژی باوکی دەکات، دڵی بەرد بۆی دەبێتە ئاو. ئەو لە وتوویژ لەگەڵ ماڵپەڕی "ئینساف نیوزی" ئێران دەگێڕێتەوە. "لەم جۆرە ئەشکەنجانە لە سوئێد زۆر باون. بۆ وینە دە خولەک پێش چاوپێکەوتنی ئێمە باوکمیان لەژێر فشاردا ناردبوو لە حەمام خۆی بشوات. کاتێک دیتم ئاڵۆز و شێواو بوو. باوکم حەزی لە چا خواردنەوەیە. هەفتەیەک بە ڕێکوپێکی چایان پێداوە دواتر لەناکاو ئەم چاپێدانەیان ڕاگرتووە. سوئێد لە ئەشکەنجەی سپیدا پسپۆڕە...".

لەکاتێکدا دەوڵەتی خوێنڕێژ و مرۆڤکوژی سوئێد گوێ بە "ملت همیشه در صحنە"ی ئێران نادات و خۆی لە ئازادکردنی کەسێکی بێ‌تاوانی وەک حەمید نووری دەبوێرێت، لانیکەم جێبەجێکردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە بۆ هاوسۆزی لەگەڵ کوڕە دڵبریندارەکەی ئازادیی چا خواردنەوەی زۆر پێویستن:

١- پێویستە دەستەڵاتی سوئێد قبوڵی بکات، جگە لە سێ ژەمی بەیانی و نیوەڕۆ و شەوانە، چێشتنەگاو و ئێواران و بەرلە خەوتنان ئەوندەی حەمید نووری خۆی داوا دەکات چای خواردنەوەی بۆ دابین بکات.

٢- بە مەبەستی ناساندنی سەرەڕۆیی و ستەمی بێ‌پایانی دەستەڵاتدارانی سوئێد دەرحەق بە حەمید نووری، پێویستە پێڤاژۆی چاخواردنەوە نەک بۆ حەمیدی نووری بەڵکوو بۆ هەموو زیندانیانی نێو سیاچاڵی سوئید بە جیهانی بکرێت و نوێنەرانی هەموو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لەژێر چاودێریی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی سەر بە دەستەڵاتی دادوەریی ئێران نەک هەر لە سوئێد بەڵکوو لە سەرانسەری ئورووپا و ئەمریکا چاودێریی چاخوردنەوەی بەندکراوان بکەن.

٣- ڕێکخراوی مافی مرۆڤی سەر بە دەستەڵاتی دادوەریی ئێران ئەو مافەی پێ بدرێت مانگانە لانی‌کەم دوو کیس چای چەکوش‌سەوزی "ئەعلا" بە چاودێریی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕاستەوخۆ ڕادەستی حەمید نووری بکات و ئەم کارە هەتا ئازادی یان کۆچی دوایی ئەم زیندانییە خۆڕاگرە ئێرانییە بەردەوام بێت.

**ئەنجام:** دوای خوێندنەوەی ئەم بابەتە هەوڵ و تێکۆشانی ماندوویی‌نەناسانەی "مدافعان امنیت" و بەرپرسانی دڵسۆزی ئێران و دڵڕەقی و ئاکاری دژەمرۆڤانەی وڵاتانی ئورووپایی لە سەرووی هەموانەوە وڵاتی سۆئیدمان زۆر ڕووتنتر لە جاران بۆ دەردەکەوێت.

KURDI STAN
Publishing by Democratic Party of Iranian Kurdistan
NO:836 6 December 2022

ناونیشانی ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:
www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 12594
polarization: Vertical -27500 FEc : 2/3
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیلی ڕۆژنامەی کوردستان:
info@kurdistanmedia.com
ئیمەیلی تەشکیلاتی نهێنی:
Tashkilat.kdp92@gmail.com

# دیدار و چاوپێکەوتنەکانی شاندی حیزب لە کۆنگرەی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست



شاندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە بۆ بیست و شەشەمین کۆنگرەی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست بانگهێشت کرابوو، لە پەراێزی کاری کۆنگرەدا چەند دیدار و چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ کاربەدەستانی سیاسیی وڵاتان هەبوو.

کاک مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە سەرپەرستیی شاندی حیزب لە کۆنگرەی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست دەکات، لە ڕۆژی دووهەمی کاری کۆنگرەدا و لە چەند دیدارێکدا دۆخی سیاسیی ئێران و کوردستان و دواگۆڕانکارییەکانی ڕاپەڕینی نوێی خەڵکی ئەم وڵاتەی لەگەڵ چەند کاربەدەستێکی سیاسیی وڵاتان هێنایە بەر باس.

بەڕێز هیجری لەو دیدارانەدا بەجیا لەگەڵ «پیا لۆکاتێللی»، نوێنەری پارلەمانی ئوروپا، «لۆید ڕاسڵ مۆیل»، ئەندامی پارلەمانی بەریتانیا لە حیزبی کار و «تەمیرلان سولتانبەکۆڤ»، سەرۆکی پارتی سۆسیال دێموکراتی قرقیزستان کۆ بۆوە. لەو چاوپێکەوتنانەدا وێڕای ئاڵوگۆڕی بیروڕا لەسەر پرسە هەستیارەکانی ئێستای جیهان، بەڕێز هیجری سپاسی هەڵوێستی ئەوانی بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران کرد.

بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکرات هەر لە پەراوێزی دیدارەکانی کۆنگرەدا چاوی بە پێدرۆ سانچێس، سەرۆکی تازە هەڵبژێردراوی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست و سەرۆک وەزیرانی ئیسپانیا کەوت و کتێبی «خولیا و مەرگی قاسملووی کورد»ی پێشکێش کرد.

شاندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێشتریش بەجیا لەگەڵ پێدرۆ سانچێس، سەرۆکوەزیرانی ئیسپانیا و سەرۆکی تازەهەڵبژێردراوی ئینتەرناسیۆناڵ سۆسیالیست، لویس ئەیالا و جۆرج پاپاندێریۆ سکرتێر و سەرۆکی ئینتەرناسیۆناڵ سۆسیالیست و برۆنۆ گۆنکالڤێس، سکرتێری یەکیەتیی لاوانی ئینتەرناسیۆناڵ سۆسیالیست دیدار و چاوپێکەوتنیان هەبوو. هەروەها دوای هەڵبژێرانی خاتوو تالاس بە سکرتێری نوێی ئینتەرناسیۆناڵ سۆسیالیست لەلایەن کاک مستەفا هیجرییەوە پیرۆزباییان لێ کرا.

خاڵی گرینگ و پڕبایەخ ئەوە کە لە باسەکانی کۆنگرەی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیستدا بەشی هەرە زۆری قسەکەران و وتاربێژان تیشکیان خستبووە سەر ڕووداوەکانی ئێران و پشتگیریی خۆیان لە شۆڕشی ژینا و هەروەها خەبات و تێکۆشانی حیزبی دیموکرات ڕاگەیاند.

بیست و شەشەمین کۆنگرەی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست کە لە مادریدی ئیسپانیا بەڕێوە چوو، سێ ڕۆژی خایاند و لە ڕەوتی کاری کۆنگرەدا بەڕێز مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکرات وتارێکی پێشکێش کرد و بڕیارنامەیەکیش لەپێوەندی لەگەڵ دۆخی ئێران و ڕاپەڕینی ژینادا پەسند کرا. هەروەها لە کۆنگرەی ئینترناسیۆناڵ سوسیالیستدا بۆ ڕێزگرتن لە خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات لەپێناو ئاشتی، ئازادی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، سپاسنامەیەک پێشکەش بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەندامی ئەسڵیی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیستە.

# هەڵبژێرانی گوڵاڵە شەرەفکەندی بە جێگری سکرتێری ژنانی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست

گوڵاڵە شەرەفکەندی، نوێنەری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بیست و دووهەمین کۆنگرەی ڕێکخراوی ژنانی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیستدا بە جێگری سکرتێری ئەو ڕێکخراوەیە بۆ بەشی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەڵبژێردرا.

بیست و دووهەمین کۆنگرەی ژنانی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست ڕۆژانی ٢١-٢٣ی نۆڤامبر بە بەشداریی هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنان لە وڵاتی ئیسپانیا بەڕێوە چوو.

کۆنگرە بە قسەکانی خاتوو «وەفا حاجی»، سەرۆکی پێشووی ڕێکخراوەکە و «پێدرۆ سانچێز»، سەرۆکوەزیرانی ئیسپانیا دەستی بە کار کرد. لە پانێلێکی باسەکانی کۆنگرەشدا کە بۆ باس لەسەر «چۆنیەتیی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ توندوتیژیی ڕەگەزی» تەرخان کرابوو، «شانتال کامبیوا»، جێگری سەرۆکی پێشووی سۆسیالیست ئینتێرناسیۆناڵ و سەرۆکی بەرەی دێموکراتیکی سوسیالیستی کامێرۆن؛ «هێلا بن یوسف»، جێگری سەرۆکی ڕێکخراوەی ژنانی سوسیالیست ئینتێرناسیۆناڵ و نوێنەری بەرەی دێموکراتیکی کار و ئازادیی توونێس، و گوڵاڵە شەرەفکەندی، نوێنەری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەشدار بوون.

خاتوو گوڵاڵە شەرەفکەندی لە وتارەکەیدا بە تیشکخستنە سەر چۆنیەتیی سەرهەڵدان و دروستبوونی شۆڕشی ژینا، سەرکوت و کوشتاری خەڵک لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە، داوای لە کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان بۆ کۆتاییهێنان بە پشتیوانیکردن لە کۆماری ئیسلامی و فشارهێنان بۆ ئەو ڕێژیمە و کۆتاییهێنان بە هەموو چەشنە دانوستان و هەروەها فرۆشتنی چەک بەو ڕێژیمە کرد. بەڕێزیان باسەکەی خۆی بە دروشمی ژن، ژیان، ئازادی کۆتایی پێ هێنا. لە ڕەوتی کاروبار و هەروەها پەراوێزەکانی کۆنگرەدا شاندی یەکیەتیی ژنان توانییان چاویان بە کۆمەڵێکی زۆر کەسایەتیی سیاسی و نوێنەرانی ڕێکخراوە بیانییەکان بکەوێ و دۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێرانیان لەگەڵ باس بکەن. هەروەها وێنەیەکی «ژینا» کە بە دروشمی ژن، ژیان، ئازادی بە چەند زمانی زیندوو نەخشێندرابوو، لە بەرۆکی بەشداربووان و بە تایبەتی پێدرۆ سانچێز، سەرۆکوەزیرانی ئیسپانیا درا.




لە دوابەشی کاری کۆنگرەشدا خاتوو گوڵاڵە شەرەفکەندی کادری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران توانی دەنگی متمانەی بەشداران بۆ وەرگرتنی بەرپرسایەتیی جێگری سکرتێری ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست لە بەشی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا وەدەست بێنێ.

# کۆتاییهاتنی دەورەی ٢٥٩ی فێرگە

لە ڕێوڕەسمی ڕاگەیاندنی کۆتایی دەورەی ٢٥٩ی فێرگەدا کە ڕۆژی چوارشەممە، ٢ی سەرماوەز بەڕێوە چوو، موختار سۆهرابی، بەرپرسی فێرگە وتارێکی پێشکێش کرد. بەڕێزیان وێڕای پیرۆزبایی لە بەشدارانی دەورە، لەسەر بارودۆخی هەستیاری ئێران و کوردستان پاش ڕاپەڕینی سەرانسەریی ژینا و ئەرک و زەرووڕەتەکانی بەردەم بزووتنەوەی سیاسیی کورد و بەرپرسایەتیی پێشمەرگانە بۆ بەشداران دوا.

لە برگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا چەند بەشداربوویەکی دەورە کە توانیبوویان لە تاقیکارییە سیاسی و نیزامییەکانی دەورەدا ئاستی بەرز وەدەست بێنن، خەڵات کران.



پۆلێکی دیکە لە لاوانی نیشتمانپەروەر و خەباتکاری کورد هاتنە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە.

پۆلێکی دی لە کوڕان و کچانی بەوەج و ئەرکوەخۆگری کوردستان کە بۆ خەبات و تێکۆشانی نەتەوەیی و سیاسیی خۆیان ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان هەڵبژاردووە، پاش پەروەردە و ڕاهێنانیان لە دەورەی ٢٥٩ی فێرگەدا، بەڕەسمی بەرگی پێشمەرگایەتییان پۆشی و لە ڕیزەکانی ئەم حیزبەدا سازمان دران.

بەر لە ماڵاوایی

# حکوومەت نیزامیی ڕانەگەیەندراوی ئێران لە مەهاباد و بۆکان



ئەنوەر سوڵتانی

ماوەی حەوتوویەکە هێزی سەرکوتکەری ئایەتوڵڵاکانی ئێران بە چەک و کەرەسەی قورسی سوپاییەوە گەیشتوونەتە ئەو دوو شارەی موکریان، دەروازەکانی هاتوچۆیان داگیر کردووە، هاموشۆی خەڵک و هاوردە و بردەی شتومەکیان خستۆتە بەر چاوەدێریی توندوتیژ؛ بە شەقامەکاندا دەگەڕێن، بەبێ هۆکار خەڵک ڕادەگرن و دەیانپشکنن؛ تەلەفونی مۆبایلی خەڵک بەتایبەت لاوەکان زەوت دەکەن، جنێویان پێ دەدەن و سووکایەتییان پێ دەکەن، ماڵان دەگەڕێن، هەرکەس بخوازن دەیگرن، هەواڵی دەستدرێژیکردنە سەر گیراوە کوردەکانی نێو زیندانی ورمێ و زیندانە لەپاولەپەکانی دیکەی کوردستانیش کەم نییە.

سەربازانی ئیمامی زەمان بەتایبەت لەو دوو شارەدا بەرگری لە کردنەوەی دووکانان دەکەن و ناهێڵن بژیو و پێداویستیی ڕۆژانە بە خەڵک بفرۆشرێت، نانەواخانەکان قەرەباڵغن و سوپای داگیرکەر و بەسیج لە سەفی نان‌دا سووکایەتی بە خەڵک دەکەن و لێیان دەدەن؛ دابینکردنی دەرمانی نەخۆش و بریندار گەلێک ئەستەمە، شیری منداڵ و کەرەسەی پاک و خاوێنی کەمتر دەست دەکەون و ئەگەریش هەبن، گرانە. ئینترنێتیان بڕیوە و تەلەفونی مۆبایلی خەڵک کار ناکەن کە بتوانن وێنە و فیلمی ئەو زۆرداری و ملهوڕییانە بگرن و بڵاوی بکەنەوە. لەئەنجامدا، هەواڵەکان ناگەنە دەرەوە و میدیاکان لە ڕاگەیاندنی ئەو بارودۆخی نالەبارە بێدەنگن. پڕۆژەی ڕژیم بریتییە لە برسی و موحتاج ڕاگرتنی خەڵک و نەگەیشتنی دەرمان بە نەخۆش و برینداران بۆ ئەوەی بە خەیاڵی خۆیان گەلەکەمان بە چۆکدا بێنن و کەسایەتی و شانازییەکەی تێک بشکێنن.

بەگشتی بارودۆخێک بەسەر شارەکان و ناوچەی دەوروبەریاندا زاڵە کە تەنیا دەکرێ بە داگیرکەریی هێزی لاوەکی بۆ سەر وڵاتێک بشوبهێندرێ. کەس نییە بەدەنگی خەڵکەکەوە بێت، هیچ کوردێک لە دەسەڵاتداریەتی ئێراندا نییە و ئەوانەی وا بە قسە نوێنەری خەڵک لە پەڕلەمانن متەقیان لێ بڕاوە تەنانەت لە مەجلیسی دەستنێژی خامنەییشدا دەنگێکی ناڕەزایی هەڵنابڕن نەکا پۆست و مەقامە ناحەقەکەیان لەدەست بچێت و مووچە و مانگانەیان بکەوێتە مەترسییەوە.

لەو هەلومەرجە نالەبارەدا ئەرکی دەزگا ڕاگەیاندنەکان، بە تایبەت ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە دەرەوەی وڵات گرنگتر لەجارانە، ئەوان دەتوانن ببن بە دەنگی خەڵکە بێدەنگکراوەکە و هاواریان بە جیهان و بە تایبەت بە نێردەی تایبەتی یووئێن بۆکاروباری ئێران و کومیتەی تەحقیقی نەتەوەیەکگرتووەکان ڕابگەیەنن.

لە ڕۆژانی ئەو توندوتیژی نواندنانەی ڕێژیمدا سەرۆککۆماری گەمژەی دەستنێژی خامنەیی بۆ بەلارێدابردنی سەرنجی بیروڕای گشتی لەو جینایەتانەی مەئموورەکانیان لە موکریان دەیکەن، چۆتە شاری سنە و لەبەردەم هەندێک جاش و «مەئمووری مەعزوور»دا وتاری زانایانە و بلیمەتانەی فەرمووە؛ وەک هەمیشە، تاوانی ناتەواوییەکانی خستۆتە ئەستۆی «ضدانقلاب» و سیستمە دز و خوێڕییەکەی خۆیانی کردۆتە دایکی میهرەبانی گەلی کورد- هەر ئەو گەلەی وا چەند کیلۆمەتر ئەولاوەتر، لە بۆکان و مەهاباد بە دەست سەربازەکانی ئیمامی زەمانی خۆیەوە ئەو ڕەنجە دەکێشن کە دەیکێشن.

ئەمڕۆ، ئەرکی هەموو دەزگایەکی هەواڵدەریی کوردی و بە گشتی هەموو تاکێکی کورد لە دەرەوەی ئێرانە لە بەرانبەر ئەو داگیرکەری و پێشێلکرانی مافە سەرەتاییانەی خەڵکی ئەو دوو شارە و هەموو شار و گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێدەنگ و بێ هەڵوێست نەمێنن و ئەوەی لەدەستیان دێت بۆ یارمەتیدانی خەڵکە بێتاوانەکە درێغی نەکەن.

سەرکەوتن هی گەلەکەمانە و شەرمەزاری بەشی خامنەیی جەللاد و نۆکەرەکانیەتی.